# شۆڕشی کولتووریی چین

دێڤید پیترۆزا

# شۆڕشی کولتووریی چین

وەرگێڕانی

هەژار رەحیمی

پێداچوونەوە و سەرپەرشتی

زنار تەها تەحسین تەها

له: انقلاب ب فرهنگی چین
دیوید پیتروزا ت: مهدی حقیقت خواه
ققنوس – تهران ١٣٨٥ وەرگێردراوە

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **شۆڕشی کولتووریی چین**

- نووسینی: دێڤید پیترۆزا
- وەرگێڕ له فارسییەوە بۆ کوردی: هەژار رەحیمی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- پیتچنین: کاوە
- بەرگ: مراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: ٥٣٠
- نرخ: ٢٥٠٠ دینار
- چاپ:یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٧٧)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com



## ناوەڕۆك

| | |
|---|---|
| ڕووداوە گرنگەکان لە مێژووی شۆڕشی کولتووریی چین دا | ١ |
| پێشەکی: بەدوای خۆشبەختتردا | ٣ |
| ١- رۆژهەڵات سوورە | ٩ |
| ٢- کەلێن لەنێو رێبەریی چین دا | ٢٥ |
| ٣- دەستپێکی شۆڕشی کولتووری | ٣٥ |
| ٤- گاردە سوورەکان، تیرۆری سوور | ٤٩ |
| ٥- سەردەم هەڵدەگەڕێتەوە | ٦١ |
| ٦- مردنی لین پیاو | ٧٣ |
| ٧- چین، دوای شۆڕشی کولتووری | ٩١ |
| پەراوێزەکان | ١٠٥ |
| بۆ زانیاری زیاتر | ١٠٩ |
| بەرهەمە ژێدەرەکان | ١١٠ |

## رووداوە گرنگەکان لە مێژووی شۆڕشی کولتووری چین دا

**١٩١١:** زنجیرەی چینگ، بنەماڵەی پاشایەتی چین، لەنێو دەچێت (١٠ ی تشرینی یەکەم).

**١٩٢١:** مائۆ بەشداری لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی چین دا، دەکات (٢١ ی تەمووز).

**١٩٣٤ ـ ١٩٣٥:** ڕێپێوانیێ دوور و درێژ ــ پاشەکشەی حەماسی ماۆ لە بەرامبەر سوپای کۆئۆمینتانگدا ــ ڕوودەدا.

**١٩٣٨:** ماۆ لەگەڵ جیان چینگ دا ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێ.

**١٩٤٩:** ماۆ لەدەست بەسەراگرتنی سەرزەوی ڕەسەنی چین دا، ڕێبەرایەتی کۆمۆنیستەکان دەکات و ناوی وڵاتەکەش دەنێتە، کۆماری گەلی چین.

**١٩٥٨:** ماۆ (پەڕینی مەزن بەرەو پێشەوە) ڕادەگەیەنێت. (٥ ی مایس).

**١٩٥٩:** ماۆ کۆتایی دێنێ بە (پەڕینی مەزن بەرەوپێشەوە). لیۆشاۆچی لە باتی ماۆ دەبێتە سەرۆکی کۆماری گەلی چین. لین پیاۆ، دەبێتە وەزیری بەرگری.

**١٩٦٥:** شانۆنامەی (لابردنی های جۆی) لە بلاوکراوەکاندا، دەکەوێتە بەر ڕەخنە (١٠ ی تشرینی دووەم)، کە خاڵی سەرەتای شۆڕشی کولتوورییە. لۆو ڕویچینگ لەماڵەکەی خۆیدا دەست بەسەر دەکرێ. (١٥ ی کانوونی یەکەم)

**١٩٦٦:** لین پیاۆ، جیان چینگ وەك ڕاوێژکاری کولتووری هێزە چەکدارەکان دیاری دەکات. سوپای ئازادیبەخشی گەل، پەکین داگیر دەکات (ئازار). پێنگ چن پاکسازی دەکرێ (١٦ ی مایس). نیە یوان زی، یەکەمین پۆستەری بەناوبانگی خۆی بلاودەکاتەوە. (٢٥ ی مایس). یەکەمین یەکەکانی سوپای سوور لە زانکۆکانی چیندا، سەرهەڵدەدەن (٢٩ ی مایس). لین پیاۆ دووەمین پلە لە حیزبدا بەدەست دێنێ. پلەی لیۆشاوچی دادەبەزێت. (ئاب).

**١٩٦٧:** توندڕەوەکان وەزارەتی دەرەوە، دەگرنە دەست (١٨ شوبات). (دنگ شیاۆپینگ) لە سکرتێری لادەبرێ. شۆڕشە ناوچەییەکانی سوپای ئازادیبەخشی گەل لە (ووهان) دا (حوزەیران).

**١٩٦٨:** لیۆشاۆچی، لە حیزبی کۆمۆنیستی چین دەردەکرێ (١٣ ی تشرینی یەکەم).



**١٩٦٩:** لین پیاۆ لە کۆنگرەی نۆیەمی حیزبدا، بۆ جێنشینی ماۆ، دیاری دەکرێ (١٤ نیسان).

**١٩٧١:** مردنی لین پیاۆ (١٢ ی ئەیلول).

**١٩٧٥:** دنگ شیاۆپینگ، دەبێتە جێگیری یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی چین (کانوونی دووەم). کانگ شنگ دەمرێت (١٦ی کانونی یەکەم).

**١٩٧٦:** مردنی ماوتسە تونگ (٩ی ئەیلول). هوا گوفنگ دەبێتە سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی چین، دارودەستەی چوار کەسە دەست بەسەر دەکرێن (١٦ ی تشرینی یەکەم).

**١٩٧٧:** دنگ شیاوپینگ تەواوی پۆستە حیزبیەکانی بەدەست دێنێتەوە (تەمووز).

**١٩٧٨:** بزووتنەوەی دیموکراسی دەست پێدەکات. (تشرینی دووەم).

**١٩٨٠:** هوا گوفنگ دەست لە پۆستی سەرۆك وەزیری دەکێشێتەوە. زاو زیانگ دەبێتە سەرۆك وەزیر (ئەیلول).

**١٩٨١:** هواگوفنگ دەست لەسکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی چین، دەکێشێتەوە.

**١٩٨٢:** دنگ شیائوپینگ دەبێتە سەرۆکی کۆمسیۆنی ڕاوێژکاری ناوەندی. هۆیاو بانگ دەبێتە سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی چین.

**١٩٨٧:** زائوزیانگ دەبێتە جێگیری هۆیاوبانگ، لەپلەی سکرتێری گشتی دا(١٦ ی شوبات).

**١٩٨٩:** مردنی هویاوبانگ (١٥ ی نیسان). ڕێپێوانی گۆڕەپانی تیان ئان مێن سەرکوت دەکرێ (٤ ی حوزەیران). جیان زێمین دەبێتە جێنشینی زاوزیانگ لە پلەی سکرتێری گشتی دا.

**١٩٩٣:** لی پینگ، سەرلەنوێ وەك سەرۆك وەزیران هەڵدەبژێردرێتەوە. جیان زێمین وەك سەرۆك کۆمار دیاری دەکرێ.

# پێشەکی:

## بەدوای میللەتێکی خۆشبەختتردا

لە دەیەی ١٩٦٠ دا، شۆڕشی کولتووری پڕ لە توندوتیژی ماوتسە تونگ، کۆماری گەلی چینی خستە ناو دەیەیەك ئاشوبی هەمەلایەنەی بێ وێنە و دڕندانەوە. هەوڵی ماو بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی بەربڵاو بۆ مەبەستی بەکردەیی کردنی تێگەشتنێکی رایکاڵ بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، گیانی ملیۆنان کەسی کردە سووتەمەنی و ملیۆنەها کەسی دیکەش، زیندانی کران یا ئەشکەنجەدران.

بەڵام بۆ تێگەیشتن لە شۆڕشی کولتووری چین پێویستە، لە نزیکەی سەدەیەك مێژوو و هەزاران ساڵ کلتووری چین، بگەین.

سەردەمانێك چین پێشکەوتووترین وڵاتی دنیا بوو. لە سەردەمی بنەماڵەی هان دا (٢٠٢ پ.ز ـ ٢٢٠ ز)، کاتێك کە بەشە سەرەکییەکانی ئەوروپا و تەواوی کیشوەری ئەمریکا لە بەربەرییەتدا بوون، چینییەکان شتگەلێکی نوێی وەك کاغەز و تەنانەت یەکەمین (ئامێری ڕێختەر)یان بەدی هێنان. ئیمپراتۆرەکانی چین بەسەر ناوچەیەکی فراواندا حوکمیان دەکرد و کولتووری چینی زۆر لەسەرەوەی کلتووری وڵاتە ئەوروپاییەکانەوە بوو. دوای ئەوەی کە شۆڕشی پیشەسازی ئابووری ئەوروپای بەتوندی بەهێزکرد، ئەم هەلومەرجە گۆڕا. لەم نێوەدا چین نەك تەنیا بەرەو پێشەوە نەچوو، بەڵکو وەدوای ڕۆژئاواش کەوت. تاسەدەی نۆزدەم چین لەسەردەمی بێهێزی و داکشانێکی جدیدا بوو.

وەرزێر و کرێکارە چینییەکان، لە هەژاری و ستەمێکی ترسناکدا رەنجیان دەکێشا. خاوەن زەوی و خاوەن کاسبیەکان دەوڵەمەند دەبوون، لەحاڵێکدا کە ملیۆنەها چینی ئاسایی ژیانێکی هاوڕێ لەگەڵ هەژاری و ناخۆشییان هەبوو. لەسەدەی نۆزدەم دا و لافاوگەلێکی مەزن لە چینیان دا و هەلومەرجە دژوارەکەیان دژوارتر کرد.

وڵاتە دەستدرێژیکارە رۆژئاواییەکانی وەك بەریتانیا و فەرەنسا، بەتەواوی سوودیان لە کێشەکانی چین وەرگرت و بەشێك لە زەوی چینیان داگیرکرد و زاڵ بوون بەسەر ئەو بەشانەشدا کە داگیریان نەکردبوون. وەها هەڵسوکەوتێك جۆرێك هەستی نەتەوەخوازی لە نێوان خەڵکی چین دا بەدی هێنا، بە جۆرێك کە ئارەزوویان ئەوەبوو، لە ژێر دەستی دەسەڵاتی بیانی رزگاریان بێت.



## بەڵێنەکانی کۆمۆنیزم

لە ١٩١١ دا، حکوومەتی گەندەڵ و کۆن و ناشایستەی پاشایەتی هەرەسی هێنا. چینییەکان ئامانجەکانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمیان وەك ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانەوەی کۆنترۆڵی وڵاتەکەیان و بەرەو باشتربردنی ژیانی خەڵکی ئاسایی چین، چاولێ دەکرد. کۆمۆنیزم بەڵێنی دەدا، کە زەوی بداتە جووتیارەکان بۆ کشتوکاڵ و بۆ کرێکارەکانیش هەلومەرجێکی باشتر بەدی بێنی، کە لە کارگە چکۆلە، بەڵام لە حاڵی پەرەسەندنەکان دا کاریان دەکرد. لە ١٩٢١ ەوە، حیزبی کۆمۆنیستی چین بە ڕێبەریی ماو بەڵێنی دەدا، کە جولانی رووەو نەمانی چین راوەستێنێ، وڵات لەژێر دەستی بێگانەکان ئازاد بکا و حکوومەتی گەندەڵیش لەنێو ببات. شەڕێکی ناوخۆیی توند لەنێوان کۆمۆنیستەکان و نەتەوەخوازەکانی چیندا، لەسەر دەسەڵات سەری هەڵدا. ئەم شەڕە لەساڵی ١٩٤٩ دا کۆتایی پێهات و ماو و هاوڕێکانی لەحیزبی کۆمۆنیستدا، زاڵبوون بەسەر تەواوی خاکی سەرەکیی چین دا زاڵبوون. بۆ ماوەیەك زۆرێك لە چینییەکان وایان هەست دەکرد، کە کۆمۆنیستەکان سەردەکەون کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، جێگیر و خۆشگوزەرانتر بەدی بێنن.



**لە کۆتایی شەڕی ناوخۆیی توند لە چین دا، دانیشتووانی شانگهای بەهەڵگرتنی پۆستەرێکی ماو لە شەقامەکاندا، بۆ سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان ئاهەنگ دەگێڕن**

تاسەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠، حیزبی کۆمونیستی چین زیاتر لە دەیەیەك بوو کە لە سەر دەسەلاّت بوو. لەم کاتەدا شێوەیەکی بیرکردنەوەی کردەیی تر و کەمتر شۆڕشگێڕیی خەریك بوو، دەبووە جێگرەوەی سۆسیالیزمی پڕشەوق و گەرم و گوڕی ساڵە یەکەمینەکانی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیزم. هاوبەش کردنی (ئیشتراکی کردن) زۆرێك لە دامەزراوە چینییەکان، رەنگە لەڕوانگەی ئایدۆلۆژی ماوییستییەوە باش بووبێ، بەلاّم ئەم هزرە، هەمیشە لە کردەوەدا سەرکەوتوو نەبوو. زۆرێك لە رێبەرانی چین، ئیتر باوەڕیان بەوە نەبوو کە سۆسیالیزمی رادیکاڵی شێوە ماویی، بتوانێ وەلاّمدەری کێشەکانی چین بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە هەندێ لەبەرنامەکانی، وەك (بازدانی گەورە بەرەوپێشەوە)، نەك تەنیا نەیتوانی ئابووری ولاّت چاك بکات، بەڵکو تەنانەت فەوزا و قاتوقڕیگەلێکی ترسناکیشی بەدی هێنان. کاربەدەستگەلێکی میانڕەوی وەك لیۆ شاوچی، سەرۆك کۆماری چین، و جێگرە زۆر لێهاتووەکەی دنگ شیاوپینگ، روانگەی رادیکاڵی ماویان خستەلاوە و دەستیان کرد بەجێبەجێکردنی بەرنامە کردەییەکانی خۆیان.



سەربازە گەنجە ماویستەکان لە ساڵی ١٩٦٦ دا، ((کتێبی سووری)) ماو نیشان دەدەن، کە نمایشێکە لە سروشتی تاڕادەیەك شێوەپەرستنی خۆشەویستی ماو لەنێو خەڵکدا.

لە ١٩٦٥ دا، شەڕێکی زۆر توند لەسەر دەسەلاّت لە چیندا دەستی پێکرد، کە نزیکەی دەیەیەك درێژەی کێشا و لە ١٩٦٦ دا رێبەری چین بەفەرمی، ناوی (شۆڕشی کولتووری) لێ نا. ماو هەوڵیدا، لەڕێگەی شۆڕشی کولتوورییەوە، خەڵك، وەرزێڕ، کرێکار و بەتایبەت خوێندکار و قوتابییەکان، بەدژی دوژمنەکانی لە حیزبی کۆمۆنیست و دەزگای دەوڵەتیدا، بەسیج بکات. دژبەرەکانی ماو، لەوان لیۆ شاوچی، دنگ شیا وپینگ و پەیڕەوەکانیان، سەرەڕای نفووز و پلە بەرزەکەیان، لەسەر کار لابران.



شۆڕشی کلتووری بەڵێنی بەخەڵکی چین دەدا، کە نەك تەنیا چەوسانەوەی کرێکار و وەرزێرەکان لەلایەن خاوەن زەوی و سەرمایەدارەکانەوە کۆتایی پێدێت، بەڵکو شۆڕش بەخێراییەکی سەرسوورهێنەر بۆ پێشەوە دەچێت و کرێکار، وەرزێر و رۆشنبیرەکان لە کۆمەڵگادا بەیەکسانییەك دەگەن، کە لە چینی بەر لەکۆمۆنیزم، یا تەنانەت لە سەردەمی حکوومەتی کۆمۆنیستەکانیش دا، قەت وێنەی نەبووە و سەرەنجام کۆمەڵگای بێ چین (طبقة) بەدی دێت. خەڵك هێشتا بێ ئەندازە باوەڕیان بە ماو هەبوو و باوەڕیان بەوە دەکرد، کە سەرەنجام ئەم ئاڵوگۆڕە مەزنانە روودەدەن.

## شوێنکەوتووە دۆگمەکان


بەلاّم ئامانجەکانی شۆڕشی کولتووری زۆر بالاّتربوون لە کارکردەکانی. ماویستە دلڕەقەکان، بەناوی شۆڕشی کولتوورییەوە، سەدان هەزار کاربەدەستی پلە بالاّو و کەسی ئاساییان، بەئاشکرایی خستنە بەر سووکایەتی و گاڵتەپێکردنەوە و ناچاریان دەکردن، کەبەخەفەت و زەلیلییەوە دان بەتاوانە نەکردووەکانیاندا بنێن. سەربازەکانی سوپای سوور، دۆگمترین پەیڕەوە گەنجەکانی ماو، لەشەقامەکاندا بەڕێ دەکەوتن، دروشمیان دەدا، بەشەوقەوە نوسخەگەلێك لە نووسینە هەڵبژێراوەکانی ماویان رادەوەشاندن و بە بێ بەزەییەوە دوژمنە سیاسی و تایبەتییەکانی خۆیانیان دەدانە بەرتانە و تەشەر.

بەلاّم ئەو کاتەی کە ماو رکەبەرەکانی خۆی سەرکوت کردن و سەرلەنوێ دەسەلاّتی گرتەوە دەست، بەزیرەکییەوە دووپاتی کردەوە، کە ئەو ئاشوبە بێمانایەی کە شۆڕشی کولتووری و سوپای سوور خوڵقاندبوویان، دەبێ کۆتایی پێبێت. ئەو بۆ سەرکوتی پشتیوانە وەفادارەکانی خۆی- سوپای سوور – سوودی لە لین پیاۆ و سوپای ئازادیبەخشی گەل وەرگرت. سوپای ئازادیبەخش سوپای سووری کۆنترۆڵ کرد و زۆرێك لەوانی بۆ ژیان، ناردنە ناوچەی گوندییە دووردەستەکانی چین، کەلەوێدا لەگەڵ هەلومەرجێکی دژواردا بەرەوروو بوونەوە.

دوای مردنی ماو لە ١٩٧٦ دا، دنگ شیاۆپینگ و ئەوانیتر، دەستیان دایە چاکسازی ئابووری زیاتر، بەلاّم ئامادە نەبوون کە ئازادی سیاسی بدەن بەخەڵکی چین. لە ١٩٨٩ دا،

گرووپی ژێر ڕێبەرایەتی (دنگ) بزووتنەوەی نارەزایەتی پەرەسەندووی دیموکراسییان سەرکوت کرد. ئەمڕۆ، نزیکەی پێنج دەیە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی ماو، هێشتا خەڵکی چین چاو لەڕێی ئازادی سیاسی راستەقینەن.

شۆڕشی کولتووری، هەم بزوتنەوەیەکی بەربڵاوی گەنجانەی ئارمانجخوازانە بوو کە پێداگربوو بۆ بەدەست هێنانی یەکسانی و هەم هەوڵێکی بێبەزەییانەش بوو لەلایەن ماو و هاوپەیمانەکانییەوە، بۆبەهێز کردنی دەسەڵاتی تایبەتی خۆی. ئەم شۆڕشە ژیانی ملیۆنەها کەسی تێکدا. ملیۆنەها کەس لە قوربانییەکانی هێشتاش لە رەنجە بەرهەمهاتوو لە توندڕەوی و دەستدرێژکارییەکانی ئەو شۆڕشە، رزگاریان نەبووە.



(١)

## رۆژهەڵات سوورە

تێپەڕینی چین لە پاشایەتی دەربەگایەتییەوە بۆ کۆماری مۆدێرن، بەهیچ شـێوەیەك ئـارام و بێ دەردەسەری نەبوو. خەڵکی چین خوویان بــە دیموکراسـییەوە نـەگرتبوو: ئیمپراتـۆر و خـاوەن زەوییەکان لە دێرزەمانەوە، دەسەڵاتیان بەسەر سیاسەتی وڵاتـدا هــەبوو. لـەیازدەمی تـشرینی یەکەمی ١٩١١ دا، سوپای چین، پاشایەتی کۆنی چینی لەناوبرد. چین بوو بـە کۆمـاری، بـەڵام دەسەڵاتی ناوەندی هەرەسی هێنا و جەنەڕاڵ و فەرماندە ناوچـەییەکان دەسـتیان گـرت بەسـەر ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا.

لـە شـانگهای دا، گرووپێـك لـە رۆشـنبیرە خوێنـدەوارەکان لـە سـاڵی ١٩٢١ دا حیزبـی کۆمۆنیستی چینیان دامەزراند. رێبەرەکانی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کـە دەیانهـەوێ ژیـانی کرێکار و وەرزێڕەکـان چـاك بکـەن، بـەڵام، بەگوتـەی راس تێریـل لـە (ژیاننامـەی مـاو) دا، «لەنێویان دا یەك کرێکار و یەك وەرزێـڕ نـەبوو.»[1] لـەنێو سـێزدە دامەزرێنەرەکـەی حیزبـی کۆمۆنیستی چین دا، بەڕێوەبەرێکی بیست و شەش ساڵەی قوتابخانەیەکی سـەرەتاییش بـەناوی ماوتسەتونگ، هەبوو.

### ماو

پێشینەی بنەماڵەیی ماو بەتەواوی (سووك و چروکانە) بوو. ئـەو لـە سـاڵی **١٨٩٣**دا، لـە بنەماڵەیەکی وەرزێری لە پارێزگای هونان دا لە دایك بوو. ماوەیەکی کورت لە سوپادا خزمەتی کرد، سوپایەك کە یارمەتی دا بە لەناوبردنی بنەماڵەی پاشایەتی چین. ماو دواتر لە پـەیمانگای مامۆستایانی هۆنان دەرچوو و ماوەیەکی کورت وەك یاریدەدەری کتێبخانە لە زانکـۆی پـەکین دا، کاری کرد. تا ١٩١٩، بەتەواوی چووە ناو چالاکی رادیکاڵی سیاسـییەوە و گـەڕابووەوە بـۆ

هونان و لەوێ بۆ دەستڕاگەشتین بە ئامانجە سیاسییەکەی، واتە شۆڕشی کۆمۆنیستی، چالاکی دەکرد.

سەرەڕای ئەوەی ماو یەکێك بوو لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین، بەڵام نفووزێکی زۆری لەوێدا نەبوو. دەسەڵاتی راستەقینە لە حیزبدا، لە دەستی رێبەرە نیشتەجێیەکانی شانگهای و لایەنگرەکانی سۆڤیەتدا بوو ــ لە حیزبی کۆمۆنیستی چین دا ــ کە دابینکەری دارایی حیزب بوون و لەبەرامبەریشدا، هەستیان بەوە دەکرد، کە حەقیانە بۆ کاربەدەستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین، فەرمان دەرکەن.




ماو هەروەها باوەڕگەلێکی هەبوون کە لە پێوەندی لەگەڵ رێبەرەکانی حیزبدا، کێشەخولقێن بوون بۆی. بۆ نموونە، جۆزێف ستالین، رێبەری سۆڤیەت، کەیفی بەماو نەدەهات. ماو



سەردمانێك وەبیری هاتەوە کە ستالین بە «شێلمێکی {ناودەبرد}... کە دەرەوەی سوورە (کۆمۆنیست) و ناوەکەشی (دواکەوتوو)»[٢] سپی. ماو باوەڕی وابوو وەرزێرەکان، کە بەشێکی زۆر سەرەکی دانیشتووانی چینیان پێکدەهێنا، گرنگییان بۆ سەرکەوتنی کۆمۆنیزم زۆر زۆرترە لە چینی کرێکاری شاری، کە ئەگەرچی لە حاڵی پەرەدابوو، بەڵام هێشتا بچووك بوو. ماو لە ئەیلولی ١٩٢٦ دا، وتارێکی بەناونیشانی «شۆڕشی نەتەوەیی و بزوتنەوەی وەرزێریی» نووسی، کە تێیدا پێداگریی کرد «لە شۆڕشی نەتەوەییدا، مەسەلەی وەرزێری مەسەلەی سەرەکییە»[٣] لەڕوانگەی زۆرێك لە ئەندامە مارکسیستەکانی حیزبەوە، بەرنامەی ماو لادان(نوێگەریی) بوو. بەپێی لێکدانەوەی ئەوان، ئەوە چینی کرێکار بوو، کە دەبوو شۆڕشی رێبەری کردبا.

## شەڕی دەسەڵات

کاتێك کە ماو هاوکاری دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی چینی کرد، ئەم حیزبە بە شێوەیەکی فەرمی بەشێك بوو لە (بەرەیەکی یەکگرتوو بەرێبەری) کۆومینتانگ، حیزبێك کە لە ساڵی ١٩١١ دا دامەزرا نفووزی دەرەکی لەناو چیندا لەنێوبەرێت و حیزبێك کە رێبەرییەکەی بۆ ساڵەهای ساڵ لە ئەستۆی چیان کایشیك، یەکێك لە فەرماندە لاوەکانی سوپادا، بوو. بەڵام کۆومینتانگ و حیزبی کۆمۆنیستی چین، زۆری نەخایاند کە رێگاکەیان لەیەکتری جیاکردەوە. هەرچەند حیزبی کۆمۆنیستی چین زیاتر پەرەی دەسەند، بەرزفڕینەکانیشی زیاتر دەبوون – کە هەم مایەی نیگەرانی مۆسکۆ و هەم کۆومینتانگیش بوو. کۆومۆمینتانگ لەوە دەترسا کە حیزبی کۆمۆنیستی چین هەوڵ بدات، کۆنترۆڵی سەرزەوییەکانی چین بگرێتە دەستەوە، کە لە دەستی شەرکەرەکان رزگاری کردبوون. کۆومینتانگ، ئیدی ئامادە دەبوو بۆ ئەوەی، کە حیزبی کۆمۆنیستی چین سەرکوت بکات.

حیزبی کۆمۆنیستی چین لە ساڵی ١٩٢٧ دا، کۆنترۆڵی شانگهای، گەورەترین شاری چینی، بەدەستەوە گرت. (جۆن بایرۆن و رۆبێرت پەك) لە (پەنجەکانی ئەژدیها) دا دەنووسن: «ڕێبەرە کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سەرکەوتن بەسەر دام و دەزگای حکوومەتی شەڕاوی لە شانگهایدا، دەستپێکی جۆششێکی شۆڕشگێڕییە کە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی نوێ، بەدیاری دێنێ»[٤]. چیان کایشیك ڕاست هەر لەمە دەترسا ـ لە سۆڤیەتییەکانیش دەترسا. بەدگومانی ئەو لەخۆڕا نەبوو. ستالین ڕێبەری سۆڤیەت، لە بارەی (چیان کایشیك) ەوە بەشێوەیەکی تایبەتی گوتبووی: «ئێمە وەك لیمۆیترش دەیگوشین و پاشان لە دەستی ڕزگارمان دەبێت»[٥]. (چیان کایشك) ی دژە کۆمۆنیست، بە هاوکاری لایەنە خراپکارەکانی شانگهای کە بە (گرووپی سەوز) بەناوبانگ بوون، دەوڵەتی (هاووڵاتییەکان) ی حیزبی کۆمۆنیستی لە شانگهای تێك شکاند. ئەم ڕووداوە سەرەتای پاککردنەوەی توندوتیژئامێز و بەرنامە بۆ داڕێژراوی کۆمۆنیستەکان بوو لە کۆمینتانگ.



**ماو تەنانەت لە لاویشدا هەڵپەرەست بوو و بە دوای ئەو ڕێگایانەوە بوو، تا بۆ خەبات لەگەڵ دەسەڵاتی کۆمینتانگدا، ڕێکخراوێکی دژبەر دابمەزرێنێ.**

## سەرهەڵدانی ماو بۆ دەسەڵات

لە چەندین ساڵی دواتردا، دەوڵەتی ناوەندی چین کە لە کۆنترۆڵی کۆمینتانگ دا بوو، ماو و کۆمۆنیستەکانی، لە حاڵەتی بەرگریدا هێشتنەوە. پۆلیسی نهێنی کۆمینتانگ دزەی کردە ناو ڕێکخراوی نهێنی حیزبی کۆمۆنیستەوە و ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرەکانی حیزبی گرتن. هەل و مەرجی نهێنکاری، پیلانگێڕی بێکۆتا، گومانی خراپی تەواو، لەنێو ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی چیندا حاکم بوون. وەها ڕوانگەگەلێك تا ماوەیەکیش دوای سەرکەوتنی



کۆمۆنیستەکانی چین بەسەر چیان کایشك لە ١٩٤٩ دا هەر بەردەوام بوو، بەتایبەتی لە بارەی کەسانێکەوە، کە لەلایەن کۆمینتانگەوە گیرابوون و پاشان ئازاد کرابوون.

دوای ئەوەی کە پۆلیسی نهێنی کۆمینتانگ، کۆمۆنیستەکانی لە شانگهای و شارە گەورەکانی تردا لەنێوبردن، نفووزی ڕێبەرە گوندییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین ـــ وەك ماوتسەتونگ ـــ پەرەی سەند.

## «شۆڕش ئێوارە خوان نییە»

ماو لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە تەنیا ڕێگەی گەیشتن بەسەرکەوتن بەسەر کوومینتانگ دا، بەکاربردنی توندوتیژی و هێزە. ئەو لە ١٩٢٧ دا نووسی:

شۆڕش ئێوارە خوان، یا نووسینی وتارێك، یا وێنەکێشانێك، یا ئەنجام دانی گوڵ دۆزی نییە؛ ناتوانێ وەها ڕازاوە، وەها ئارام و هێمن، وەها میهرەبان، وەها میانڕەو، خۆش ڕەفتار، کۆنترۆڵ کراو بێت. شۆڕش جۆرێك ڕاپەڕین، کردەیەکی توندوتیژی هێنەرە، کەبەهۆیەوە چینێك، چینێکی تر لەناو دەبات.[٦]

لەگەڵ بێهێزبوونی پێگەی حیزبی کۆمۆنیستی چین لە شارەکاندا، ماو و ئەوانیتر نەك تەنیا دەستیان دایە ڕاکێشانی لایەنگر لە ناوچە گوندییەکاندا، بەڵکو سوپایەکی بچووکی لێهاتووی وەرزێڕیشیان بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ کۆمینتانگ و دەست پێکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستی، پێکهێنا.

ماو هەروەها پشتیوانی زۆرێك لە پیشەگەر و کارزانەکانی چینی ناوەڕاستی، بە ورووژاندنی هەستی نیشتیمانپەرستی و باوەڕ پێ هێنانیان بەوەی کە حیزبی کۆمۆنیست، باشترین ئومێدیانە بۆ ڕزگارکردنی چین لە دەسەڵاتی بیانی، بەدەست هێنا. ماو بە بەڕێوەبردنی سوپاکەشی بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و عادڵانە ـ کە لە نێو ژەنەڕاڵە دیکتاتۆر سیفەتەکانی چیندا شێوازێکی زۆر کەم وێنە بوو ـــ پشتیوانی زیاتری خەڵکی بەدەست هێنا. ڕاس تێریل لە(ژیاننامەی ماو) دا، ئەم شێوازە بەم جۆرە کورت دەکاتەوە: «هەر تاکێك هەستی دەکرد کە بەشێکە لە جیهادێکی گشتی.»[٧]

بەم حاڵەشەوە، دەستکەوتەکانی ماو کاریگەرییان دانەنایە سەر ڕێبەری دەستنیشانکراوی مۆسکۆ، لە حیزبی کۆمۆنیستی چیندا. لە ئازاری ١٩٢٨ دا، ڕێبەرەکانی حیزب، ماویان لەبەر بیروباوەڕەکانی لە بارەی (شۆڕشی وەرزێری) یەوە، بەتوندی سەرزەنشت کرد، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، ماو توانی درێژە بە ڕێگاکەی بدات و دواجار هێزەکەی زۆرتر بکات.

## ڕێپێوانی دوور و درێژ

لە ١٩٣٤دا، یەکەکانی کۆمینتانگ، درێژەیان دا بە هێرشەکانی خۆیان بۆ سەر هێزەکانی ماو، کە لە باشووری چین جێگیربوون و گەمارۆیان دان، بەو ئومێدەی کە کۆمۆنیستەکان، بۆ هەمیشە تار و مار بکەن. ماو بڕیاری دا لە ناوچەیەکی دوورەدەست لە باکوورەوە، سەرلەنوێ خۆی ڕێك بخاتەوە. ئەو سەد هەزار لایەنگری خۆی لە گەمارۆی سوپای کۆمینتانگ دا، ڕزگار کردن (٨٥ هەزار سەرباز و ١٥ هەزار کەسی پشتیوان). هەڵاتنی ماو لە گەمارۆی سوپای کۆئۆمینتانگ، ناسراو بە (ڕێپێوانی دوور و درێژ)، بوو بە یەکێك لە گەشتە مەزنەکانی سەردەمی هاوچەرخ.

ڕێپێوانی دووروردرێژ، بە جوڵانێکی مارپێچی ماو بە ناو چین دا، بۆ خۆدزینەوە لە سەربازەکانی کۆئۆمنتانگ لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٤ ەوە تا تشرینی یەکەمی ١٩٣٥ ی، خایاند. سەرەنجام هێزەکانی ماو لە (یانان) لە پارێزگای باکووری دوورەدەستی (شانسی) دا، ئەوەندە هەستیان بەئاسایش کرد، کە سەرلەنوێ خۆیان ڕێك بخەنەوە. سوپاکەی شەش هەزار میل (دە هەزار کیلۆمەتر) یان بڕیبوو لە یازدە پارێزگا و هەژدە زنجیرە کێو و ٢٤ ڕووبار تێپەڕیبوو. تەنیا دە لەسەدی ئەو کەسانەی کە ئەو ساڵێك پێشتر ئەم ڕێپێوانە دوور و درێژەی لە (کیانگسی) یەوە لەگەڵیان دەست پێ‌کردبوو، مانەوە. ئەوانیتر یا درێژەیان پێ‌نەدا، یا لە ئەنجامی هێرشەکانی کۆئۆمینتانگەوە، لەبەر برسێتی، ماندوویێتی و نەخۆشی، مردن. سەرەڕای ئەمەش، ئەم ڕێپێوانە سەرکەوتنێکی زۆر مەزن بوو بۆ ماو. مانەوەی ئەو، سەرەڕای کێشەگەلێکی مەزن، بەتایبەت لە نێو وەرزێڕەکاندا، ئەفسانەیەکی عەسکەری لێ پێك هێنا. سەربازەکانی ماو، بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی وەرزێڕەکان، بەردەوام پێیان دەگوتن، کە ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوا زەوییان پێدەدرێت.

بەرلە دەستپێکردنی ئەم ڕێپێوانە، ماو تەنیا یەکێك بوو لە چەند ڕێبەرە خاوەن نفووزەکەی حیزبی کۆمۆنیستی چین. لە (یانان) دا، سەرەنجام ماو وەك تەنیا فەرمانڕەوای بێ ئەملا و ئەولای کۆمۆنیزمی چینی دەرکەوت. هیچ کام لە ڕێبەرە کۆمۆنیستەکانی شانگهای، ڕێبەرییەکەی ئەویان نەدەخستە ژێرپرسیارەوە و لەمۆسکۆشەوە هیچ کەسێك نەیدەتوانی فەرمانی بەسەردا بکات. ماو پێگەی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی بەدی هێنابوو، کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی دژەی تێبکات.

ماو وەك کۆمینتانگ، میتۆدی خۆی لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دژبەرو بەکرێگیراوەکانی کۆمینتانگ و ژاپۆن بنیات نا. بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی حیزبی



کۆمۆنیست لە یانان دا، بە سەرۆکایەتی هۆشمەندانە، بەڵام بێبەزەییانەی کانگ شێنگ دا، بۆ وەگرتنی دانپێدانانی، سوودی لە ئەشکەنجە وەردەگرت و ڕکەبەرەکانی دەخستنە ژێر چاوەدێری و بەداوداچوون ئازارەوە. لە شوباتی ١٩٤٢ دا، بزووتنەوەی پاکسازی حیزب، سەرلەنوێ لەژێر ڕێبەرایەتی کانگ شێنگ دا، بۆ لەناوبردنی هەرکەسێك، کە پلە و پایەی ماوی دەبردە ژێر پرسیارەوە، دەستی دایەوە ئەشکەنجە و زیندان. ماو ببوو بە دیکتاتۆری حیزبی کۆمۆنیستی چین.


## جەنگی چین و ژاپۆن

لەگەڵ ئەوەی کە ماو لە بنکە نوێیەکەی، لەیانان دا جێگیربوو، چین لەگەڵ هەڕەشەیەکی نوێدا ڕووبەڕووبووەوە. ژاپۆنییەکان کە لە ١٩٣١ ەوە، دەستیان بە داگیرکردنی مەنچوری، ناوچەی باکووری چین کردبوو، تا ١٩٣٢ بەتەواوی بەسەر ئەم ناوچەیەدا زاڵ بوون و دەوڵەتێکی دەستنیشانکراویان بەناوی مەنچوکوئۆ، دامەزراندبوو. بەڵام ئەوان تەنیا بە مەنچوری ڕازی نەبوون. بەزوویی بەرەو باشوور هەڵکشان و سەرلەنوێ زیاتر لە خاکی چین دا، پێشڕەوییان کرد. لە تەمموزی ١٩٣٧ دا، ئیمپراتۆریی ژاپۆن و هێزەکانی کۆمینتانگ، کە کۆماری چینیان لە ژێر کۆنتڕۆڵ دابوو، تووشی جەنگێکی تەواوعەیار بوون.

ماو کە پێداگربوو لەبەرامبەر ژاپۆنییەکاندا بەرگری بکات، بڕیاری دا، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، لەگەڵ کۆمینتانگدا یەکبگرێت. دەستدرێژییەکەی ژاپۆن بەو مانایەش بوو کە چین ئیدی نەیدەتوانی، شەڕی ناوخۆی نێوان نەتەوەخوازە (بەزۆری گەندەڵەکانی) چیان کایشك و کۆمۆنیستەکانی ماو، تەحەمول بکات. لە ١٩٣٧ دا، دوولایەنە دژبەرەکە، ئاگربەستیان ڕاگەیاند و ڕایانگەیاند، کە لەبەرەیەکی یەکگرتوودا، لەدژی دوژمنی هاوبەش، هاوکاری یەکتر دەکەن.

## هەرەسهێنانی کۆئۆمینتانگ

جەنگ لەگەڵ ژاپۆنییەکان، زۆرتر زەرەری لەنەتەوەخوازەکان دا، تا کۆمۆنیستەکان، لەبەر ئەوەی کە ژاپۆنییەکان قەڵەمڕەوی کۆمینتانگیان بەدرێژایی کەناری ڕۆژهەڵاتی چین، زۆرتر لە قەڵەمڕەوی کۆمۆنیستەکان داگیرکردبوو، کە لەناو قوڵایی خاکی چیندا بوو. لە کانوونی یەکەمی ١٩٤١ دا، بەریتانیا و ئەمریکا، جەنگیان لەگەڵ ژاپۆندا، ڕاگەیاند. کارەکانی ئەوان بەستێنیان بۆ شکستی ژاپۆن لە ١٩٤٥ و پاشەکشەکەی لە خاکی چین، خۆش کرد.




بە سەرکەوتن بەسەر ژاپۆندا، هۆی هاوکاری کۆومینتانگ و حیزبی کۆمۆنیستی چین لەنێو چوو و لە ئازاری ١٩٤٦دا، دوژمنایەتی ئاشکرا، سەری هەڵدایەوە. هێزەکانی ماو هێشتا بەجۆرێکی بەرچاو، لە هێزەکانی چیان کایشك، لاوازتر بوون. لە ١٩٤٥دا، کە جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی پێهات، نەتەوەخوازەکان ٣,٧ ملیۆن سەربازی ئامادەی شەڕیان هەبوون، لەحاڵێکدا کە ژمارەی سەربازەکانی سوپای سووری ماو ٣٢٠ هەزار کەس بوو، کە تەنیا ١٦٦ هەزاریان چەکدار بوون. تەنانەت ستالین، دیکتاتۆری سۆڤیەت، بەماوی دەگوت کە سوپاکەی هەڵوەشێنێتەوە و بچێتە پاڵ دەوڵەتی (چیان کایشك)ەوە. بەڵام ماو پەسەندی نەکرد.

بەدرێژایی جەنگ لەگەڵ ژاپۆن، حیزبی کۆمۆنیستی چین، پەرەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دیبوو و لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگدا، کۆماری چین لەژێر کۆنترۆڵی کۆومینتانگدا، لە ژێر زەختی هەڵاوسانێکی زۆردا بوو. ماوەیەك، دۆلارێکی ئەمەریکی بەرامبەر بە ٩٣ هەزار دۆلاری چینی بوو. ئاژاوە و مانگرتن، شارە گەورەکانیان هەراسان کردبوون. کۆومینتانگ



موچەی سەربازەکانی بە پارەی بێبەها دەدا، هەر بۆیە سەربازەکانی بۆ بەدەستهێنانی بژێوی دەستیان دایە فرۆشتنی چەکەکانیان بەسەربازەکانی ماو. ماو هەروەها خاوەنی هاوکاری هاوپەیمانە ناو بەناو میهرەبانەکانیشی ـ واتە سۆڤیەتییەکان ـ بوو. پەیماننامەی ١٩٤٥ی یالتا، لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمەریکا و بەریتانیا، ئیزنی بە یەکیەتی سۆڤیەت دەدا، کە دوای تەسلیمبوونی ژاپۆن، مەنچوری داگیر بکات. سوپای سۆڤیەت، بەر لە بەجێهێشتنی مەنچوری، زۆرێك لە چەکە بەدەستکەوت گیراوەکانی ژاپۆنی، دانە سوپاکەی ماو. لە تەمووزی ١٩٤٨ دا، هێزەکانی کۆومینتانگ، بۆ ١,٥ ملیۆن کەس دابەزیبوون، لە حاڵێکدا کە سوپای سووری ماو، بەهەمان ئەو رادەیە پەرەی سەندبوو و یەك ملیۆن تفەنگیشی لەبەردەستدا بوون.

سوپای سوور، لەژێر فەرماندەیی ژەنەراڵگەلێکی وەك لین پیاۆ، بەکەڵکوەرگرتن لە، نەك بەتەنیا ستراتیژییە عەسکەرییەکان، بەڵکو ستراتیژگەلێکی زۆر ئاڵۆزی سیاسی، دەستی دایە نەبەردێکی لەڕواڵەتدا بەردەوام لەگەڵ چیان کایشکدا. لین پیاو، لەگەڵ داگیرکردنی هەر ناوچەیەك، یەکڕاست دەستی دەدایە دابەشکردنی زەوی ئەربابە دەوڵەمەندەکان لە نێوان وەرزێرکان و لەم ڕێگەیەوە، پشتیوانییەکی بەدی دەهێنا. ئەو فەرماندەکانی کۆومینتانگی بە هەلومەرجگەلێکی سەخاوەتمەندانەوە، ناچار بەتەسلیم دەکردن و بەزۆری ئیزنی پێدەدان، کە ببنە ئەفسەری سوپای سوور. ئەو تەنانەت سوودی لە شارەزا بەدیل گیراوە ژاپۆنییەکانیش وەردەگرت بۆ یەکەکانی سوپای سوور، کەلە تۆپخانەیان دەزانی.

تا تشرینی یەکەمی ١٩٤٩، چیان کایشك، تەواوی هێزەکانی، لە خاکی ڕەسەنی چیندا، بردبوونەدەرێ و ماو بەگۆڕینی ناوی سەرزەوی سەرەکی بۆ کۆماری گەلی چین، سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکانی ڕاگەیاند. ئێستا ئیدی ئەو، بەسەر چیندا زاڵ بوو.

کۆمۆنیستەکان، یەکڕاست دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات، بیست ملیۆن کەسیان بە تۆمەتی ئەربابی خاوەن زەوی، وەرزێری دەوڵەمەند، دژە شۆڕش، یاکەسی نەخوازراو، ناردنە زیندان یا ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ. کۆمۆنیستەکان خەریك بوون کە پاکانە حەسابیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرد، کە پشتیوانییان لە کۆومینتانگ کردبوو، کە دەوڵەمەند یا لە چینی ناوەڕاست بوون و یا خوێندەواری و یا ئاراستەی ڕۆژئاوایان هەبوو.



**سەربازە ژاپۆنییەکان لە ١٩٣٧دا، شانگهای داگیر دەکەن. ماو لە هاوکاری کردن بۆ دەرکردنی ژاپۆنییەکان لە خاکی چین، رۆڵێکی سەرەکی هەبوو.**

حکومەتی ماو لە سێدارەدانی نزیکەی یەك ملیۆن دژە شۆڕشی لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٩ەوە، تا تشرینی یەکەمی ١٩٥٠، پەسەند کرد. سەرچاوە بیانییەکان وایان مەزەندە دەکرد، کە کۆی کوژراوەکان تا کۆتایی ١٩٥٢، نزیك بە دوو ملیۆن کەس بوون.

ماو، وەك بەشێك لە چاکسازییەکانی، لە سەرەتاکانی ١٩٥٧ دا، بە هاندانی رەخنەگرتنی ئاشکرا لە رژێمەکەی، بەتایبەتی لەلایەن رۆشنبیرە غەیرە کۆمۆنیستەکانەوە، زۆرێك لە ئەندامەکانی حیزبی سەرسام کردن. ماو بەوانەی کە باوەڕیان نەدەکرد گوت: کە هیوادارە چین بتوانێ، بەدانی ئیزنی رەخنەگرتن، لەو کێشانە دوورکەوێتەوە کە داوێنگیری رژێمە کۆمۆنیستەکان بوون، لە ئەورووپای رۆژهەڵاتدا.

ماو بەکەڵکوەرگرتنی لە خوازەی گوڵ بۆ ئازادی دەربڕین و باوەڕ، بەمیللەتی وت: ((بهێڵە با سەد گوڵ بپشکوێن و سەد قوتابخانەی فکری کێبەرکێ بکەن. ئەوە سیاسەتێکە بۆ هاندانی



پێشکەوتن لە هونەر و زانستەکان و گەشانەوەی کولتووری سۆسیالیستی لەسەر زەوی ئێمەدا))[٨]. تا بەهاری ١٩٥٧، لێشاوی رەخنەگرتن بەڕێ کەوت. خەڵك خوازیاری ئازادی رادەربڕین بوون؛ کرێکارەکان دەیانویست کە یەکێتییە سەربەخۆکان دابمەزرێنن.

بەڵام ماو، بێشەرمانە درۆی کردبوو و بۆ ئەوە بوو، کە دژبەرەکانی بناسێ. ئەو، راست شەش حەفتە دوای دروشمی (بهێڵە با سەد گوڵ بپشکوێن) سیاسەتی سەرکوتی گرتە پێش. لە نێوان ١٩٥٧ و ١٩٥٨ دا، ٢,٩ ملیۆن کەسی تر لە ئەندامەکانی حیزب و ناحیزبییەکان راستگەرا، یان نەك بەڕادەی پێویست شۆڕشگێر، ناسران. ماو ٥٥٠ هەزار کەسی خستنە بەندیخانەوە، یا ناردنی بۆ ئۆردوگاکانی کاری زۆرە ملێ.



**ماو لە توانایدا بوو کە لە خەلکی چیندا هەستێکی وەفاداری سەرسوورهێنەر بووروژێنێ. کەسانێك کە زۆر وەفادار نەبوون، لەڕێگەی ترس و هەڕەشەوە، دەهێنرانە سەر رێ.**

*((هیتلەرێکی رۆژهەڵاتی))*

*دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ١٩٤٩ دا، ماو بووە تەوەری ئەو شتەی کە نیکیتا خرۆشێف، سەرۆك وەزیری سۆڤیەت، بە ئایینی کەسایەتی ناوی دەبرد. ماو وەك نموونەی بیرکردنەوەی باش، راست و پێشرەو دەناسێزا. لایەنگریی لە ماو بە هیچ شێوەیەك داپۆشراو نەبوو. زێدەڕۆییش نییە ئەگەر بگوترێ، کە پەیڕەوانی دەیانپەرست. ئەنجامەکە بۆ چین مسیبەت بار بوو. نووسەر پۆل جۆنسۆن لە (سەردەمی نوێ) دا، لەبارەی ماووە دەنووسێت:*

*((ماو ئارەزووە هونەرمەندانەکانی، لە رۆمانتسیزم و باوەڕەکەیدا، بەوەی کە ئیرادە کلیلی گەیشتن بە نەك تەنیا دەسەڵات، بەڵکو کەماڵیشە، هیتلەرێکی رۆژهەڵاتی بوو. ئەگەرچی ئایینی ماو وێکچوونێکی رواڵەتی هەبوو لەگەڵ ستالینیزم دا، بەڵام لە حکوومەتی ماویستیدا، بەکردەوە رۆڵێکی زۆر داهێنەرانەتر و سەرەکیتری هەبوو. ماو، وەك هیتلەر، سیاسەتی وەك شانۆ خۆش دەویست. دیکۆری رژێمەکەی زۆر سەرنجڕاکێشتر و داهێنەرانەتر بوو، لە لاساییکردنەوەی بێ روحی ستالین لە مەزنی و شکۆمەندی نازی. ئەو مەزنی سەردەمی ئیمپراتۆریی وەرگرت و شێوەکەی گۆڕی. خەڵك فێرکران، کە بە دروشمی (بژی سەرۆك ماو)، پێشوازی لێ بکەن. ئەو، وەك ئیمپراتۆرەکان، هەرساڵەو هێلێکی(ناو زەوی) رەمزی دەکێڵا، سوودی لە شاری پاشایەتی وەردەگرت بۆ مانەوەی و بۆ یادەوەرییەکانیش فەرمانی خۆشنووسی دەدا. بەڵام مانایەکی لە خۆیەوە بۆ زیاد دەکرد، کە لە سروودەکەیدا رەنگی دەدایەوە: ((رۆژهەڵات سوورە)). کە ئەو ئەمەی لە دووەمین سروودی نەتەوەیی چین دا، دانا: لە رۆژهەڵاتی سوورەوە خۆر هەڵدێ لە چین ماو تسەتۆنگ دەردەکەوێ.*

## چاکسازیی زەوی و زار

لەچەند ساڵی یەکەمی ڕێبەرایەتی مـاودا، کۆمـاری گـەلی چـین پێـشکەوتنێکی ئـابووری مەزنی بەخۆیەوە دی. داهاتی نەتەوەیی چین لە دەیەی ۱۹۵۰ دا، بـووە دووبەرامبـەر. مـاوەی تەمەن (ژیان) چووە سەرێ. مردنی منداڵانیش کەم بووەوە.

بەرنامەی چاکسازی زەوی و زاری ماو، واتە وەرگرتنـەوەی زەوی لـە خـاوەن زەوییـەکان و دانی بەو وەرزێرانەی کە لەسەریان کاریان دەکرد، لـە بـەدیهێنانی ئـەم گەشـانەوە ڕێژەییـەدا، کاریگەریی هەبوو. ئێستا ئیـدی وەرزێڕەکـان، بـۆ بەرهـەمهێنانی زیـاتر، پاڵنـەریان هەبووـ دەیانتوانی ئەوەی کە بەدەستی دێنن بۆ خۆیانی بێڵنەوە، لەباتی ئەوەی کە بیدەنەوە بە ئەربابـە بەزۆری تەماعکارەکانیان.



هەولی ماۆ بۆ وەرچەرخانی ئابووری چین ((بازدانی مەزن بەرەو پێشەوەی)) ناو لێ نراو بە ئاشکرایی لەگەڵ شکستدا بەرەورووبووەوە. یەکێك لە ناکامییە سەرەکییەکان، کۆمۆنە کشتوکاڵییەکان بوون کە ناکارامە بوون و پاڵنەرە کەسییەکانیان لەنێو دەبردن.



*بەڵام مائۆ، ئامادەی بیستنی ...ڕەخنە نەبوو لە کردەوەکانی. ئەو ...ێرەدا، سەردانی کۆمۆنەکان ...دەکات.*



هۆکارێکی تر، کە هاوکاری کرد بە چاکترکردنی بارودۆخ لە چیندا، ئەم واقعیەتـە سـادەیە بوو کە لە دوای زیاتر لە سێ دەیە شەڕ و پێکـدادانی بـەردەوام، سـەرەنجام وڵات لـە ئاشـتی و ئارامیدا بوو. شەڕکەرە تالانکەر و ژاپۆنییە دڕندەکان، ئـیتر زەرەریـان لـە گونـدەکان نـەدەدا. سوپای کۆمۆنیست و سوپای نەتەوەخوازەکان ئیدی شەڕیان لەگەڵ یەکتردا نەدەکرد.

## بازدانی مەزن بەرەوپێشەوە

ماو دەبوو، بەو پێشکەوتنە یەکەمینانەی کە ڕژێمەکـەی بەدەسـتی هێنـابوون ڕەزایـەتی دابا، بەڵام نەیدا. جولانی خەڵکی چین بەڕادەی پێویست تونـد یـا بەرچـاونەبوو، کـە ئـارەزووە هەڵپەرستەکانی ماو بەدی بێنێن. ماو لە پێنجەمی مایسی ۱۹۵۸ دا، بەرنامەیـەکی ئـابووری ڕادیکاڵی دەستپێکرد، کە ناوی لێنا (سێدروشمی سوور)، بەڵام لـە مێـژوودا، بـەناوی یـەکێك لەبەشە سەرەکییەکانییەوە ((بازدانی مەزن بەرەو پێشەوە)) بەناوبانگـە. بەرنامەکـەی مـاو وا داڕێژرابوو، تا کۆماری گەلی چین لە ماوەی پانزدە ساڵدا بگەیەنێ بە ئاستی ئابووری بەریتانیا.

ماو بەڵێنی دا، کە بەرهەمهێنانی پۆڵای چین سێ بەرانبەر بکات و لـە ۱,۷ ملیـۆن تـەن لە ساڵێکدا، بیگەیەنێ بە ۵,۳۵ ملیۆن تەن و هەروەها ۲٦ هەزار کۆمۆنی خەڵك، دابمەزرێنێ. ئەم کۆمۆنانە، کە نزیکەی پێـنج هـەزار بنەماڵـەیان لـەخۆ دەگـرتن(تـا ۲٥ هـەزار کـەس)، کاربەدەستە ناوچەییەکانی حیزب، کە زەوی وەرزێرەکانیان لە ژێر چاودێری دابوون و ناچـاریان دەکردن کە لە شوقە مەتبەخدارە هاوبەشەکان و ناوەندەکانی چاودێری ڕۆژانەدا، نیشتەجێ بـن، بەڕێوەیان دەبردن.

***((ئەگەر گومانت هەبوایە، دەترسای))***

*لەوێوە، کە لەکاتی بەدەسەڵات گەیشتنی حیزبی کۆمۆنیـستەوە، ژیـان بـۆ زۆرێـك لـە خـەڵکان باشـترببوو، بۆیـە کۆمـاری گـەل، لـە نێـو خەڵکـدا ڕەزامەنـدی و ئیعتبـارێکی زۆری هـەبوو. ئـەم خۆشەویستییە لەوکاتەدا کە ((بازدانی مەزن بەرەوپێشەوە)) ئابووری هەرەسی پێهێنا و بـوو بـە هـۆی ئەوەی کە ملیۆنەها کـەس، لـەقات و قڕیـدا لـەنێو بـچن، زۆر بەبـەهابوو. ئـان ئێـف. ترسـتۆن لـە (دوژمنانی گەل) دا، لە زاری ژاۆوە، یەکێك لە بەجێماوەکانی ((بـازدانی مـەزن بەرەوپێـشەوە)) وەهـا دەگێڕێتەوە:*

*((پاییزی ۱۹۵۹ بـوو، لـە کۆمـونێکی دەوروبـەری پەکینـدا. بـۆ ئـەنجام دانـی کـاری دەسـتی ناردبوومیانە ئەوێ. چاپەمەنییەکان لە بارەی بارودۆخی باش و ئەوەی کە هەموو شتێك چەندە باش و*

*دڵپەسەندە، راپۆرتیان دەدا. دروشمی هەمیشەیی ئەوەبوو: ((بارودۆخ زۆرباشە و خەریکە باشتر و باشتریش دەبێت)). لە گوندا، هیچ خواردەمەنییەك بۆ خواردن نەبوو. وەرزێرەکان گەڵای دارەکانیان دەخوارد. گەڵاکانیان لە ئاوی گەرمدا دەکوڵاند و لەگەڵ کەمێك ئاردی گەنمەشامی دا تێکەڵیان دەکرد، تا پێکەوە بنوسێن و هەویر دروست بکەن. بەڵام هەویری ورزێرەکان تەنانەت پێکەوەش نەدەچەسپا، چونکە ئاردی گەنمەشامی بەڕادەی پێویست نەبوو. ئێمە رۆشنبیرەکان بەراستی خۆشبەخت بووین، چونکە پەلی پەتاتەی شیرینمان دەخوارد. گەڵای پەتاتەی شیرین لە هەموویان باشترە. دواتر گەڵای داری هەڵوژەیە. خراپتر لە هەمووی گەڵای داری بییە. وەرزێرەکان گەڵای داری بییان دەخوارد.*

*زۆربەی ئێمە کە گومانمان هەبوو، بێدەنگ دەبووین. ئەگەر گومانت هەبایە، دەترسای. وات بیردەکردەوە: چۆن دەوێرم گومان بکەم؟ سەرەڕای ئەوەش، بۆ زۆربەی خەڵك، گومانەکە لە پێوەندی لەگەڵ تەواوی رژێمەکەدا نەبوو، بەڵکو لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدابوو کە، ئایا حیزب هەڵەگەلێکی راستەقینەی هەبوون. نابێت لە رادەی گومانی خەڵکیدا زێدەڕۆیی بکرێت.*

کۆمۆنەکان وەرزێڕەکانیان لە موڵکداری تایبەتی بنەڕەتی وەك خانوو، مەڕ وماڵات مەحروم کردن.

ماو، بۆ بەرهەمهێنانی رادەی پۆڵای بەڵێندراو، وەرزێرەکانی هان دان بۆ ئەوەی کە ئاسنەکانی خۆیان ببەخشن، تا هەزاران کورەی ناوچەیی لە ناوچە گوندییەکانی چیندا، دروست بکرێن و بەرهەمهێنانی پۆڵا، بە خێراییەکی سەرسوورهێنەر ببەنە پێش. ئەم جولانە بەکۆمەڵە وەها دەمارگرژانە بوو، کە شتگەلێکی بچووك، وەك مەنجەڵی(تاوە) وەرزێرەکان، کە لە هەر مەتبەخێکی چینیدا ئامرازێکی پێویستی چێشتلێنانە، بۆ بەرهەمهێنانی پۆڵا وەرگیرا. هەرکەسێك کە هاوکاری نەدەکرد، وەك خراپکار، سزا دەدرا.

ماو باوەڕی وابوو کە ((بازدانی مەزن بەرەوپێشەوە)) ئیزنی پێدەدا، لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە، وەپێش سۆڤیەتییەکان بکەوێتەوە. ئەو لافی لێدەدا و دەیگوت ((لە نیوەی سەدەی بیستەم دا، ناوەندی شۆڕشی جیهانی گوازراوەتەوە بۆ چین))(٩)

بەرنامەکەی ماو، کارەساتبار بوو. کارگە کاتییەکانی پۆڵا، پۆڵای خراپ و بێکەڵکیان بەرهەم دەهێنا. لەوەش خراپتر، مەحرومکردنی وەرزێڕەکان لە موڵکە تایبەتییەکانیان و ناچارکردنیان بە بەرهەمهێنانی پۆڵا و دەستکێشانەوە لە بەرهەمهێنانی ماددەی خۆراکی، سیستەمی کشتوکاڵی چینی لەناوبرد.



ئاکامی قات و قڕییەکە بەربڵاوبوو و هەموو لایەکی گرتبووەوە، کەبەنرخی گیانی ملیۆنەها مرۆڤ تەواوبوو و زیاتر، لە دووقات و قڕی گەورەی چین لە رابردوودا - لە ١٨٦٩ ەوە تا ١٨٧٩ (کە سەردەمانێك بە خراپترین قات و قڕی مێژوو دادەنرا) و لە ١٩٢٦ ەوە تا ١٩٢٩ (کە بەنرخی گیانی نزیکەی بیست ملیۆن کەس تەواوبوو) - مرۆڤی کردنە قوربانی. پسپۆرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە نێوان ٢٧ تا سی ملیۆن چینی، لە ئاکامی قات و قڕی، بەرهەم هاتوو لە ((بازدانی مەزن بەرەو پێشەوە)) ی ماو، مردن.

شکایەتەکان لە بارەی ناکامییە کارەساتبارەکانی (بازدانی مەزن بەرەوپێشەوە) لە پەکینی پایتەختی چیندا، گەیشتنەوە لای ماو. بەڵام ئەو گوێی نەدانێ و بەگەشبینییەوە چاوەڕوان مایەوە. ئەو بەمەبەستی دڵنیابوون، لە مایسی ١٩٥٩ دا، چووە سەردانی گوندەکەی (شوێنی لە دایك بوونی)، لە شاوشان.

کاتێك کە لەگەڵ وەرزێڕەکان دا چاوپێکەوتنی کرد، ئەوان شکایەتیان لە هەموو شتێك هەبوو - لە مەتبەخە هاوبەشەکانەوە بگرە تاکوو کورەکانی تواندنەوەی ئاسن(پۆڵا). ((بازدانی مەزن بەرەو پێشەوە)) لە بنەڕەتدا، کردەیی نەبوو. ماو هیچ وەڵامێکی نەبوو و بەخەڵکەکەی گوت: ((ئەگەر ناتوانن لە هۆڵەکانی چێشتخواردنی گشتیدا، ورگتان پڕبکەن، کەواتە باشتروایە دەرگاکەی ببەستن.... و ئەگەر ناتوانن ئاسنی(پۆڵا) چاك بەرهەم بێنن، دەتوانن خۆتان لەم کارەش بکشێنەوە))(١٠).

هەواڵی ئەم قسانەی ماو لە تەواوی چیندا بڵاوبووەوە؛ کۆمۆنەکان هەڵوەشانەوە و کورەکانی تواندنەوەی پۆڵا بەستران. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ماو ناچار ببوو، دەست لە سیاسەتە رادیکاڵەکانی هەڵگرێ، لەخۆباییبوونەکەی ئەوەندە مەزن بوو، کە لە هەر رەخنەیەك، بەتایبەتی لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئێستا ئیدی لەبەڕێوەبردنی حکوومەتی چیندا هاوکارییان دەکرد، بە توندی توڕە دەبوو.

## هەڵەیەکی زۆر مەزن

هەرچەندە ماو لە نێوان ملیۆنەها چینی ئاساییدا هەروا خۆشەویست مایەوە، بەڵام کەسە سەرەکییەکان لەسەرەوەی ڕێبەرایەتی کۆماری گەلی چیندا، ئیتر باوەڕیان بە شۆڕشەکەی نەبوو. لە تشرینی دووەمی ١٩٥٨ دا، ڕێبەرەکانی تری چین دەستیان کردەوە بە گەڕاندنەوەی زەوی و مۆڵکە تایبەتییەکانی وەرزێرەکان.

ئەندامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین مەبەستیان بوو، کە بەشێکی گرنگ ـ بەڵام نەك هەمووی ـ لە دەسەڵاتی ماو، بگرنەوە دەستی خۆیان. بەڵام ماو حەزی لە هاوبەشیکردن نەبوو لە دەسەڵاتدا. ئەو هەمووی دەویست.



# (٢)

## کەلێن لەنێو ڕێبەریی چین دا

ماو بە هۆی (بازدانی مەزن بەرەو پێشەوە) ئیعتباری خۆی لەدەست دابوو. ئیدی ڕێبەرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین، حەزیان لێ نەبوو کە ئیزنی بدەن، لە حکومەت کردن بەسەر چیندا، دەسەڵاتی تەواوی هەبێ. ئەو پۆستی سەرۆکایەتی حیزبی پاراست، بەڵام لە سەرۆکایەتی کۆماری گەل، واتە سەرۆکایەتی دەوڵەتی چین، دەستی کێشایەوە. لە ١٩٥٩ دا کە لیۆشاۆچی، جێگاکەی ماوی لەم پۆستەدا گرتەوە، رقی ماوی هەڵساند. هەرچەندە کە ماو ناچاربوو دەسەڵات لەگەڵ لیۆ شاۆچی دا دابەش بکات، بەڵام سەرۆکایەتی حیزبی کۆمۆنیستی هەر لە سەرشان بوو.

*دکتۆر لی ژیسویی، دکتۆری تایبەتی ماو، باس لە ڕەنجانەکەی ماو دەکات: ((وەرگێڕانی ئینگلیزی سەرۆك (president) بەمانای سەرۆك کۆمار،گرفتی سەرەکی ماو نیشان نادات. کاتێك لیۆ شاۆچی سەرۆکایەتی کۆماری وەئەستۆ گرت، دوو پیاو وەك سەرۆك لە چیندا هەبوون، لە جێگایەکدا، کە ناونیشان و ڕواڵەت زۆر گرنگن. ماو ئەمەی قەت پەسەند نەدەکرد))*(١)

لیۆ شاۆچی لە پۆستی سەرۆکی دەوڵەتدا دەستی کرد بە سەربەخۆ کارکردن، بەبێ ئەوەی تەنانەت زەحمەتی ڕاوێژکردن لەگەڵ ماودا، بەخۆی بدات. ئەو زۆرێك لە سیاسەتە ڕادیکاڵترەکانی ماوی گۆڕین و لە ئابی ١٩٦١دا، ئازایانە ڕایگەیاند: ((ئێمە دەبێ چ لە پیشەسازی و چ لە کشتوکاڵدا، ئەوپەڕی



**لیۆ شاۆچی لە وێنەیەك لەگەڵ هاوسەرەکەیدا. ماو لە پشتەوە هەوڵی دەدا، لیۆ بێ ئیعتبار بکات، تا دەسەڵاتی تەواو بەسەر حیزبی کۆمۆنیست و چیندا بەدەست بێنێ.**

پاشەکشێ بکەین. هەر شتێك کە ورەی وەرزێڕەکان بباتە سەرێ، باشە. ئێمە ناتوانین بڵێین کە میتۆدێك باشترینە و هەموو میتۆدەکانی تر، بخەینە لاوە))[١٢].

ماو وەها دەستەواژەگەلێکی، بەرەخنەگرتنێکی بێشەرمانە لە خۆی و باوەڕەکەی لە قەڵەم دان و بەلادانی(نوێکاری) تەواو دای نان. ماو بە جۆرێکی یەکجار بەرفراوان سەبارەت بە خەڵکانی دەوروبەری، گومانی لێ پەیدابوو و زیاتر لە پێش پێداگربوو، کەلەبەرامبەر ڕێبەرگەلێکی وەك لیو شاۆچی، کە خەریکی ڕەواندنەوەی زەرەرەکانی (بازدانی مەزن بەرەوپێشەوە) بوون، راوەستێت. لە روانگەی ماوەوە، ڕێبەرە نوێیەکان هەوڵیان نەدەدا کە هەڵەکانی راست بکەنەوە، بەڵکو خەریکبوون کە ڕێبەرییەکەی ئەویان لەرزۆك دەکرد.

### فێڵ و تەڵەکە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات

دیاریکردنی لیو شاۆچی و هێنانەخواری پلەی ماو، جۆرێك بۆشایی دەسەڵاتی بەدی هێنا. کاربەدەستە باڵاکانی تری حیزبی کۆمۆنیستی چین دەستیان کرد بە پیلان دارشتن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و خۆشەویستی. سیاسەتمەدارە حیزبییەکان بۆ راکێشانی روانگەی ماو یا لیو، دەستیان برد بۆ دەنگۆ بڵاوکردنەوە، پیلان، زمانلوسی، بەغیلی و غەیبەت. بچووکترین بابەتێك دەبووە هۆی کێشەیەکی گەورە. بۆ تاکەکان رابردوو دروست دەکرا، یا رابردوویان دەشێوێندرا.

سێ‌کەس لە پەستترین ـ بەڵام لێهاتووترین ـ یاریکەرەکان لەم یاریی دەسەڵاتەدا، چالاکانە هەوڵیان دەدا کە ماو بگەڕێننەوە سەر دەسەڵاتی رەها و دەسەڵاتی تایبەتی خۆشیان، پەرەپێبدەن. ئەم سێ کەسە، کانگ شێنگ، سەرۆکی پێشووی پۆلیسی نهێنی؛ جیان چینگ، هاوسەری ماو و لین پیاو، وەزیری بەرگری، بوون. پیلانگێڕییەکەیان سەرەنجام بوو بەهۆی ئاژاوەیەکی توندوتیژی هێنەر، کەناوی (شۆڕشی کولتووری چینی) لێ نرا.

### پاشای دۆزەخ

لەو کەسانەی کە هاوکاری ماویان کرد بۆ گەڕانەوە بۆ سەرتەختی دەسەڵات، رەنگە زیرەکترین و چەپەڵتر لە هەموو، کانگ شێنگ، سەرۆکی پێشووی پیاوکوژەکانی ماو بوو.

کانگ لەرێگەی ڕیشەکێشکردنی دڕندانەی، سیخوڕ و رکابەر و دژبەرەکانەوە، بەخێرایی لە ڕێبەرایەتی حیزبدا، هاتبووە سەرێ. جۆن بایرۆن و رۆبەرت پەك، لە (پەنجەکانی ئەژدیها)



دا، وەهایان نووسیوە: ((ئەو میتۆدانەی کە ئەو لە یائان دا بەکاری دەهێنان کاری ئاسایشی دەوڵەتی (پۆلیسی نهێنی) یان، لە رەوتی شۆڕشی کولتووری و دوای ئەویشدا، پێکهێنا))[١٣].

دوای شکستی ژاپۆن، کاتێك کە شەڕی ناوخۆیی لە نێوان کۆمۆنیست و نەتەواخوازەکاندا سەری هەڵدا، ئەرکێك خرایە سەرشانی کانگ، کە ئەو ئەزموونێکی ئەوتۆی تێدانەبوو: چاکسازی زەوی و زار. سەرلەنوێ ئەم پیاوە، کەڵکی لە نامرۆڤانەترین شێوازەکان بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە وەرگرت: دەستی دایە سووککردن لەبەر چاوی خەڵك و ئەشکەنجە و کوشتنی ئەربابە خاوەن زەوییەکان.

بمرن هەموو ئافاتەکان !

سەرەڕای شەڕی ماو بەدژی ئەوەی کە بە ((چوار کۆنەکە))ی کۆمەڵگای چینی ناودەبرد (دابی کۆن، نەریتی کۆن، کولتووری کۆن و بیرکردنەوەی کۆن)، بەڵام زۆر حەزیشی لە کولتووری تەقلیدیی چین، بەتایبەتی شیعر هەبوو و شیعرگەلێکی زۆری هۆنینەوە. لە ١٩٦٣ دا، هزری لەوە کردەوە، کە لەم شیعرەیدا، هێرش بکاتە سەر دوژمنەکانی. ئەم شیعرە (راس تریل) لە (ژیاننامەی ماو) دا هێناویەتی:

((لەم هەسارە بچووکەدا،<br>
چەند گیانلەبەرێك خۆیان بەدیواردا دەکوتن،<br>
بەردەوام وزوز دەکەن،<br>
هەندێ جار گوێ زرینگێن،<br>
هەندێ جار بەشیوەن وزارییەوە.<br>
مێرولەکان لەسەر ئەقێق، (گوڵێکە) بە فیز و گەورەیی میللەتێکی مەزن بەرێدا دەڕۆن<br>
و مێشولە یەکرۆژەکانیش، دەبەنگانە پیلان دادەنێن کە دارێکی مەزن هەڵکەنن....<br>
جارِ دەدەن کە زۆر کار ئەنجام دەدرێن،<br>
و هەمیشەش بەخێراییەوە؛<br>
دنیا بەرەوپێشەوە دەڕوات،<br>
کات کەمە.<br>
دەهەزار ساڵ زۆر دوور و درێژە.<br>
تێ‌بگە لە رۆژ، تێبگە لە سەعات !<br>
چوار دەریا هەڵدەستن، هەور و ئاو دەخرۆشێن،<br>
پێنج کیشوەر دێنەلەرزە، با و هەورەتریشقە دەگرمێنن.<br>
هێزی ئێمە بەرگری لێ ناکرێ<br>
بمرن هەموو ئافەتەکان !

خاوەن زەوییەکانیان بەزیندوویی دەفن دەکردن و بە دیواریانەوە دادەکوتان، یا لە پلەی ژێر سفردا، دایاندەنان و سەهۆڵیان دەبەست.



**یەکێك لە ترسناکترین پیاوەکان لە چین دا، کانگ شێنگ بوو. ناوبانگی ئەو لە بەکاربردنی ئەشکەنجە، سووککردن و کوشتن بەمەبەستی سەپاندنی سەرنەوی کردنی کۆیلەئاسا بۆ ماو، هاوپەیمانێکی کارلێهاتوویان لێ پێکهێنا.**

هەرکاتێك کە کانگ دەچووە ناوچەیەك، تێدەگەیشت کە ئەو کۆمۆنیستانەی پێشتر بەرپرسی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی زەوی و زاربوون، بەڕادەی پێویست وەدوانەکەوتوون. بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو، چاکسازی زەوی و زار نەبوو، مەبەستەکەی ئەوە بوو کە هەر دژبەرێکی کە لە ناو حیزبدا هەیبوو، سەرکوتی بکات و دەسەڵاتی خۆی زۆر بکات.

کانگ زۆر توندڕەویی کرد. ڕکەبەرە حیزبییەکانی قەناعەتیان بە ماو هێنا، کە کانگ دەبێ بۆ سەرۆکایەتی ڕێکخراوی ناوچەیی حیزب لە پارێزگای زێدەکەی، واتە(شاندونگ) دا، پلەکەی نزم بکرێتەوە. ئەم نزم کردنەوەیە زەربەیەکی قورس بوو بۆ کانگ و دژکردەوەی ئەویش ئەوە بوو، کە وای دەرخست، بە توندی نەخۆشە و بەتەواوی دەستی لە ژیانی سیاسی کێشایەوە.

بەڵام لە ساڵی ١٩٥٦ دەوە، گەڕانەوە بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسەتی دەست پێکردەوە، بەولێکدانەوەیەی کە گەڕانەوەی سەرلەنوێی بۆ سەر دەسەڵات، بەستراوەتەوە بە ڕاکێشانی سەرنجی ماوەوە. کانگ، بەپێچەوانەی زۆرێك لە ڕێبەرە پایەبەرزەکانی تری چین، لەسەرەتاوە، پشتیوانی لە بزووتنەوەی (بهێلە سەدگوڵ بپشکوێن) ی، ماو کرد، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە هەستی دەکرد، تەواوی ئەو بزووتنەوەیە، فێڵێکە بۆ ناسینی دژبەرەکان. کانگ لە ١٩٥٨ دا، جێگای خۆی لە ڕێبەریی باڵای حیزبدا دۆزییەوە.



کانگ هانی ماوی دەدا، بۆ کارکردن بەدژی ڕکەبەرەکانی. کانگی بێبەزەیی، پیلانگێڕێکی لێهاتوو بوو. جۆن بایرۆن و ڕۆبەرت پەك لە (پەنجەکانی ئەژدیها) دا، دەنووسن: ((کانگ زەینی ماوی بەو بیرەوە ژاراوەی کرد، کە کۆمەڵگای چین دەبێت لە هەموو ڕەگەزێکی کۆنەپەرست و ڕویزیۆنیستێك، پاك بکرێتەوە[١٤].

## جیان چینگ

چەند ساڵێك پێش لەوە لە یانانـدا، کانگ شێنگ سوودی لە هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ هاوسەری چوارەمی ماو وەرگرتبوو (ئەکتەری پێشوو، جیان چینگ).

لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٢٠ دا، کە جیان چینگ ئەکتەری دەست پێکرد، لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی چینیشدا پەیوەندیی بەست. لە ١٩٣٣ دا، چوو بۆ شانگهای و لە یەکێتی لاوانی کۆمۆنیستدا چالاك بوو و لەئەنجامدا، لەلایەن کۆمینتانگەوە دەستبەسەرکرا. ئەوەی کە ئایا خیانەتی کرد بەکۆمۆنیستەکانی تر، یا نا، هێشتا دیار نییە، بەڵام دانپێدانانێکی ئیمزا کرد و ئازادبوو و چالاکییەکەی لە حیزبی کۆمۆنیستدا، کەم بووەوە. بەڕێکەوت یا بە هەر هۆیەکی تر، کاری ئەکتەرییەکەی چووە سەرێ.

کاتێك کە ژاپۆنییەکان شانگهایان داگیر کرد، دنیای جیان هەرەسی هێنا. لە شار هەڵات و بڕیاری دا ڕێگای بزێوی و جەنجاڵی(موغامەرە) وەپێش بگرێت؛ بۆیە وەدوای پەیوەندی نوێ لەگەڵ کۆمۆنیستەکان، کەوت.

جیان و ماو، بەزوویی بوونە خۆشەویستی یەکتری، بەڵام ئەم دووە، لەگەڵ بەربەستگەلێکی جددیدا ڕووبەڕووبوون. ماو هێشتا لەگەڵ هاوسەرە سێیەمینەکەیدا بوو. سەرەڕای ئەوەش، ٢١ ساڵ لە جیان گەورەتر بوو. ڕابردووی سیاسی پڕ لە گومانی جیانیش بۆ ڕێبەری ئاییندە، کێشەساز بوو. لەو فەزا سیاسییە پڕ لە گومانەی کۆمۆنیستەکانی چین دا، هەر کەسێك کە تەنیا یەك جار بە دەستی نەتەوەخوازەکان دەستبەسەرکرابوایە، بە سیخوڕێکی (بالقوە) ی کۆمینتانگ دادەنرا.

لەم هەلومەرجەدا، کانگ شێنگ هاتەناوەوە. جیان، کانگی دەناسی و لەبەر ئەوەی کە هەردوو خەڵکی پارێزگای شان دونگ بون، ئارەزووی هاوبەشیان هەبوون. جیان ڕایدەگەیاند: ((بە هەبوونی هاوڕێیەکی باوەڕپێکراوی وەك کانگ شێنگ، هیچ دوژمنێك ناتوانی زەربەیەکی جددیم لێ بدات))[١٥].

کانگ تێگەیشت، کە ماو زۆر بەجددی حەزی لێیە کە لەگەڵ جیان دا، زەماوەند بکات. لە سەروبەندێکدا، ماو هەڕەشەی کرد، کە ئەگەر نەتوانێ لەگەڵ جیان دا زەماوەند بکات، ئەوا لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دێنێ و بەکشت و کاڵەوە خەریك دەبێت. هیچ کەس دڵنیا نەبوو کە قسەکەی تا چەند جددییە، بەڵام زۆرێك لە ڕێبەرانی پلەبەرزی حیزب، هێشتا بەدژی ئەم هاوسەرگیرییە بوون. لەلایەن ئەندامەکانی حیزب لە شانگهایەوە، هەواڵیان پێگەیشت، کە جیان گومانلێکراوە، بەوەی کە (بەکرێگیراوی نهێنی) کۆومینتانگ بێت.[١٦] بەڵام ئەگەر کانگ دەیتوانی بسەلمێنێ کە جیان هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی، نەداوەتە دەست کۆومینتانگ، ئەوا ڕێگا بۆ زەماوەندی ماو و جیان، خۆش دەبوو.

کانگ ئەم کارەی بەچاکی ئەنجام دا. ئەو بەڵگەکانی تاوانبارکەرەکەی لەنێو بردن و بەڵگەگەلێکی ساختەی تری دروست کردن. جیان و ماو دەیانتوانی زەماوەند بکەن، بەڵام ڕێبەرەکانی تری حیزب (لەوان لیۆ شاۆچی)، لەسەر مەرجێکی گرنگ پێداگرییان دەکرد: جیان دەبوو وەك هاوسەری ماو دەرنەکەوێت و بۆ ماوەی سی ساڵیش چالاکی سیاسی لێ یاساغ کرابا.

بۆ جیان، پەسەندکردنی وەها ڕێککەوتنێك ئاسان نەبوو. ئەو بیری دەکردەوە کە دەبێ لە شۆڕشی وڵاتەکەی دا، ڕۆڵێکی کلیلی بنوێنێ. ڕەنگە تەنانەت لە ئاستی ڕێبەرێکی پلەبەرزی حیزبی کۆمۆنیستدابێت.

ماو و جیان لە ١٩٣٨ دا، زەماوەندیان کرد. لە دەیەی ١٩٥٠ دا، جیان بەهۆی لە دەستچوونی ئیعتباری ماو لەبەر (بازدانی مەزن بەرەوپێشەوە) ماتەم دایگرت. ئەو بە هاورێیەتی هاوپەیمانە دێرینەکەی، واتە کانگ شێنگ، دەستی کرد بەپیلاندارشتن بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەرەکەی، بۆسەر دەسەڵاتی ڕەها.

ستراتیژی جیان ئەوەبوو، کە بەبەڵگە ڕەسمییە دەوڵەتی و حیزبییەکان و وتارە بڵاوەکراوەکاندا بچێتەوە، تا ڕێگاگەلێك بۆ کارکردنە سەر ماو بدۆزێتەوە. ئەو پەنجەی لەسەر هەر هێرشێکی راستەقینە یا خەیاڵی بۆ سەر ڕێبەریی ماو دادەنا و هانی دەدا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕەها.

جیان لە ١٩٦٢ دا، بۆ یەکەمین جار لەبەر چاوی خەڵك دەرکەوت. ئەو بەزوویی لە خەبات بەدژی ڕکەبەرەکانی ماو، ڕۆڵێکی هێرشبەرانەی وەئەستۆ دەگرت.



## لین پیاۆ

کانگ شێنگ و جیان چینگ، لە هاندانی ماودا ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان گێڕا، بەڵام ماو بۆ گەڕانەوەی سەرکەوتووانە بۆ سەردەسەڵاتی ڕەها، پێویستی بە شتێکی زیاتر لە هاندان و پیلانگێڕی پشتی پەردە، هەبوو. ئەو پێویستی بە هێزی چەکدار هەبوو کە نە کانگ و نە جیان، نەیاندەتوانی دابینی بکەن. لین پیاۆ، وەزیری بەرگری چین، کە ئەویش هەوڵی دەدا بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی سیاسەت، دەیتوانی دابینکەری هێزی چەکدار بێت.

لین لە سەرەتاکانی سەردەمی چالاکی سیاسیدا خۆیدا، لەباڵی حیزبی لایەنگری مۆسکۆ و دژی تیۆرییەکانی ماو بوو، لە بارەی شۆڕشی پارتیزانی بە پێگەی وەرزێری. بەڵام لە (ڕێپێوانە دووردرێژ) ەکەی ماودا خۆی نیشان دا و ماو سەرنجی لێهاتووییە عەسکەرییەکەی دا.



**لین پیاۆ، وەزیری بەرگری چین، لە ڕێگەی ڕێبەریی کردنی لێهاتووانەی سوپاوە، لە توانایدا بوو کە هاوکاری ماو بکات، بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر تەختی دەسەڵات. ئەو لە یەکەمین ئەو کەسانە بوو، کە بە ئاینێکی وشکەوە، رووی کردە سەرنەویکردن بۆ ماو.**

دوای دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ ژاپۆنییەکان، لین یەکێك لە چەند سەرکەوتنەکانی سوپای سووری، لەبەرامبەر هێرشبەرە بیانییەکاندا، بۆ خۆی بەدەست هێنا. بەڵام لە ١٩٣٨ دا، بە توندی بریندار بوو و بەناچاری لە جەبهە دوورکەوتەوە. بۆ چارەسەرکردن ناردیانە مۆسکۆ و تا ئابی ١٩٤١، لەوێ مایەوە.

کاتێك کە گەڕایەوە بۆ چین، بەخێرایی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی لە حاڵی گۆڕین دا، خۆی راهێنا و خۆی لەبەر چاوی ماو شیرین کرد. لین هێشتا بە ستالین و سیستەمی سۆڤیەتیدا هەڵدەگوت، بەڵام وشیارانە، دەشی گوت کە: «حیزبی کۆمۆنیستی چین لە ژێر ڕێبەریی هاوڕێ ماودا، دەگاتە پێشکەوتنێکی هاوشانی پێشکەوتنی سۆڤیەت» [١٧]

لین دەستی دایە خوێندنەوەی مارکسیزم و ستراتیژیی عەسکەری و لە شەڕ لەگەڵ ژاپۆندا، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕا. بەڵام کاتێك کە شەڕ لەگەڵ نەتەوەخوازەکاندا دەستپێکرا، ئەو بۆ کار و

چاودێریکردنی سەرکەوتنی بێ وێنەی حیزبی کۆمۆنیست، لە شەڕی ناوخۆیی چیندا، ئامــادەیی تەواوی هەبوو.

لین فەرماندەیی هێزەکانی چینی لە جەنگی کۆریا بەدژی هێزەکــانی نەتەوەیــەکگرتووەکان، لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٥٠ دا، لە ئەستۆ بوو، بەڵام بەر لە کۆتایی هاتنی شەڕ، گەڕایەوە بۆ چین. ئەو تووشی نەخۆشی هیپۆکۆندری(ترسان) ببوو ـ ترس لە بەرکەوتنی ئاو، خۆر و با ـ.

***(((چین)ی نوێ، گەندەڵ ببوو))***

*ماو و دارودەستەکەی، باسیان لە سۆسیالیزم و یەکسانی دەکرد، بەڵام وەك دیکتــاتۆرە بیرتەسـکەکان دەژیــان. ریاکارییەکەیان، ئەو کەسانەی بێزار دەکردن کە لە دەوروبەریدا بوون، یەك لەوان پزیشکە تایبەتی و دێرینەکەی ماو، دکتۆر لی ژیسوییی. ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا بەناوی (ژیانی تایبەتی سەرۆك ماو) نووسی:*

*من بەدڵنیاییەوە کەیفم بە جیان چینگ نەدەهات ـ لە ژیانی پڕ لە رازانــەوە و خۆشـگوزەرانی، لــە خۆنوانــدنی بەوەی کە نەخۆشە، لە حاڵێکدا کە بەڕادەی من تەندروست بوو، لە فەرمانداندن و زەختکردن لــە دەوروبــەرەکانی، لــە خواستە بەردەوام و نەگونجاوەکانی. ئەو بەڕادەی ئەربابە خاوەن زەوییە خراپەکانی سەردەمی پێشوو، کــە حیــزب بــە هەیاهو هێرشی دەکردنە سەر، خراپ بوو. بەڵام من بە جۆرێك راهاتبووم کە لــە فێڵبــازی و زمانلوســی دەوروبــەرم، لەوەی کە رێبەرانی کۆمۆنیست رەخنەیان لە شێوازی ژیانی گەندەڵی بۆرژوازی پێشینەکانیان دەگرت و بۆ بنەما بــاڵا و بەرزە ئەخلاقییەکانیان بازاڕ گەرمییان دەکرد، لە حاڵێکدا کە خۆیان لە ناز و نیعمەتدا دەژیــان و خــەڵك رەنجیــان دەبرد و زەحمەتیان دەکێشا و گیانیان دەدا، بێزاربووم. ئومێد و خەونەکانم، خەیاڵم ســەبارەت بــە مــاو و کۆمــەڵگا چاکە نوێیەکەدا، بە تەواوی هەرەسیان هێنابوو.*

*جیان چینگ لە هەڵەدابوو کە وای لێکدەدایەوە من هێشتا ماو بە پیرۆز دەزانم. پێداهەڵگوتن و ستایشی من بۆ ئەویش، لە نێو چووبوو. ئەو پەیڕەوی لە کام بنەمای باڵای ئەخلاقی دەکرد؟ ئەو (پنگ دێهو ئای) یەکێك لە رێبــەرە شۆڕشگێڕە مەزنەکانی وڵاتی خستبووە لاوە، وەك بڵێی کە ئــەو پاشماوەیــەکی بــێ کــەڵك بــوو. و وەك گەنــدەڵترین ئیمپراتۆرە کۆنەکان، ژنی جوانی لە دەوری خۆی کۆدەکردنــەوە و خــەڵکی چین؟ حیزبــی کۆمۆنیــست بــە خەڵکیــدا هەڵدەگوت و تا ئاسمان بەرزی دەکردنەوە، لە حاڵێکدا کە هــەر ئــەم خەڵکــە ســەرکوت دەکــران و دەچەوســێنرانەوە، ناچاریان دەکردن کە هەر ناخۆشییەك تەحەموول بکەن، هەر ســووکایەتییەك پەســەند بکــەن تــا بــەس بەزینــدوویی بمێننەوە. (خەڵك) شتێك نەبوون جگە لە کۆمەڵێکی فراوان لە کۆیلەی بێ روخسار و داماو. ئەمە بــوو (کۆمــەڵگای نوێ)، (دنیای نوێ)ی کۆمۆنیستی. جیان چینگ راستی دەگوت کە، من نەفرەتم لێی هەیە. بــەڵام مــن نــەفرەتم لــە مێردەکەشی هەبوو، نەفرەتم هەبوو لە هەموو گرووپی یەکەمینەکان (رێبەرەکان). (چین)ی نوێ، گەندەڵ ببوو)).*



زۆر دەترسا لە عارەق کردن و لەوەش دەترسا کە چالاکی لەڕادەبەدەر، زەرەر بە تەندروستیی بگەیەنێ. لین پیاوش، هەروەك کانگ شێنگ و جیان چینگ، بەشێکی زۆری لە دەیەی ١٩٥٠ دا، لە دەرەوەی ئەڵقەی دەسەڵات لە کۆماری گەلی چیندا، تێپەڕاند.

لین، چەند دەیە پێشتر، لەگەڵ ماودا جیاوازی هەبوو، بەڵام ئێستا دەیزانی کە کلیلی ئایندەی لە پەیڕەوی بەردەئاسا و لەڕاستیدا پەرەستنی کردەیی، ئەودایە. مارتین ئێبون لە (لین پیاۆ)دا، وەهای نووسیوە: ((ئاییینی پەرستنی ماو، بەرلەوەی کە بڵاوبێتەوە بۆ هەموو میللەت، لین پیاۆ لە سوپادا، چەسپاندی))[١٨].

کانگ شێنگ، جیان چینگ، و لین پیاۆ ناوکی کەسانێکیان پێکدەهێنا، کە پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد، ماو دەسەڵاتەکەی بەدەست بێنێتەوە. ئەوان دەسەڵاتدار و بەهێز و وردبین و پێداگربوون لەسەر سەرکەوتن. لە بەرامبەریاندا هەندێك لە بەتواناترین رێبەرەکانی حیزبی کۆمۆنیست وەستابوون: وەزیری بەرگری پنگ دێهوئای، سەرۆك کۆماری گەل لێو شاۆچی و سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست، دێنگ شیاۆپینگ.

## پیاوە چکۆلەکە

هاوکاری لیۆ شائۆچی لە رەواندنەوەی هەڵەکانی رادیکالیزمی ماودا، پیاوێك بوو کە سەرەنجام، لە پلەی یەکێك لە رێبەرە گەورەکانی چیندا دەرکەوت: دێنگ شیاۆپینگ بە ١,٥ مەتر بەژنەوە.

دێنگ لە ١٩٢٣ دا، کاتێك کە لە فەڕەنسادا خوێندکار بوو، چووبووە ناو حیزبی کۆمۆنیستی چینەوە. لە کۆتاییەکانی ١٩٢٠ دا، کە گەڕایەوە بۆ چین، خۆی وەك کۆمیسێرێکی عەسکەری (پلەیەك، کە دەکرایە مەئموری یەکەیەکی عەسکەری، تا چاودێری وەفاداری بە بنەما و سیاسەتەکانی حیزب بێت(کادیری سیاسی)) و دواتریش وەك بۆرۆکراتێکی حیزبی لە باشووری رۆژئاوای چین دا، ناساند. لە ١٩٥٢ دا، وەك یەکێك لە پێنج جێگرەکەی سەرۆك وەزیری چین دیاری کرا و لە ساڵی ١٩٥٦ دا، بوو بە سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیست، کە پلەیەکی زۆر گرنگ بوو. دوای ئەوە بۆ ساڵەهای ساڵ، لە ململانێ ناوخۆییەکانی حیزبدا، یەکێك بوو لە پەیڕەوە وەفادارەکانی ماو.

داهاتووی، درەوشاوە دەکەوتە بەرچاو. ماو لە ١٩٥٨ دا، (دێنگ) ی پیشانی (نیکیتا خرۆشچێف) دا و گوتی: ((ئەو پیاوە چکۆلە، لەو شوێنەدا دەبینی؟ زۆر وشیارە و داهاتوویەکی گەورەی لە پێش دایە))[١٩].



**دێنگ شیاۆ پینگ لە نێوان نوێنەرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین دا، دەڕوات. ماو، (دێنگ)ی، بە بەربەستێکی مەزن لەسەر ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی تەواو، دادەنا.**

(دێنگ) وشیارتر لەوەبوو کە هەست بەوە نەکا کە ((بازدانی مەزن بەرەو پێشەوە)) هەڵەیەکی مەزنە. ئەو لە بارەی عاقڵیی سەرۆك ماوە، کەوتە گومانەوە و لە بەکەمگرتنی ماودا لایەنی لیۆ شاۆچی گرت. دێنگ لە بارەی (بازدانی مەزن بەرەوپێشەوە) وتی: وڵاغێك، بێگومان بە هێواشی دەجوڵێت، بەڵام لانی کەم بەدەگمەن تووشی ڕووداو دەبێت.)) [٢٠]

لە کانوونی دووەمی ١٩٦٥ دا، ماو هەرچەندە هێشتا فرسەتی دەدا بەهاوڕێ کۆنەکانی، کەمێتۆدی خۆیان چاك بکەن، بڕیاری دا کە سیاسەتە ڕویزێونیستەکانی دێنگ شیاۆپینگ و لیۆ شاۆچی، ئیتر تەحەمول نەکات.

بەڵام ئەوان نەگۆڕان و شۆڕشی کولتووری لە بەرەبەری دەستپێکردندابوو.



# (٣)

## دەستپێکی شۆڕشی کولتووری

ئێستا ئیدی گۆڕەپان بۆ شەڕێکی بەربڵاوی دەسەڵات ئامادەبوو، تا ماو دەسەڵاتی تەواو بەدەست بێنێتەوە. ماو هیچ کاتێك هەموو دەسەڵاتەکەی لە دەست نەدابوو. ئەو دوای (بازدانی مەزن بەرەو پێشەوە) زەربەیەکی مەزنی خواردبوو، بەڵام هێشتاش پشکی لە دەسەڵاتدا هەبوو. ماو لە سەرەوەی(سەرۆکایەتی) حیزبی کۆمۆنیست دا مایەوە و لە کۆمەڵگاشدا خاوەنی نفووزێکی زۆر بوو. خۆشەویستییەکەی لە نێوان کەسە ئاساییەکاندا هێشتا زۆر بوو. تەنانەت زۆرێك لەو کەسانەش کەدواتربەدرۆوە، تاوانبار کران بە چالاکی بەدژی ماو، وەها ڕێزێکیان لە ماو دەنا، کە قەناعەتیان بە خۆیان دەهێنا کە ئەم تۆمەتانە دەشێت بەجۆرێك ڕاست بن ـ چونکە ماوی مەزن مومکین نەبوو، هەڵە بکات.

(لیۆشاۆچی) یش، لە دەسەڵاتدا بوو. ئەو سەرۆك کۆمار بوو و نفووزێکی زۆری لەسەر سیاسەتی حکوومەت هەبوو. ماو لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا، لەگەڵ لیۆ و پشتیوانەکانی وەك دێنگ شیاوپنیگ، زۆر دڵگران بوو. لەڕاستیدا ئەو ڕقی لە دابەش کردنی دەسەڵات لەگەڵ هەر کەسێکدا، دەبووەوە. دەیهەویست جارێکیتر فەرمانڕەوای ڕەهای چین بێت ـ و بۆ بەدەستهێنانیشی هەموو کارێکی دەکرد.

ماو لەشەڕ لەگەڵ لیۆ شاۆچی و دێنگ شیاۆ پینگدا، هاوپەیمانی تێگەیشووی هەبوون. جیان چینگ، کانگ شێنگ، ولین پیاو، هاوڕێی بوون. لین لە هێزە چەکدارەکاندا نفووزی هەبوو، جیان لە ژیانی کولتووری وڵاتدا خەریك بوو کە نفووزی پەیدا دەکرد و (کانگ) یش لە پیلانگێڕی و بێبەزەیی و تۆمەتلێدانی بێبناغەدا، دەستێکی باڵای هەبوو.

ئەوەی کە بەڕاستی کێشەی لەسەر بوو، دەسەڵاتی سیاسی بوو. بەڵام پشتیوانەکانی ماو، ئامانجە ڕاستەقینەکەیان دەشاردەوە. ئەوان بانگەشەیان دەکرد، کە لیۆ خەریکە هەوڵ دەدات

سەرمایەداری لە چین دا ببوژێنێتەوە و خەریکە روو وەردەگێڕێ لە کۆمۆنیزم و ماویزمی راستەقینە. لەگەڵ ئەوەیدا کە لیۆ، ئارەزووی پەیڕەوی کردنی کوێرانەی لە ماو، لە کارەساتێکی وەك (بازدانی مەزن بەرەو پێشەوە) دا، نەبوو، بەڵام ئەوەی کە ئەو هەوڵی دەدا سەرمایەداری ببوژێنێتەوە، راست نەبوو. بەم حاڵەوە، لەگەڵ توندبوونی شەڕی دەسەڵاتدا، وەها تۆمەتگەلێك زیاتر باوبوون و لەڕوانگەی ملیۆنەها چینییەوە، زیاتر باوەڕی پێ دەکرا.

## ئاژاوەی بەربڵاو

لە هەلومەرجی ئاسایی، شەڕی دەسەڵات لەناو حیزبی کۆمۆنیستدا، بەڕادەی پێویست توندوتیژیهێنەر دەبوو و لەوانە بوو کە ملیۆنەها کەس پلەکەیان لە دەست بدەن. بەڵام لە دەیەی ١٩٦٠ دا، رکەبەریی نێوان ماو و لیۆ، بوو بە هۆی((شۆڕشی گەورەی کولتووریی پڕۆلیتاریایی) و لە ناو حیزبی کۆمۆنیستەوە، چووە نێو تەواوی کۆمەڵگای چین. شۆڕشی کولتووری بەزوویی، بۆ ئاستی توندوتیژی عەوامانە(گشتی خەڵك) دابەزی و چینی بردە ناو ئاژاوەیەکی بەربڵاوەوە.

## دەربڕین لە ژێر پەردەدا

زۆرێك لە پڕهەیەجانترین بابەتە کێشەدارەکان لە شۆڕشی کولتووریدا، لەوانەیە بۆ ئێمە زۆر سەرسوورهێنەر بن. کاربەدەستە پایەبەرزەکان لەبەر بیروڕایان لە بارەی کەسایەتی شانۆنامەکان، یا تەنانەت رەخنە و هەڵسەنگاندنەکەیان، کارەکەیان لە دەست دەدا. کاربەدەستگەلێکی پایەبەرزی تر، لەسەر ناوەڕۆکی ئۆپێراکان، تێکهەڵدەچوون. ئەم گفتوگۆیانە، ئەو راستییە دەهێننە زەینەوە، کە شەڕی راستەقینە لەسەر دەسەڵاتە. باس و موجادەڵە گشتییەکان لە بەر ئەم هۆیانە وەها شێوەگەلێکی سەیر و سەمەرەیان دەگرتەخۆ چونکە خەڵکی بەشێوەیەکی نەریتی خاوەنی ئازادی دەربڕین نەبوون و بەزۆری ئەوەی کە بەڕاستی دەیانهەویست بیڵێن، بەشێوەیەکی رەمزاوی دەیان گوت. کاتێك کە چینییەکان لە بارەی شانۆنامەیەکەوە قسەیان دەکرد، لەوانەبوو کە قسەکانیان لەبنەڕەتدا، لەبارەی ماو یا دژبەرەکانییەوە بن.



***باوەڕ و کارە چاکەکان، تان و پۆی یەکترن***

*لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی کولتووری، خەڵك لە ڕۆژئاوادا بەشێوەیەکی فراوان ئاگاداری ئەوە بوون، کە ماو بەڕاستی چەندە بێبەزەیی بووە. سەرەڕای ئەمەش، زۆرێك سەردەمێك، لە ڕۆژئاواییەکان، نەزانانە، باوەڕیان وابوو کە ماو چاکسازێکی کۆمەڵایەتی گەورەیە. لەمانە مازلین ویلیامزی نیوزیلەندیی بوو. ئەو لە ١٩٦٧ دا، لە کتێبەکەیدا ((ڕۆژهەڵات سوورە))، لەبارەی تواناکانی ماویزمەوە، بەشێوەیەکی تاڕادەیەك عارفانە، نووسیویەتی:*

*((ماو خاوەنی گرنگییەکی زۆرە: لە پلەی فەیلەسووفێکی مۆدێرنی خاوەن گرنگیی نێونەتەوەیی، لە پلەی ستراتیژیستێکی سیاسی و عەسکەری، لە پلەی بلیمەت، لەپلەی ئوستورە (زۆرێك لە چاودێرە ڕۆژئاواییە لێهاتووەکان، باوەڕیان وایە کە مردووە). دەتوانن هەر کامەیەکی دەیانەوێ هەڵبژێن.*


*باوەڕی من لەسەر ئەوەیە کە ئەو سەرکەوتووترین بانگەشەکەری مۆدێڕنە، کە جارێکی تریش رایگەیاندووە کە باوەڕ و کارە چاکەکان، تان و پۆی یەکترن. هەروەها باوەڕم وایە کە دەسکەوت و وتار و فێرکردنەکانی، نەك تەنیا هەڕەشە، بەڵکو رووبەڕووبوونەوەیەکن بۆ رۆژئاوا و بەتایبەتی مەسیحییەتی رۆژئاوایی و ئەگەر بەزوویی مەسیحییەت نەبوژێندرێتەوە، ئەوا بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت، چونکە دنیای رۆژئاوایی ئێمە، کە زەین و ویژدانێکی ئاڵۆزی هەیە، خوازیاری رێنوێنییەکە، کە دین نایدات و مەسیحی لە خاچدراو ئیدی پاساودەری کارەکانی کەنیسەی ئەو نییە.*

*بەڵام چینییەکان باوەڕیان وایە کە ماو..... روحی ئەوانی ئازاد کردووە و نرخێکی داونەتێ، کە ئامادەن لەبەر ئەوە، مایەیان لە گیان و دڵ بۆ دانێن، کە زۆر لەسەرەوەی ئەو شتەیە کە ئێمە رۆژئاواییەکان، ئامادەین بۆ ئەنجام دانی)).*

## لە سەرکار لابردنی های جۆی

ناکۆکی نێوان ماو و لیۆ شاۆچی، سەرەنجام لە تشرینی دووەمی ١٩٦٥ دا، ئاشکرا بوو و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە جیان چینگ و کانگ شێنگ، هاوڕێ لەگەڵ پشتیوانەکانیان لە چاپەمەنییەکانی چین دا، زنجیرەیەك وتاری رەخنەیی یان لە سەر شانۆنامەیەك دەستپێکرد، کە هاوپەیمانێکی لیۆ شاۆچی نووسیبووی.

شانۆنامەکە ناوی (لابردنی های جۆی) بوو و ووهان، جێگری شارەوانی پەکین، نووسیبووی و لە بارەی ئیمپراتۆرێکی چینییەوە بوو کە کاربەدەستێکی پلە بەرزی لەسەر کار لادەبرد. ماویستەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئەمە لەڕاستیدا لۆمە کردنی (ماو)ە، لەبەر لابردنی شەش ساڵ لەوەوبەری وەزیری بەرگری، (پنگ دێهو ئای) یە. لە ئەیلولی ١٩٦٥ دا، خودی ماو ئەم شانۆنامەیە و هێرشە گریمانەییەکانی بۆ سەررێبەرایەتی خۆی، دانە بەر ڕەخنە. ماو ئەوەی روونکردەوە کە: ((ناوەرۆکی سەرەکی شانۆنامەکە، بابەتی لابردنە لەسەر پلە و پایە. ئیمپراتۆر مینگ.... های جۆی لەسەر کار لابرد. ئێمەش لە ساڵی ١٩٥٩ دا، وەزیری بەرگری (پنگ دێهو ئای) مان، لەسەر کار لابرد. پنگ هەمان (های جۆی) ە))[21].



**هەوڵی ماو بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵات، بە هێرشگەلێك بۆ سەر چەند کەسێکی وەفادار بە رکەبەرەکەی، واتە لیۆ شاۆچی، دەستی پێ کرد. یەکێك لەو یەکەمین کەسانەی کە هێرشی کرایە سەر، پنگ چن، سەرۆکی شارەوانی پەکین بوو.**

شانۆنامەی وۆهان هێرش نەبوو بۆ سەر ماو. لەڕاستیدا ماو بۆ خۆی، بابەتی شانۆنامەی وۆهانی پێشنیارکردبوو، بەڵام کاتێك کە پێی سیاسەتە ترسناکەکان دەهاتە نێوەوە، ئیدی واقیعیەت گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو. وۆهان دەستی لە کارەکەی کێشایەوە. دواتر هێزە ماویستەکان، چوون بەدوای سەرۆك وۆهان، سەرۆکی شارەوانیی بەهێزی (پەکین) پنگ چن دا رۆیشتن، کە هاوپەیمانێکی تری لیۆ شاۆچی بوو. ئەوان، (پنگ چن) یان بە تۆمەتی پشتیوانی کردن لە هێرشی ئەدەبی وۆهان بۆ سەر ماو، تۆمەتبار کرد. بەڵام پنگ چن ئامانجی ڕاستەقینەی ماویستەکان نەبوو ـ هەر بەوجۆرەی کە (وۆهان) یش، نەبوو ـ بەڵکو لیۆ شاۆچی و دنگ شیاۆ پینگ، ئامانجی سەرەکی بوون.



پێکدادانەکە، خەریك بوو دادەرێژرا. زاۆ وێن هوا، لە چالاکەکانی حیزبی کۆمۆنیست، بەبیردێنێتەوە کە: ((بۆنی باروت لە هەوادا بوو. رووداوێکی جددی لەبەرەبەری رووداندابوو. هەمووو هەستیان بەوەدەکرد))[22].

### کودەتای عەسکەری

بەڵام ئەوەی کە وای دەکرد ماو دەسەڵاتەکەی خۆی بەدەست بێنێتەوە، حیزب یا ڕەخنەگرتنە فەرهەنگییەکان نەبوون، بەڵکو دەست بەسەرداگرتنی سوپای ئازادیبەخشی سێ ملیۆنی گەل بوو. لوو رویچینگ سەرۆکی گشتی هێزەکانی سوپای ئازادیبەخشی گەل، هاورێی لیۆ شاۆچی بوو و دەستیشی زۆر دەڕۆیشت. بۆ ئەوەی کە هەوڵی ماو بۆ لابردنی لیۆ سەرکەوتووبێت، لوئۆ دەبوو خرابایە لاوە. بەهەر حاڵ، هەر بەوجۆرەی کە ماو لە ساڵی ١٩٣٨ دا، رایگەیاندبوو: ((هەر گرووپێکی کۆمۆنیستی دەبێ ئەو حەقیقەتە دەرك بکات، کە دەسەڵاتی سیاسی لە لولەی تفەنگەوە دەردێت.))[23]. سوپای ئازادیبەخش تفەنگی هەبوو.

لوو ڕویچینگ زۆر لەمێژ بووکە لەگەڵ ماو و لین پیاودا، دژایەتی هەبوو. لۆو لایەنگری سوپایەکی رێکخراوتر بوو، لە حاڵێکدا کە ماو و لین لایەنگری شەڕی پارتیزانی و پشتبەستن بە جۆش و خرۆش و شەوق و هەستی رووتی مارکسیستی ـ لینینیستی، بوون.جۆن بایرۆن و ڕۆبەرت پەك، لە ((پەنجەکانی ئەژدیها)) دا، دەنووسن، کە: ((لۆو بوو بە ڕەمزی بەرگری، لە بەرامبەر هەڵێنجانی ماو لە سوپا و هەروەها زاڵبوونی لین پیاوش بەسەر سوپای ئازادیبەخشدا))[24]. روون بوو، کە ئەگەر بڕیاربایە پیلانەکانی ماو سەرکەوتووبان، ئەوا لۆو دەبوو بڕۆیشتبا.

لەهەشتەمی کانوونی دووەمی ١٩٦٥ دا، لۆو لە باشووری چین دا بوو،کە پەیامێکی پێگەیشت، بۆ کۆبوونەوەیەکی گرنگ بگەڕێتەوە بۆ شانگهای. کە گەیشتە شار، سەرنجی دا کە ژێردەستەکانی بە جۆرێکی رەزاگران و بەدفەڕ بێدەنگن. دواتر بەرەو (لیمۆزین) ێکی پەردەپۆش، رێنوێنیان کرد و بردیان بۆ شوێنێکی نادیار.

لۆو ئێستا ئیدی زیندانی بوو. لین پیاۆ دەستی کرد بە لێپرسینەوەیەکی بەردەوام لە فەرماندە پێشووەکەی، بەو ئومێدەی کە دانپێدانان بە خیانەتی لێوە دەرکێشێت. حەفتەیەك دواتر، لوئۆ بەدژە شۆڕش بوون تۆمەتبار کرا و لە هەمووو پۆستەکانی لابرا و بە فەرمی لە ماڵی خۆیدا دەستبەسەرکرا. کەمێك دوای ئەوە، لە پەنجەرەی قاتی شەشەمەوە، کەوتە خوار ـ یا خرایە خوارەوە. ئەم کەوتنە نەیکوشت، بەڵام ناخۆشییەکانی کۆتاییان پێنەهات. یەك دەیە چاودێری و

ئازاری ماویستی، لەوانە دوورخستنەوەی ناوخۆیی و هەلومەرجی دژواری ژیان، لە چاوەڕوانی لۆژدا، بوون. لین پیاۆ، بەلادانی لۆتۆ لەسەر رێگا، کۆنترۆڵی تەواوی سوپای گرتە دەست.

لین پیاو ئەو دەنگۆیەی بڵاوکردەوە، کە چەند کەسێك لەلایەنگرەکانی لیۆ شاۆچی، پیلانی لەناوبردنی ماویان داڕشتووە (شۆڕشی شوبات). لین، بە کردنەبیانووی ئەم دەنگۆیە، لە ئازاری ١٩٦٦ دا، سوپای **٣٩** هەزار کەسی، سی و هەشتەمی وەك (هێزی پارێزگاری) گواستەوە بۆ پەکین.

ماو ئیدی بە فەرمی رایگەیاند، کە ئەگەر پنگ چن و هاوپەیمانەکانی لە کۆمیتەی پەکینی حیزبی کۆمۆنیست و لە فەرمانگە جیاوازەکانی راگەیاندندا، پشتیوانی لە کەسانێکی وەك وۆهان، درێژە پێ بدەن، ئەوا لەناویان دەبات.

لە شانزەمی مایسی ١٩٦٦، مەکتەبی سیاسی، تەواوی پۆستە فەرمییەکانی (پنگ چن)ی، لەناوبراو سەندنەوە. بەپێی نووسینی جۆن بایرۆن و رۆبەرت پەك، (هەرەسهێنانی پنگ نیشانی دەدا، کە کانگ و هاوپەیمانەکانی، هەنگاوێکی بنەڕەتییان بەرەو بەدەستهێنانی دەسەڵات بەسەر تەواوی وڵاتدا، ناوە.) قوربانییەکانی دواتری کانگ، لیۆ شاۆچی و دنگ شیاۆ پینگ بوون[٢٥].

## پۆستەر، بەنیشانە گەلی مەزنی (نییەیوان زی) یەوە

ماو هەروەها هەوڵی دا، کە بەمەبەستی بەدیهێنانی زەحمەت بۆ ڕکەبەرەکانی، نائارامییەکی خوێندکاری، دەست پێ بکا. ئەو هەمیشە شۆڕشگێڕێك بوو، کە بە ئاژاوە و پێکداهەڵپژان، دەچووە پێشێ. خوێندکارە چینییەکان خوازیاری ئەوە بوون کە هێزە ئامادە پێویستەکانی ماو، بۆ بەدیهێنانی ئاشوب و بێسەرەوبەرەیی و فەوزا، ئامادەبکەن.

راست هەر بەوجۆرەی کە وۆهان لەبەر شانۆنامەیەك، هەرەسی هێنا، ئەوا خوێندکارەکانی چینیش بە هۆی پۆستەرێکەوە، تووشی هەڵچوونی ماویستی بوون.

لە زانکۆکانی چین دا، یەکێك لە رێگاکانی خۆدەرخستن و بوونی ئاشکرای خوێندکارەکان و مامۆستاکان، ئامادەکردن و نواندنی پۆستەرگەلێك بوون، بە چەندین نیشانەی گەورەوە. ئەم پۆستەرانە دروشمەگەلێکی شۆڕشگێڕی ـ وەك ((بژی سەرۆك ماو)) یا ((مردن بۆ ئیمپریالیستەکان)) ـ یان، بەنیشانە گەلێکی مەزنەوە رادەگەیاندن (زمانی چینی پیتی نییە، بەڵکو لەباتی ئەوە هەزاران نیشانەی هەیە) و لە شەقام و بینا گشتییەکاندا، دەخرانە پێش چاوی خەڵك.






**پۆستەر گەلێکی مەزنی وەك ئەمە (لەگەڵ دروشمی بژی ئەندێشەی تۆکمەی ماویستە تۆنگ) بەسەرنج دان بە نەبوونی ئازادی دەربڕین، یەکێك لەو رێگایانەبوو، کە چینییەکان دەیان توانی بوونی خۆیان دەربڕن. وەها پۆستەرێك لە شەڕی دەسەڵات لە نێوان ماو و لیۆدا، بە جۆرێکی باش خۆیان دەنواند.**

ئەم پۆستەرانە، هەروەك هەموو شێوەکانی تری دەربڕین لە کۆماری گەلی چین دا، دەبوو پەسەندکەری هەڵوێستە فەرمییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین دەبوون. تەنانەت بچووکترین نەگونجان لەگەڵ هێڵی سەرەکی حیزبیدا، لەوانەبوو بۆ ئامادەکەری پۆستەر، مەترسیدار بێت.

نییە یوان زی، سەرۆکی گرووپی فەلسەفەی زانکۆی پەکین بوو. ئەم خانمە و شەش خوێندکاری، لە ٢٥ی مایسی ١٩٦٦ دا، لافیتەیەکیان بە نیشانەگەلێکی گەورەوە ئامادە کرد، کە سەرۆکەکانی زانکۆ و فەرمانبەرە حیزبییەکانی تری لایەنگری لیۆ شاۆچی، دەدانە بەرهێرش. دارودەستە توندڕەوەکەی دەوروبەری ماو، دەیانهەویست کە هەواڵی کارەکانی نییە یوان زی، لە رۆژنامە و رادیۆکاندا، بڵاوبکەنەوە. بەڵام لایەنگرەکانی لیۆ هێشتا ئەوەندە دەسەڵاتیان هەبوو، کە پێش بە وەهاکارگەلێك بگرن. سەرەنجام لە یەکەمی حوزەیراندا، ماو فەرمانی دا بە رۆژنامە و رادیۆکانی کۆماری گەلی چین، کە لەبارەی پۆستەرەکەی (نییە) وە،

خەڵکی چین ئاگاداربکەنەوە. بڕیارەکەی ماو نیشانەیەکی گومان هەڵنەگربوو، بۆ حیزب و هەموو خەڵك، کە لیۆ شاۆچی تووشی کێشەگەلێکی جدی سیاسی بووە.

پۆستەرەکەی نییەیوان زی، هێرشگەلێکی ئاشکرای زۆری، لە پێوەندی لەگەڵ لایەنی لیۆ شائۆچیدا، تێدابوون، کە بەجۆرێکی بەربڵاو توندتر دەبوون. شۆرشی کولتووری وەجوڵە کەوتبوو و بەخێراییش دەچووە پێشێ. بە بەهێزبوونی ماویستەکان، ژمارەیەکی زۆر لەلایەنگرەکانی لیۆ شاۆچی، لەسەر کار لابران.

*((پاشایەتی خوازەکان ترساون))*

*چەسپاندنی یەکەمین پۆستەرەکان، بەنیشانەی مەزنەوە، هەواڵی دەستپێکردنی شۆڕشی کولتوورییان دەدا. ئەم سەروتارەی ژمارەی چوارەمی حوزەیرانی ١٩٦٦ ی ڕۆژنامەی (خەڵك) لە پەکین دا، کە لە کتێبی (شۆڕشی مەزنی کولتووری لە چین) دا، لە ((ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئاسیا)) سەرلەنوێ چاپ کراوەتەوە، باس لە شەوقێك دەکات، کە ئەم پۆستەرانە دەیان خوڵقاند:*

*((ئەمڕۆکە لە زانکۆی پەکیندا، بارودۆخێکی شۆڕشگێڕی گەرم و گوڕ هەیە. پۆستەرێك کە حەوت هاوڕێ، لەوان نییە یوان زی، بە نیشانەگەلێکی مەزنەوە، هەڵیان واسی، هەنگاوی یەکەمین بوو. لە زانکۆدا هەموو کەوتنە ژێرکاریگەییەوە و لەگەڵ ئەوەی کە ناوەرۆکی ئەم پۆستەرە لە رادیۆدا راگەیەندرا و لە ڕۆژنامەکانیشدا بەچاپ گەیەندرا، شادمانییەکی فراوانتری بەدی هێنا. شۆڕشگێڕە پرۆلیتاریاییەکان دڵخۆش بوون و ریزی چەپ بەخێرایی پەرەی سەندووە. دەیان هەزار پۆستەری لەم شێوەیە، وەك بارانی گوللە، بەسەر کەسانێکی دژە حیزبی و دژە سۆسیالیستدا، باریون. پشتیوانی کردەیی هەموو زانکۆ و کۆلیژەکان لە پەکین دا، هێزی شۆڕشگێڕ و سیمای پرۆلیتاریایان، بەتوندی پەرەپێ‌داوە.((پاشایەتی خوازەکان)) ترساون و بەتەواوی کەوتوونەتە پەراوێزەوە. خوێندکارەکان، ئەندامەکانی دەستەی زانستی و فەرمانبەرەکانی زانکۆکان، لە ژێر رێبەری گرووپی کاری نێردراو لەلایەن کۆمیتەی حیزبی نوێی شارەوە، خەریکن لێ‌ بڕاوانە، هەلومەرجەکە چاك دەکەن و لەگەڵ خراپەکارییە دژە حیزبی و دژە سۆسیالیستییەکانی لو پینگ (سەرۆکی زانکۆ) و ئەوانیتردا، دەجەنگن...*

*هەلومەرج لە وڵاتەکەماندا زۆرباشە. خەڵك لە سەرانسەری وڵاتەوە، خۆشەویستییەکی بێ‌پایانیان لە بۆ سەرۆك ماو و کۆمیتەی ناوەندی... هەیە. ئەندێشەی ماو کاری کردووەتە ناو زەینی خەڵکەوە، ئاگایی سیاسی خەڵك لە هەر کاتێکی تر زیاتر چووەتە سەرێ و سەرکەوتنێکی مەزن لە شۆڕش و پێکهاتەی سۆسیالیزم دا، تۆمارکراوە. هەرکەسێك کە لەگەڵ سەرۆك ماو، ئەندێشەی ماو، کۆمیتەی ناوەندی حیزب، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا یا سیستەمی سۆسالیستیدا دژایەتی بکات، هەر کەسێك بێت، هەرپلەیەکی بەرز کە هەیبێ و بەهەر رادەیەکیش کە پێشڕەو بووبێت، ئەوا ناتوانێت لە لۆمەی تەواوی حیزب و میللەت، دەربچێت. تەنیا ئەنجامی شیاو، لەناوچوونی تەواوی ئەوە)).*



## هەرەسهێنانی لیۆ و دنگ

لە هەژدەمی تەمووزی ١٩٦٦ دا، ماو، کە دەسەڵاتەکەی هەر رۆژە زیاتر دەبوو، گەڕایەوە بۆ پەکین.

لیۆ شاۆچی هەوڵی دەدا، کە پاشماوەی دەسەڵاتەکەی بپارێزێ. ئەو یازدەمین کۆبوونەوەی گشتی (پلینۆم)ی، کۆمیتەی ناوەندی هەشتەمی بەست، چوونکە وای فکر دەکردەوە کە دەتوانێ بەئاسانی ئەم کۆبوونەوەیە کۆنترۆل بکات و پلینۆم پشتیوانی لە هەڵوێستەکەی دەکات. بەڵام ئەو لە هەڵەدابوو.

لە کۆبوونەوەکەدا، لین پیاۆ، دووکەس لە کاربەدەستە باڵاکانی لیۆ شاۆچی بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ کودەتا، تۆمەتبار کردن. (لودینگیی وەزیری رۆشنبیری و یانگ شانگ کۆن کاربەدەستی پۆلیسی نهێنی).

لین پیاۆ ئەم تۆمەتە ئاڕاستەی، کردە بەهانە و فەرمانی بەسەربازەکانی دا کە رادیۆ و شوێنە ئەمنییەتییە گشتییەکان لە پەکیندا، داگیربکەن. بە لە دەستدابوونی وەها شوێنگەلێکی گرنگ، کودەتاکەی خەریك بوو هێزی بەدەست دەهێنا.

لیۆ شاۆچی ئێستا ئیدی تێگەیشت، کە لە هەڵوێستێکی مەترسیداردایە. بڕیاری دا کە بەئاشکرایی هەڵەکانی قبوولّ بکات، بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە دوور بکەوێتەوە لە کێشەی زۆرتر. ئەو بە رێبەرایەتی حیزبی گوت: ((خۆم هۆی ئەم ناخۆشییەم و ئەگەر ناڕەزایەتیم لەبەرامبەردا بنوێنن، ئەوا ناتوانم لۆمەتان بکەم))[٢٦]. لیۆ ئومێدەوار بوو، کە بە ئەنجامدانی ئەم دانپیانانە، ئەوان لێی ببوورن.

## (کانگ) ی بێبەزەیی

لیۆ شاۆچی دووبارە لە هەڵەدابوو. لە هەلومەرجی ئاساییدا، رێبەریی چین لەوانەبوو کە وەها دانپیانانێك پەسەند بکات و ئیزن بە لیۆ بدات کە لە ئارامیدا ژیان بەسەر ببات. چەند ساڵێك بەر لەوە، کانگ شێنگ کە خرابووە لاوە، تەنیا بۆ ئاستی کاربەدەستێکی پارێزگا دابەزی. بەڵام ئەمجارە (کانگ) ی، بێبەزەیی لە پشتی پڕۆسەی پاکسازییەوە بوو و قسەکانی لیۆ، راست بوون بەهۆی هێرشی زیاتر و توندتر بۆ سەری. کانگ شێنگ لە هەژدەمی ئابی ١٩٦٦ دا، ئەو فەرمانانەی دەرکردن: ((تکایە یەکەکانی سوپای سوور، بە مەبەستی

پڕاگەیشتن بەو خائینانەی کە چوونەتە هەر فەرمانگە و یەکەیەك، ڕێکبخەن. کاری پێویست لە پێوەندی لەگەڵ دەستبەسەرکردن و خیانەتی لیۆ شاۆچی و ئەوانیتر، بکەن))[٢٧].

هەر لەو مانگەدا، لیۆ لە پلەی دووەمی حیزبەوە، دابەزی. ساڵێك دواتر، کەسانێك وەها بێبەزەییانە لێیان دا، کە پێیەکی شکا.

لەم نێوەدا، دارودەستەی ماو لەناوچوونی (دنگ شیاۆپینگ) یشیان، خستبووە بەرنامەوە. ماو لەبەر لادانی ئەو دواییانەی دنگ، لێی نارازی بوو: ((لە کۆبوونەوەکاندا، بە دوور لەمن دادەنیشێت. لە ١٩٥٩ شەوە تا ئێستا، لە بارەی کارەکەیەوە، راپۆرتی پێنە داوم))[٢٨]. ماو دەیزانی، کە هۆی لادانی دنگ ئەوەیە کە لایەنی لیۆ شاۆچی لەبەرامبەر ماودا، گرتووە.

دنگ ئومێدەوار بوو، کە بە گۆڕینی هەڵوێست و دژایەتی نەکردن لەگەڵ ماودا ـــ کاتێك کە سەرۆك ماو هاوڕێ کۆنەکانی دێنگ، واتە لیۆ، وۆهان و پنگ چنی پاکسازی کردن ـــ پێش بەلابردنی خۆی لەسەر دەسەلات بگرێت. بەڵام ئەم ستراتیژییە بۆ رزگارکردنی دێنگ زۆر درەنگ بوو. بەپێی نووسینی دانەری ئەڵمانی ئۆلی فرانتز لە (دنگ شیائۆپینگ) دا: ((دنگ ئومێدەواربوو کە بە قوربانیکردنی پنگ چن، ماو رازی بکات و بەرفراوانی کارە رادیکاڵەکانی کەم بکاتەوە. بەڵام زۆر لە هەڵە دابوو))[٢٩].


کاتێك کە ماو توانی گومان لە وەفاداری لیۆ شاۆچی (لە وێنەکەدا) دروست بکات، کانك شێنگ دەستی کرد بە سووککردن و بێنرخکردنی ئەو.

لە کانوونی دووەمی ١٩٦٦ دا، بڵاوکراوەکان پڕبوون لە هێرش بۆ سەر دنگ. ئەوان تەشەریان لێ دەدا، کە راست لە پشتی سەری لیۆ (ڕێبواری ژمارە دووی سەرمایەداری) یەوەیە و دەیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەر مێتۆدەکانی سەرمایەداری و ناویان لێ نابوو (رویزیۆنیستی خرۆشچفی).

تا ئەم کاتە، زۆرێك لە دژبەرەکانی ماو، مەحکوم کرابوون بەمەرگ، یا لە کاتی لێپرسینەوەدا، تا ئاستی مەرگ لێیان دەدرا (مێتۆدێك کە تێیدا لە کەسەکانیان دەدا، عەزابیان دەدان و ناچاریان دەکردن کە دان بنێن بە



هەڵە سیاسی و کەسییەکانیان). ماو، دنگی بەدوورگرت لە هەریەك لەم دوو چارەنووسە، بەڵام لەو سزایانەی نەبوارد، کە ئێستا ئیدی بۆ کەسانێك دیاری دەکران، کە ماویان تووڕە کردبوو. کڵاوی درێژیان لەسەر دنگ دانا و لەناو شەقامەکان دا، گەڕاندیان. هەروەها ناچاریان کرد، کە بەدانان بە هەڵەکانی، لە کۆبوونەوە مەزنەکان دا، لۆمەی خۆی بکات. کەسێك کە سەردەمانێك ڕێبەری بە دەسەڵاتی حیزب بوو، ئێستا کاری گەشتبووە جێگایەك، کە لە کارخانەیەکدا کاری دەکرد و دەژیا.

***((هەر کەسێك وای هەست دەکرد، کە تووشی هەڵەگەلێك بووە))***

*شۆڕشی گەورەی کولتووریی پرۆلیتاریایی، بەگەرم و گوڕییەکی گشتی زۆرەوە دەستی پێکرد. بەهۆی خۆشەویستی تایبەتی سەرۆك ماو، زۆر کەس بۆ پاکسازی دژبەرەکانی پشتیوانییان لێ دەکرد. ئان ئێف. تێرستۆن لە (دوژمنانی گەل) دا، لە وانگ هۆنگ باۆ، کوڕی یەکێك لە کاربەدەستە باڵاکانی حیزبەوە، دەگێڕێتەوە، کە ئەو وەبیری دێتەوە، کە خەڵك لە رۆژەکانی سەرەتای شۆڕشی کولتوورییەوە، چ هەستێکیان هەبووە.*

*((کاتێك کە خەڵك پێتان دەڵێن، هەمیشە بەدژی شۆڕشی کولتووری بوون و هیچ کاتێك پشتیوانییان لێ نەکردووە، نابێ باوەڕ بە قسەکەیان بکەن. زیاتر لێیان بپرسن. چونکە کاتێك کە شۆڕشی کولتوری دەستی پێکرد، هەموو پشتیوانییان لێ کرد. نەوەد لە سەدی خەڵك پشتیوانییان لێ کرد ـ تەنانەت کەسانێکیش کە تۆمەتباربوون، تەنانەت کەسانێکیش کە هێرشیان کرایە سەر.*

*باوکم یەکێك لە یەکەمین ئەو کەسانە بوو، کە راست دوای وۆهان، راست دوای پاکسازی کۆمیتەی حیزبی(پەکین)، کەوتە بەر هێرشەوە. و باوکم باوەڕی وابوو کە هەڵەی کردووە. هەستی دەکرد کە تووشی هەڵەیەکی جددی بووە. رۆژێك هاتەوە ماڵ و ئەمەی پێگوتین. گوتی: کە بەئەنقەست تووشی هەڵە نەبووە، بەڵکو ئەو کاتە سەرنجی نەداوە کە کارەکەی هەڵەیە، بۆیە هەروا درێژەی بە هەڵەکانی داوە. بەڵام دەیگوت کە هەمیشە پشتیوانیی لە سەرۆك ماو کردووە. ئێمە نابێ بەهۆی ئەوەی کە بەسەرئەودا هاتووە کەسێك لۆمە بکەین. من گەیشتمە سەر ئەو باوەڕەی کە هێرشەکانی سەر باوکم پاساودارن.*

*شوێنگەی ماو زۆر بەرزبوو؛ دەسەڵاتی زۆر زۆر بوو. ئەو وەك خودایەك بوو. نەدەبوو کە لەگەڵ قسەکانی دا نەبێت. هەرچییەکی کە دەیگوت راست بوو. لە ئەنجامدا، کاتێك کە ئەو و ئەوانیتر دەیانگوت باوکم تووشی هەڵەگەلێك بووە، ئەوا من باوەڕم دەکرد.*

*سەرەڕای ئەمانەش، هەرکەسێك وا هەستی دەکرد کە تووشی هەڵەگەلێك بووە. رۆشنبیرە کۆنەکان باوەڕیان وابوو کە تووشی هەڵەگەلێك بوون. دەبوو دیتبانتان. هەموویان دانیان بە هەڵەکانیان دادەنا. تەنانەت لیۆ شاۆچی، دانپێدانانەکەی خۆی نووسی. بەم پێیە، کاتێك کە خەڵك پێتان دەڵێن، کە ئەوان قەت باوەڕیان بەوە نەهێناوە کە هەڵەیان نەکردووە، نابێ قسەکەیان قبووڵ بکەن.*

## مردنی لیۆ شائۆچی

شۆڕشی کولتووری چین بەزوویی لە ستەمکاری هەمەلایەنەدا، پێشبڕکێی لە شۆڕشی فەرەنسا و رووسیا بردەوە ـ. بە جۆرێك کە لیۆ شاۆچی بەزوویی تێگەیشت. لیۆ شاۆچی، وەك رەمزی بـەرگری لە بەرامبەر ماودا، ناچاربوو  کە بەهۆی وروژاندنی تورەیی ماو، نرخێکی زۆر قورس بدات.

ئەو لێدانە دڕندانانەی کە لە ئابی ١٩٦٧ دا لە لیۆیان دان، زەرەرێکی جددییان لـە سـەلامەتی ئەودا. یەك سەعاتی پێدەچوو، تا کارگەلێکی ئاسانی وەك جل و بەرگ پۆشین یـا کـەمتر لـە سـێ مەتر ڕێ ڕۆیشتن ئەنجام بدات. پاسەوانەکانی ئیزنی ئەوەیان نەبوو کە هیچ هاوکارییەکی بکەن. ئەو خواردنەی کەپێیان دەدا نانی وشك و برنجی بێکەڵك بوو. لیۆ شاۆچیی پیر، کە تەنیا حـەوت ددانـی مابوونەوە، لە جوینی خۆراکدا کێـشەی هـەبوو. ئـان ئێـف. تێرسـتۆن لـە (دوژمنـانی گـەل) دا، دەنووسێت: ((لاشەی بەرەو بێهێزی دەچوو. دەستەکانی دەلەرزین. بەزەحمەت دەیتوانی کە خـواردن بگەیەنێتە دەمی. خواردن دەڕژا بەسەر لاشە و رووومەتیدا.))[٣٠]

تـا هـاوینی ١٩٨٦ تووشـی نەخۆشـی هەڵاوسـانی سـیپەلاك (ذات الریـة) ببـوو. پزیـشکە چارەسەرکەرەکانی، بەدانانی لە بەرامبەر کۆبوونەوەکانی ململانێی وشك و دڵـساردکەرەوە، زۆرتـر هەلومەرجەکەیان ناخۆشتر کرد. سەرەنجام رایان سـپارد کـە لـە نەخۆشـخانەدا، بیخـەوێنن، بـەڵام کاربەدەستەکان لەگەڵ ئەم پێشنیارەدا، دژایەتییان کرد.

لیۆ ئێستا ئیدی ئەوەندە بێ هێز ببوو کە نەیـدەتوانی خـۆی خـۆراك بخوات. بۆیـە لەڕێگـەی لولەیـەکی پلاسـتیکییەوە، خواردنەکـەی دەخـوارد. لـە ٢٤ تـشرینی دووەمـی ١٩٦٨ دا، لـە حەفتایەمین ساڵیادی لەدایکبوونیدا، هاوڕێ کۆنەکانی پێیان راگەیاند، کە یەك مانگ بەرلەوە، لـە حیزبی کۆمۆنیستدا، دەرکراوە.

لیۆ لەم هەلومەرجە ناخۆش و نیوە زیندووەدا، بۆ ساڵێکی تریش مایەوە. لە یەکەمی تـشرینی یەکەمی ١٩٦٩ دا، لین پیاو فەرمانی دا کە لیۆ و کاربەدەستە باڵاکانی دیکە پێشووی حیزب، کـە دەرکرابوون، لە پەکینەوە بگوازرێنەوە بۆ بەندیخانەیەك لە کایفنگ دا. لە هەوایەکی ساردی پـاییزی دا، داپۆشەری لیۆ شاۆچیی بێ هێز و پیر، تەنیا بەتانییەکی کۆن بوو و سـەرلەنوێ بـە (ذات الریـة) تووش بووەوە.

سەرەنجام و شوکری خوا، لیۆ شاۆچی لە دوازدەمی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ دا مـرد. تـا سـێ ساڵ تەنانەت بنەماڵەکەی، هەواڵی مردنەکەیان نەزانی. دەیەیەکی تەواو تێپەڕی، تا خـەڵکی چـین ئاگاداری کۆچی دوایی سەرۆك کۆماری پێشوویان بوون.



لیۆ تەنیا کەسێك نەبوو، کە لەگەڵ رەفتارگەلێکی دڕندانەی ئاوهادا  رووبـەڕوو بـووەوە. ئـەوە نموونەیەك بوو لەوەی کە بەسەر هەزاران کاربەدەستی تری حیزبی دا هات، کە لـە رەوتـی شۆڕشـی کولتووریدا، پاکسازی کران.

## شەڕی جیان چینگ، لە بواری کولتووریدا

جیان چینگ شۆڕشی کولتووری کێشایە ناو بواری هونەر و کولتووری وڵاتەوە. هاوسەری مـاو، ئەو ئۆپێرا و شانۆنامەی قەدەغەکردن، کە نوێنەری دلێری ئیمپراتۆرەکان یا قارەمانە کۆنەکان بوون. ئەو فەرمانی دا کە هونەری چینی دەبێت بە ڕێزگرتن لە حیزب، کرێکار و وەرزێڕەکان، خزمەت بـە شۆڕشی ماوئیستی بکات.

جیان سەرەتا یەکێتی شانۆنامەنووسە چەپەکانی پێکهێنا، کـە پەرەپێـدەری شـانۆنامەگەلێکی بەڕەنگ و بۆی توندی پروپاگەندەیی ماویستی بوو. دواتـر لـە تـەلاری گـەورەی گـەلی پـەکین دا، ڤستیڤاڵی ئۆپێرای پەکینی بەناوەڕۆکگەلێکی هاوچەرخەوە بەرپاکرد، کە لـەخۆگری سـێ و حـەوت ئۆپێرای شۆڕشگێڕیی نوێ دەبوو.



**لە بەرهەمێکی جیان چینگ دا، بەناوی سەربازی سوپای سوور، لە کۆتایی نواندنەکە دا، وێنەی ماو لەسەر شانۆکە دەردەکەوێت. جیان هەوڵی دەدا، کـە بـە بـەکاربردنی دەسـتکەوتگەلی ئـەدەبی و کولتـووری چـین لـە خزمـەتی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەدا، ئاییینی پەرستنی ماو بەرفراوان بکات.**

مەبەست ئەوەبوو کە ئەم ئۆپێرا و شانۆنامانە دەبێت لە بارەی شۆڕش و خەباتی چینایەتییەوە بن، نەك لە بارەی ناوەڕۆکگەلی کۆنەی ((ئیمپراتۆرەکان، شازادەکان، سەردارەکان، وەزیرەکان، زانستخوازەکان و جوانییەکان و لەسەروی هەموویانەوە، ڕوحەکان و غولەکان))[٣١]ەوە.

زۆرێك لە کاربەدەستەکان، بەتایبەتی پنگ چن و دنگ شیاۆپینگ، بەرلە هەرەسهێنانیان، لە بەرامبەر هەوڵەکانی جیان دا،وەستان. دنگ بەرهەمەکانی جیانی بەدەربڕینی ((کۆمەڵێك مرۆڤ، کە لەناو شانۆدا بەرەو لای چەپ و ڕاست هەڵدێ، بەبێ هیچ نیشانەیەك لە هونەر))[٣٢] وە، ڕەت دەکردنەوە.

ئۆپێراکانی، بەڕاستی پارچەگەلێکی ماندووکەر و نەزانانەی پروپاگەندەی سیاسی بوون، بەڵام ئەمە نەدەبووە هۆی ئەوەی کە ئەم ئەکتەرەی پێشوو (جیان) لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرچی زیاتری دامەزراوە کولتوورییەکانی وڵات، راوەستێت. ئەو لە ١٩٦٥ دا، لە کاری ئەنجوومەنی ناوەندی (فیلارمۆنیك) دا، دەستی وەرداو ڕایگەیاند، کە سەمفۆنییەکانی شێوازی ڕۆژئاوایی ((مردوو))ن.[٣٣]

بەڵام بەختی مەزنی ئەو، هێشتا لەڕێدا بوو. لە ١٩٦٦ دا، هاوپەیمانە تازەکەی لین پیاۆ، بۆ پۆستی ڕاوێژکاری تایبەتی هونەری بۆ سوپای ئازادیبەخشی گەل، دیاری کرد (نفووزی جیان لە سوپادا ئەوەندە نەبوو). جیان، لەڕێگەی هونەرەکانەوە، هەڵێنجانی خۆی لە شۆڕشی رادیکاڵی ماویستی، گواستەوە بۆ ملیۆنەها کەس لە سەربازە گەنجەکانی سوپای چین. بەپێی نووسینی راس تریل لە (عفریتی سپی ئێسك) دا: ((ئەو وا بڕیار بوو کە راوێژکاری سەرەکی سوپایەکی سێ‌ملیۆنی بێت لە بوارەکانی ئۆپێرا، سەما و مۆسیقا و ڕۆماندا. وابڕیار بوو، وەك ئەفسەرە پیاوەکان جل و بەرگی عەسکەری لەبەر بکات. ئەم پۆستە جیانی خستە ناو ڕەوتی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسییەوە))[٣٤].

### پاراستنی شۆڕش

شۆڕشی کولتووری لەسەر بنەمای ئامانجە باڵاکانی ـــ بەڵام بەزۆری ناواقعییانەکانی ـــ شۆڕشی کۆمۆنیستی چینەوە: وەك، رزگاربوون لە دەسەڵاتی بیانی، یەکسانی تاکەکان، و هەلومەرجی ژیانی باشتر بۆ کرێکار و وەرزێڕەکان، وەستابوو. بەم حاڵەوە، ئامانجی پڕ لە هات و هەواری پاراستنی شۆڕش لەگەڵ توندوتیژی، ستەمکاری و دڕندەخووییدا، هاوڕێ بوو. مردنی زاڵمانەی لیۆ شاۆچی تەنیا بەشێك لەو دڕندەییە بوو، کەچینی لەناو خۆیدا، نوقم کرد. شۆڕشی مەزنی کولتووریی پرۆلتیاریایی، کە دەیهەویست چین ئازاد بکات، تاڕادەیەك لەنێوی برد.



## (٤)

## گاردە سورەکان، تیرۆری سوور

بزووتنەوەی خوێندکاری گاردی سوور، لە ڕەوتی شۆڕشی کولتووریدا، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. گاردە سورەکان، گرووپی لاوەکان، بەزۆری مێرمنداڵ، میلیشیای ماوسیتی شێوە عەسکەری بوون، کە پەیمانی خۆفیداکردنی دەمارگرژانەیان لە گەڵ ماو و ئەندێشەکانیدا، دەبەست. گاردە سورەکان ماویان وەك وەسیلەیەك، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات چاولێ دەکرد. ئەم گرووپە بوون بەدەروازە شکێنەری ماو، ڕێگایەك بۆ دۆزینەوەی خائینەکان و سزدانیان.



ئەندامەکانی گاردی سووری ماو، لە ١٩٦٦ دا، لە پەکین، ڕێپێوان دەکەن. گاردە سوورەکان، بە سزادانی هاوڵاتییە دژبەرەکانی چین، کاری چەپەڵی ماویان بەدی هێنا و لە بەرامبەریشدا، دەسەڵات و پلەیان لە ماو وەرگرت.

گاردە سورەکان لە مایسی ١٩٦٦ دا، لە زانکۆی چینگ هو ئای پەکین دا، پێکهاتن. ئەم گرووپە، کاری خۆی بەناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سەرۆکەکانی زانکۆ، دەست پێ‌کرد، کە دانراوی دەوڵەتی لیۆ شاۆچی بوون. ماو هاندەری ئەم بزوتنەوەیە و شۆڕشگەلێکی تریش بوو، کە بزووتنەوەی گاردی سووریان بەدی هێنا. ئەو دەیگوت: ((ناوەندەکانی فەرماندەیی بۆمبباران بکەن))و، ئاماژەی نەك تەنیا بۆ دوژمنەکانی لە دەزگای ڕێبەریدا ـــ دەسەڵاتدارگەلێکی حیزبی کەبەڕێگای سەرمایەداریدا دەچوون ـ بەڵکو، بۆ هەموو کاربەدەستەکانی تریش بوو، بێجگە لە خۆی[٣٥]. گاردە سورەکان بەزوویی لە ناوەندی زانکۆییەوە، چوونە ناو فەزای گشتی کۆمەڵگای چینەوە. ئەوان بەدوای

دوژمنەکانی ماوەوە بوون ـ چ ڕاستەقینە و چ وەهمی ـ و بەدڕندانەترین شێوە، لەگەڵیان دەجولانەوە.

## دایك و باوكێك لە پێنج توێژی سوورەوە

گاردە سورەکان لە سەرەتادا، ئەندامەتییان لە یەکەکانی خۆیاندا، بۆ خوێندکار و قوتابی لە پێنج توێژی سووردا، بەرتەسك کردبووەوە، واتە ئەو گرووپانەی کە وا هەست دەکرا بەشێوەیەکی سروشتی شۆڕشگێڕن: واتە بۆ ئەو لاوانەی کە دایك و باوکەکەیان کرێکار، وەرزێڕ، ئەندامی سوپای ئازادی بەخشی گەل یا کادیرە شۆڕشگێڕەکان (کە بەر لە ١٩٤٥، چووبوونە ناو حیزبی کۆمۆنیستی چین) و شەهیدانی شۆڕش، یا لە کەسانێك بوون کە لە هێنانە سەرکاری ڕژێمی ماویستی دا، کەوتبوونە بەر سەرکوتی کۆمینتانگ. ئەم خوێندکارانە بە پێشینەی چاکی کرێکاری یا وەرزێڕی (واتە چینە ستەمدیدەکانی کۆن) دوژمنییەکی زۆریان لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەبوو، کە پێشینەیەکی خراپ یا بۆرژوازییان هەبوو (واتە نوێنەری چینە ستەمکارەکان). ئەو خوێندکارانەی کە دایك و باوکەکەیان لە پێنج توێژی سوور بوون، ڕاست لە دەرگای پێشەوەی پۆلدا ئیزنی چوونە ناویان هەبوو، لە حاڵێکدا کە ئەو کەسانەی پێشینەیەکی بنەماڵەیی خراپیان هەبوو، لە دەرگای پشتەوە وەردەگیران. لە حاڵێکدا کە بەهیچ شێوەیەك ئیزنی چوونە ناویان پێنەدەدرا. لە ناوەندی خوێن بەخشینی (نۆرمەن بیتۆنی) پەکین دا، گاردە سورەکان، ئەو کەسانەی کە پێشینەی کۆمەڵایەتی خراپیان هەبوو، بە زۆری، نەیاندەهێشت کە خوێن بدەن و لە تێکەڵ بوون بە ئەوانیتر، پێشیان پێ دەگرتن[٣٦].

وتارێك کە گاردە سورەکان فێرگەی فرۆکەوانی پەکین نووسیبوویان، باسی لەوە دەکرد کە:

*ئەوشتەی کە ئێمە، دەکا بە گاردە سوورەکانی سەرۆك ماو.... لەو واقیعیەتەوەیە کە ئێمە کوڕانی، کرێکار، وەرزێڕە هەژارەکان، کادیرە شۆڕشگێڕەکان، کادیرەکانی سوپای شۆڕشگێڕ و شەهیدانی شۆڕشین. چ کەسانێك مێژوویان دروست کرد؟ چ کەسانێك کۆمەڵیان بەرەوپێشەوە برد؟ چ کەسانێك بەسەر دنیادا زاڵ بوون؟ باوکان و دایکانی ئێمە، لەم پێنج توێژە سوورە، ئەم کارانەیان ئەنجام دان[٣٧].*

ئیرەیی ئەم خوێندکارانە، سەبارەت بەو کەسانەی کە بەرلە شۆڕش پێشینەی چینی بەرزیان هەبوو، هاوکاری دەکردن، بەبەدی هاتنی ئەم هەڵسوکەوتە رقاوی و پڕ لە هەڵاواردنانە. لەڕەوتی چاکسازییەکانی لیۆ شاۆچی دا، ئازادییەکی زیاتر دەدرا بە خوێندکارە بۆرژواکان لە چوارچێوەی



سیستەمی فێرکردنی چین داو ئەوان کارەکەیان لە قوتابخانەدا، باشتر لە خوێندکارەکانی ئەو پێنج چینە سوورە ئەنجام دەدا. بزووتنەوەی گاردە سورەکان، هەر بەو خراپە خوازییەوە (ناحەزییە)، هێرشییان دەکردنە سەر، کە دەیان کردە سەر دارودەستەی لیۆ شاۆچی، یا هەر گرووپێکی تر.

## (گاردە سوورە) ڕەشەکان

لە حاڵێکدا کە ئەندامەتی لە گاردە سوورەکاندا، تایبەت بوو بە خوێندکارەکانی پێنج توێژە سوورەکە، بۆیە خوێندکارە پێشینە بۆرژواییەکان بەزوویی گاردە سوورەکانی خۆیان دامەزراندن. ئەم خوێندکارانە، کە لە پێنج توێژی ڕەش بوون (کە لەخۆگری منداڵانی خاوەن زەوییەکانی پێشوو، وەرزێرە دەوڵەمەندەکان، دژە شۆڕشەکان و ڕاستگەراکان، بوون)، چەندین مەبەستیان (پاڵنەر) هەبوون. هەندێکیان ڕاستگۆیانە لە ژێر کاریگەری گەرم و گوڕی شۆڕشی کولتووری دابوون و باوەڕیان بە ئامانجەکەی، واتە بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێی چینی هەبوو. بەڵام ئەوانیتر تێگەیشتبوون کە گاردە سورەکان، سەرچاوەی نوێی دەسەڵاتن و دەیانهەویست کە بەشێك لەم دەسەڵاتە بۆ خۆیان بەدەست بێنن. هەندێك لە خوێندکارەکانیش ڕەنگە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان، چووبوونە پاڵ ئەم بزوتنەوەیە. ئەگەر نەچووبانە پاڵ یەکەکانی گاردە سوور، لەوانە بوو تۆمەتی دژە شۆڕشییان لێبدرێت و دوا جار بیانگرن و ئازاریان بدەن.

(گاردە سوورە) ڕەشەکان بۆ ئەوەی کە خۆیان سوورتر گاردە سوورەکان نیشان بدەن، بەزۆری تووشی هەندێك لە توندڕەوترین، هەڵسوکەوتەکانی شۆڕشی کولتووری دەبوون. بەڵام توندوتیژییەکانیان، هیچ هاوڕێیەتییەکی لە نێو گاردە سوورەکانی پڕۆلیتاریادا، بۆ بەدی نەهێنان. ئادریان هێسیا لە (شۆڕشی کولتووری چین) دا نووسی:

*پڕۆلیتارییەکان ئامادەبوون تا هەر شوێنێك کە پێویست بێت، بڕۆنە پێش تا بۆرژواکان لە بزووتنەوە نوێیەکە دووربکەونەوە و ئەم کارەش دەبووە هۆی ئەوەی کە ئەوان وەك ڕکەبەرگەلێکی پڕۆفیشناڵ، لەنێوبچن. لە حاڵێکدا کە بۆرژواکان بەبەشی خۆیان، ئامادەبوون کە لە توندڕەوانەترین چالاکی شۆڕشگێڕیدا بەشداری بکەن، تا پارێزگاری لە ئایندەی زانکۆیی و کاری خۆیان بکەن[٣٨].*

بەڵام کەلێنی نێوان بۆرژوا ـ پڕۆلیتاریا، لە نێو گاردە سوورەکاندا، تەنیا هۆی جیاوازی نەبوو لە نێوان ئەو گاردانە. تەنانەت گاردە سوورەکانی پڕۆلیتارییایی، بەزوویی تۆمەتی دژە شۆڕشییان لەیەکتر دا و لەگەڵ یەکدا پێکهەڵپژان. ئەوان هەروەها هێرشیشیان کردە سەر ئەندامەکانی ڕێبەرایەتی حیزب و تەنانەت دەستیان لە باڵی ڕادیکاڵیش بەرپێبەری جیان چینگ، نەپاراست.

ئاشکرا بوو، کە شۆڕشی کولتووری بە هەوسار پچڕاوییەوە، خەریك بوو لە کۆنترۆڵ دەردەچوو.

## کۆبوونەوەکانی گاردی سوور

لە ناوەندی شۆڕشی کولتووریدا، کۆبوونەوە مەزنەکانی گاردی سوور هەبوون، کە لە پەکین دا ئەنجام دەدران. دەستپێکی ئەم کۆبوونەوانە، لە ئابی ١٩٦٦ دا بوو، کە جەماوەرێکی زیاتر لە یەك ملیۆن گاردی سوور لە سەرانسەری چینەوە لە گۆڕەپانی (تیان ئان مێن) ی، پەکین دا، کۆبوونەوە، تا گوێ لە قسەکانی سەرۆك ماو و پشتیوانەکانی وەك، لین پیاۆ و جیان چینگ بگرن.

لە قۆناغە یەکەمینەکانی شۆڕشی کولتووریدا، ڕێبەرەکانی ئومێدەواربوون کە هەر قوتابییەکی ئامادەیی و خوێندکارێك، بۆ نواندنی ڕێز لە ماو و دنیای نوێ و بێباکی شۆڕشی کلتووری، سەردانی پەکین بکات. ئەم ئامانجە بەرزەفڕانەیە، هیچ کاتێك بەدی نەهات، بەڵام پازدە ملیۆن گاردی سووری شاری، سەریان لە پەکین دا.



**لە حاێکدا کە لۆریەکی پڕوپاگەندەیی گاردی سوور لە شەقامەکاندا دەجولێ و بانگەشە بۆ فەلسەفەی ماوی دەکات، منداڵەکان لە دەوریدا کۆبوونەتەوە. ئەمە تەنیا یەکێك لەو ڕێگایانە بوو، کە گاردی سوور، بۆ نیشاندانی روحی وەفاداری بۆ ماو، بەکاریان دەبرد.**

خەڵك لەم کۆبوونەوانەدا، لە دەربڕینی هەستەکانی بۆ ماو، دەگەیشتە سنووری هەڵچون و شەیدایی و بەکردەوە ماویان هەر بەو شێوازە دەپەرست، کەنازییەکانی ئەڵمانیا، لە ستایشی ڕێبەرەکەیان، ئەدۆلف هیتلەردا، کۆدەبوونەوە. لەڕوانگەی زۆرێك لە بەشدارەکانەوە، دیتنی



سەرۆك ماو و بیستنی قسەکانی، خاڵی ئەوپەڕی ژیانیان بوو. گاردە سوورەکان، لەم کۆبوونەوانەوە، بەبڕیارێکی پتەوترەوە بۆ ریشەکێشکردنی هەموو دژبەرەکانی ماو و خۆیان، دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

***((ئێمە دنیای کۆن لێك هەڵدەوەشێنین))***

*لە کۆبوونەوەی مەزنی گاردە سوورەکان لە گۆڕەپانی (تیان ئان مێن) ی پەکین، لە هەژدەمی ئابی* ***١٩٦٦*** *دا، نییە یوان زی، مامۆستای توندڕەوی زانکۆ، لەو کەسانە بوو کە لە ستایشی ماودا، قسەی کردن. بەشێك لەقسەکانی کە لە کتێبی (شۆڕشی مەزنی کولتووریی لە چین دا) وەرگیراوە،، وەهایە:*

*((لە وڵاتی ئێمەدا، لە ژێر ڕێبەرایەتی ڕێبەری مەزنمان سەرۆك ماو، شۆڕشێکی مەزنی کولتووریی پڕۆلیتاریایی لەگۆڕێ دایە، کە لە مێژوودا وێنەی نییە. ئەمە شوڕشێکە بە گرنگییەکی جیهانییەوە. ئێمە دنیای کۆن لێك هەڵدەوەشێنین، دنیایەکی نوێ دەخوڵقێنین و شۆڕشی مەزنی کولتووریی پرۆلیتاریایی، تا سەر دەبەینە پێشێ.*

*کەشتی، پێویستی بە سوکاندار هەیە، گەشەی هەرشتێك پێویستی بەخۆر هەیە و ئەنجامی شۆڕش پێویستی بە هزری ماو هەیە. ئێمە لە ناخی دڵەوە، ئارەزووی تەمەندرێژی بۆ خۆشەویستترین ڕێبەرمان، سەرۆك ماو، دەکەین. ئێمە بە دوای ڕێکارەکانیدا دەچین، سەرنج دەدەینە کاروباری دەوڵەتی و شۆڕشی مەزنی کولتووریی پڕۆلیتاریایی، تا سەر دەبەین. ئێمە بە دڵنیاییەوە، بە دوای ڕێکارەکانی سەرۆك ماودا دەچین، لەگەڵ دنیادا ڕووبەڕوو دەبینەوە و دەچینە پێشوازی زریانەکان و دەبینە باوەڕپێکراوترین میراتگرەکانی شۆرشی پرۆلیتاریا.*

*سەرۆك ماو، سوورترین خۆرە لە دڵەکانی ئێمەدا. شۆڕشی گەلی چین هیچکات لە جولە ناکەوێ و لە تۆفان و شەپۆلەکانیش ناترسێ. ئێمە ڕێکارەکانی سەرۆك ماو بۆ هەمیشە لەناو زەینماندا جێگیر دەکەین و خۆمان لە تۆفان و ئالۆزییە مەزنەکاندا، تاقی دەکەینەوە. ئێمە لەبەرگریکردن لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب و سەرۆك ماو، لەمەرگ سڵ ناکەینەوە. ئێمە لەگەڵ کێوێك لە شمشێر و دەریایەك لە بڵێسە ڕووبەڕوو دەبین، بەڵام چرایەکی ڕێنوێنی مەزنمان هەیە-هزری ماو- کە بەدڵنیاییەوە، بەرەو سەرکەوتن، دەبێتە ڕێنوێنمان.*

*سەرۆك ماو لە نێوانماندا وەستاوە. ئەمە شادترین و گرنگترین ساتی ژیانمانە. ئێمە بەرهەمەکانی دەخوێنینەوە، پەیڕەوی لە ڕێکارەکانی دەکەین، بەپێی ڕێنوێنییەکانی کاردەکەین و بۆ پاشماوەی ژیانمان، شاگرد و موریدی باشی ئەو، دەبین.*

## چالاكییەكانی گاردی سوور

لە سەرانسەری چین دا، گرووپگەلێكی جۆراوجۆری گاردی سوور پێكهاتن، تا كۆتایی بێنن بە رێورەسمی كۆن و غەیرە ماویستی ژیان. ناوی یەكە نموونەكانی گاردی سوور ـ ((سەركەوتن یا مردن))، ((گاردە سوورەكان، بۆ بەرگری كردن لە ئەندێشەی ماوتسەتونگ))، ((خەبات تا مردن، لە بەرگری كردن لـە یەكـە سـەربازییەكانی سـەرۆك مـاو)) و ((پـۆلی عەسـكەری ئەندێـشەی ماوتسەتونگ)) ـ نیشانیان دەدا، كە تا چەند دەمارگرژن و تا چەندەش ماو دەپەرستن. ماو لـە ناوەندی دنیای ئەواندابوو.

گـاردە سـوورەكان، كـە بـە پـشتیوانی دەوڵـەتی توندڕەوەی ماویـستی و كاربەدەسـتە حیزبییەكان، كاریان دەكرد، داوای ئەوەیان دەكرد، كە لەسەر ڕووی هەموو بینا گـشتییەكاندا، وێنەی ماو هەڵبواسرێ و كۆمەڵێك لە نووسینەكانیشی لە هەموو فەرمانگەكاندا، هـەڵگیرێن. گاردەكان دەیانگوت، كە هەركەسێك دەبێت، لەگەڵ ئەندێشەكانی ماودا ئاشنابێت و نەك تەنیا لە باری سیاسییەوە، بەڵكو لە ژیانی ڕۆژانەشیدا، وەك ڕێنوێن بەكاریان بێنێ.

ڕێسایەكی توند بۆ چۆنییەتی نواندنی وێنەی ماو، حاكم بوو. تاڕادەیەك، لەهەر ماڵێكـدا، وێنەی ماو بە نیشانەی ڕێز دادەنرا. هەڵبژاردەی بەرهەمی چوار بەرگییەكەی كتێبی سووریش، كە لەخۆگری گوتەكانی سەرۆك ماو بوو، لە هەر ماڵێكدا شوێنگەیەكی بـەڕێزیان هـەبوو. لـە ماوەی دووساڵی سەرەتای شۆڕشی كولتووری، زیاتر لە ٧٤٠ ملیۆن نوسخە لە كتـێبی سـوور، چاپكرا.

گاردە سوورە، هێرشیان دەكردە سەر هەركەسێك، كە گومانیان لێ دەكـرد بۆرژوایـە (واتـە غەیرە كۆمۆنیست، یا لە چینی ناوەڕاسـت). بەشـێك لـە هەڵـسوكەوتەكەیان لەسـەر بنـەمای مێتۆدی كۆنی حیزبی كۆمۆنیست بوو، كە دوژمنەكانی ناچار بـەدانپیانانی درۆینـە دەكـردن و بەشێكی تریشی لە مێتۆدی نوێی چینییەكانەوە سەرچـاوەی دەگـرت، كـە مرۆڤـەكانی سـووك دەكردن. گـاردە سـوورە، قوربانییـەكانیان ناچـاردەكردن كـە كـڵاوی درێـژ لەسـەر بكـەن یـا لافیتەگـەلێك بەملیانـەوە هەڵواسـن و لـەم حاڵەتـەدا، لـە كۆبوونـەوە و خڕبوونـەوەكانی سەرشەقامدا، نیشانیان دەدان. كڵاوی درێژ مانایەكی تایبەتی بـۆ چـینییەكان هـەبوو، لەبـەر ئەوەی روحی مەحكوم لە جەهەنەم (دۆزەخ) دا، بۆ هەتا هەتایـە ئـەم كـڵاوەی لەسـەر دەبـوو. دانپیانانی قوربانییەكە بە گوناهەكانی یا ئاماژەگەلێكی تایبەتی شـكێنەر لەسـەر لافیتـەكان دەنووسران، كە لە لەوحی قورس دروست كرابوون، لە مەتریالێك كە تەختەڕەشـەی قوتابخانـەی



لێ دروست دەكرێـت. كێـشی لافیتەكـە دەرد و ڕەنجـی قوربانییەكـەی دوو بەرامبـەر دەكـرد. بەدرێژایی ئەو ماوەیە، گاردە سـوورەكان، بەسـەر قوربانییـەكانیان دا، هاواریـان دەكـرد، بـە گوێیاندا فیكـەیان لێ دەدا، بـۆ ئـەوەی ناچـاریان بكـەن، كـە دان بـە ئەندێـشەجیاوازەكان و دژایەتییان لەگەڵ ماودا، بنێن، گانگ(جۆرێك لە سازی زەربی)یان لێدەدا.

مشتەكۆڵە و پێلاقە لێدانەكان، لە گەڵ هات و هاواردا تێكەڵ دەبـوون. گـاردە سـوورەكان نەیاندەویست كە كات رابواردنەكەیان، بەزوویی تەواوبێت، دەیانهەویست كە قوربانییـەكانیان، تەنیا لـە كـاتی گونجـاودا، دان بـە تۆمەتەكانیانـدا بنـێن. دانپێـدانانی خێـرا، تـەنیا گـاردە سوورەكان، بەرەو توندوتیژی زیاتر، هاندەدان.

## بوون بەدوژمنی، گاردی سوور

سەرەنجام زیاتر لە بیست ملیۆن گـاردی سـوور، لـە مـاوەی خـراپترین ڕۆژەكـانی شۆڕشـی كلتووری لە ١٩٦٦ ەوە تا ١٩٦٨، لەسەرانسەری چیندا، وەڕێ كـەوتن. ئـەوان لـە شـارێكەوە دەڕۆیشتن بۆ شارێكی تر و وەك خەبات بەدژی كەسانی نەریتی و غەیرە ماویسیت دا، هـەڵایان دەنایەوە. ئەندامەكانی گاردی سوور بە زۆری، شۆڕشی كلتوورییان دەكردە بەهانە، تـا هێـرش بكەنە سەر دوژمنە تایبەتییەكانیان.

گاردە سوورەكان، لە ركەبەری بۆ سەلماندنی ئـەوەی كـە چ كەسـێك لـە هـەموان وەفـادارترە، هێرشەكانیان بۆ سەر چینییەكانی تر، توندتر دەكردن. ئەو كتێبانەیان ئاوردەدان، كـە گومـانی بۆرژوایی یا ڕۆژئاوایی بوونیان لێ دەكرا. گاردە سوورەكان، لەگەڕان بەدوای هـەر شـتێكدا كـە نیشانەیەك بوو لە (چوار كۆن) ەكە، یا خراپتر لەوە، پشتڕاستكەرەوەی هاودەستی لەگەڵ ڕۆژئاوا یا كۆمینتانگی دوورخراوە، (بەڵام هێشتا ترسناكی چیان كایشك) هێرشیان دەكـردە سـەرماڵە تایبەتییەكان. گەنجینە هونەرییەكانی پەیوەست بەڕابردوو یا ڕۆژئاوای سەرمایەدارییان، لەوانـە، ئەوانەی كە لە ناوەندی فەرهەنگستانی(ئەكادیمایی) هونەری پەكین دا، دەست دەكەوتن، لە نێـو دەبردن. ئەم كۆمەڵە گرانبەهایانـە وێـران كـران ـ مەگـەر ئەوانـەی كـە چـوونە نـاو كۆمەڵـە تایبەتەكانی كاربەدەستە باڵادەسـتەكانی وەك(كـانگ شـێنگ)ەوە. كـانگ شـێنگ خـۆی بـە هونەرمەند دادەنا و لەبەر كۆمەڵە بەربڵاوە تایبەتییە هونەرییەكانی، كە بەجۆرێكی نایاسـایی بەدەستی هێنابوون، بەناوبانگ بوو.

گاردە سوورەکان، نەك تەنیا لە سیاسەت یا فیلم یا مۆسیقای بیانی، بەڵکو رقیان لە هەر شتێکی بیانی دەبووەوە. هەر کەسێك کە بۆ کۆمپانیا بیانییەکان کاری کردبوو، دەکەوتە بەر تۆمەتی دوژمنایەتی لەگەڵ شۆڕش دا. گاردە سوورەکان، لە ناکاو و بێ پرس، دەچوونە ناو خانووەکانی خەڵك و لەبەر خواردنی خواردەمەنی بیانی وەك مرەبا، یا خواردنەوەی خواردنەوە بیانییەکانی وەك قاوە، لۆمەیان دەکردن.



ئەندامەکانی گاردی سوور، بۆ بەدنێوکردنی ئەندامەکانی (گرووپی دژە شۆڕشەکان) ئەوانیان لە شوێنی گشتیدا، سووك دەکردن و کڵاوی درێژیان لەسەر دەکردن، کە تاوانەکەیانی دەردەبڕی. وەها میتۆدگەلێك دژایەتی لەگەڵ ماویان کەم دەکردەوە.



*(دەبوو باوەڕت بەکەس نەکردبا،*

*سیستەمە دیکتاتۆرەکان خولقێنەری هەستگەلی ترسناکی بێباوەڕی و بەدگومانین و شۆڕشی کولتووری چین وەها ئاراستەگەلێکی گەیاندنە ئاستێکی نوێ. لە کتێبەکەی (فێنگ جیکای) دا بەناونیشانی (ئاوازەکانی گێژەڵوکە)، کرێکارێکی ون ناوی کارگەیەك، بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە:*

*((دڵنیام پیلانیان داڕشتبوو ئازارم بدەن. بیانویان قسەیەك بوو کە کردبووم. ڕاستییەکەی، ئەو قسە تەنها گاڵتە بوو. کاتێك کە خەریك بووم لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێکانم کە هاوکاری نزیکم بوون، دەمخواردەوە، تەشەرێکم لێدا لەبارەی ئەوەی کە چۆن، ئیمپراتۆری یەکەم مینگ، کاتێك کە لەسەر تەخت دانیشت، یەکسەر هەموو پیرەوە وەفادارەکانی کوشتن. ئەمەیان وەك بێرێزی بەسەرۆك ماو گێڕابووەوە بۆ سەرۆکەکانی کارخانەکە. لەو رۆژانەدا نەدەبوو باوەڕت بەکەس کردبا. تا شەوی دوتر، واتە دووەمی ئازاری ١٩٦٨، ئاگام لێ نەبوو کە راپۆرتم دراوە و لەناکاودا لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا، وەك دژە شۆڕش ناساندمیان. یەکسەر پۆستەرگەلێك بە نیشانەی مەزنەوە، لە هەموو شوێنێکی کارگەکەوە، بەرزبوونەوە.*

*نهێنییەکەی منیان دۆزیبووەوە ! لەسەر بنەمای ئەم پۆستەرانە، پێشینەی بنەماڵەیی من، لەباتی کرێکار، گۆڕابوو بۆ سەرمایەداری. بەم پێیە من لە هەوڵی (داخ لەدڵی چینایەتی) دا بووم. نازانم کێ ئەو شتە بێمانایانەی نووسیبوون، بەڵام هەموویان رەنگیان پەڕی. من بەهیچ جۆرێك نەمدەتوانی بەرگری لەخۆم بکەم. لەسەرەتادا ئەمە تەنیا تۆمەتێك بوو، بەڵام دواتر نوێنەری سوپا ئەم دروشمەی دا: ((خەباتی قسەیی، نەك توندوتیژی !)) ئەمە نیشانەیەکی لە پێشدا دیاریکراو بوو. گرووپێکیان هێرشیان هێنانە سەرم و زۆر خراپ لێیان دام. لە ئاسن و هەرشتێك کەڵکیان وەردەگرت، کە لەو دەوروبەرەدا، دەست دەکەوت. نەمدەزانی چ کەسانێك هێرشیان کردووەتەسەرم، تەنیا کارێك کە توانیم بیکەم، ئەوەبوو کە سەرم بەدەستەکانم و دەسماڵێك داپۆشی. خوێنێکی زۆرم لێ نەڕۆیشت، بەڵام ئازارەکە زۆر توند بوو. حاڵم زۆر خراپ بوو. هەموویان لێیان دابووم... هێشتاش گوێیەکم لەبەر ئەو لێدانانە، هەر قورسە و بەردەوام زرینگەی دێ. من لە ئەنجامی توندی لێدانی مشتەکۆڵە و پێلاقەی ئەوان، لە هۆش خۆم چووم. بەسیمێکی ئاسنین بەستمیانەوە و ناردمیانە لای پۆلیس)).*

ئەوان جارێکیان، هێرشیان کردە سەر منداڵەکانی پیاوێك، وەك ( تووڵە شاگردەکانی ئیمپریالیزمی سویسرا)[٣٩]، کە بۆ کۆمپانییەکی سویسرایی کاری کردبوو ـ (کۆمۆنیستەکان بە زۆری دوژمنەکانی خۆیانیان بە شاگرد ناو دەبردن) ـ و ناچاریان کردن کە کتێبەکانی باوکیان بسووتێنین.

گاردە سوورەکان، بەمەبەستی سووککردنی ئەو کەسانەی کە لێهاتوویی یا تواناییەکی تایبەتیان هەبوو، بەزۆری دەستیان دەدایە دڕندەگەرییەکی سەیر و سەمەرە. بۆ بێدەنگ کردن و سووککردنی ڕۆشنبیر و وتاربێژ خوێندەوارێکی بەرجەستە، زمانیان بڕی. پەنجەی زاوای کاربەدەستێکی ناسراویان شکاندن، کەلەبەر لێدانی پیانۆ لە کۆنسێرتێکدا ناوبانگی پەیدا کردبوو، بۆ ئەوەی ئیتر نەتوانێ، بەوەها لێهاتووییەوە پیانۆ بژەنێ. بەردەوام قسە بەو کەسانە دەگوترا، کەلەژێر لێپرسینەوەدا بوون و بۆ چەندین ڕۆژ نەدەهێڵرا، کە بخەون.وێنەگەلێك لە گاردە سوورەکان لە ڕۆژنامەکاندا چاپ بوون، کە لە حاڵی هەڵگرتنی سەبەتەگەلێکی پڕ لە گوێ و لوتی مرۆڤ بوون، کە لە ڕوومەتی قوربانییەکانیانەوە، لێیان کردبوونەوە. زۆرێك لە قوربانییەکانی شۆڕشی کولتووری، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر لەگەڵ ئەشکەنجە، سووکایەتی و ئازار و ناخۆشی دا ڕووبەڕوو نەبنەوە، خۆیان کوشت.



**ماو و لین پیاو، لە کۆبوونەوەی گاردە سوورەکان، لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن لە ١٩٦٦ دا. ماو بۆ بەرجەستە هێشتنەوەی ناوی لە زەینی خەڵکی چیندا هەروەها لە نێوبردنی دژبەریەتی، سوودی لەوان وەرگرت.**

## بێبەری لە مرۆڤایەتی

گاردە سوورەکان، پیاوێکیان بەتۆمەتی سەرمایەداربوون تاوانبار کرد، چونکە ژوورێکی زیادەی لە ماڵەکەیدا، دابوو بەکرێ. ئەوان هەموو شتێکیان لەماڵەکەیدا شکاند. خۆی و بنەماڵەکەیان بە قامچی لێدان و کێشانیانە ناو شەقامەوە و سووکایەتییان پێ کردن. دواتر گەڕاندیاننەوە بۆ ناو ماڵەکەیان و بۆ چەند ڕۆژ بێ‌خواردن هێشتیاننەوە. پاش دۆزینەوەی



قەڵەمبڕێك لە وێرانەکانی ماڵەکەیان دا، لەبەر داماویی و ناخۆشی حاڵەتەکەیان بڕیاریان دا، کە خۆیان بکوژن. کچی بنەماڵەکە دکتۆر بوو. قەرار بوو کە ئەو سەرەتا دایك و باوکی بکوژێت و دوای ئەوەش خۆی بکوژێت. ئەو باوکی کوشت، بەڵام دواتر گاردە سوورەکان ڕژانە ناو ماڵەکەوە. لەگەڵ دایکی لە پەنجەرەکەوە پەڕینە دەرەوە. دایکی بە زوویی مرد، بەڵام کچەکە، سەرەڕای دوو پێی شکاو و دەرمانێکی کەم لە نەخۆشخانەی زیندان دا، بەزیندوویی مایەوە. لە زینداندا لەبەر کوشتنی باوکی بە مەرگ مەحکومیان کرد، بەڵام لە ئازاری ١٩٧٩ دا، ئازاد بوو. ئەو کە هێشتا بە هەستکردن بە گوناهی کارەکەی دەژیت، لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی: ((لە شۆڕشی کولتووریدا، خەڵك لە مرۆڤایەتی خۆیان خاڵی بوونەوە. کام مرۆڤی ژیر دەتوانێ باوکی خۆی بە چەقۆ بکوژێت؟ لە هەلومەرجی ئاساییدا، هیچ کەس ناتوانێت تەنانەت وێناشی بکات.))[٤٠]

هونگ یونگ لی، لە (سیاسەتەکانی شۆڕشی کولتووریی چین) دا نووسیویەتی:

*بەگشتی، ڕووبەڕووبوونەوەکانی گاردە سوورەکان، خۆپەسەندانە، دیکتاتۆرانە و دڕندانەبوون، کە ڕەنگدانەوەی زەینییەتێك بوون، کە لەگەڵ هەڵکەوتی پاوانکاری و شازییان لە کۆمەڵگادا، گونجاوبوو. ئەوان بە هێنانەپێشی دروشمی (بژی هەستانەوەی پرۆلیتاریایی)، (دوژمنانی چینایەتی) یان، لە زیندانە تایبەتییەکان و ژوورەکانی ئەشکەنجەدا، دەخستنە بەر بەدرەفتاری و ئەشکەنجەوە.*[٤١]

## کێبرکێی ناولێنان

بەڵام هەموو هەڵسوکەوتەکانی گاردە سوورەکان توندوتیژ نەبوون. هەندێکیشیان بە تەواوی لەڕووی غیرەت و گەرم و گوڕی زیاد لە ئاست بوو، وەك ناولێنانی سەرلەنوێی کارخانەکان، دوکان و شەقامەکان، بۆ ئەوەی کە کۆماری گەل، لەوە ڕزگار بکەن کە لەڕوانگەی گاردە سوورەکانەوە، بە کاریگەری و دزەکردنی ترسناکی ڕۆژئاوا یا بۆرژوازی، دادەنران. بۆ نموونە لە پەکین دا، سەعاتفرۆشی کۆنی هەندەڵی، هەرچەندە کە ماوەیەکی زۆربوو پەیوەست بوو بە حکوومەتەوە، بەڵام ناوی خاوەنە بیانییەکەی پاراستبوو. ڕۆژێکیان، سەربازەکانی گاردە سوورەکان، لەڕێوە گەیشتن، تابلۆی ئاسنینی کۆنی دوکانەکەیان، کێشایە خوارەوە و ناویان لێ نا، سەعاتفرۆشی سەرمایە.

سەربازێك لاڤی لێدەدا و دەیگوت: ((ئێمە وامان بیردەکردەوە کە هەڵکەندنی تابلۆی ئاسنین کارێکی زەحمەتە، بەڵام کرێکارەکان ئامرازی پێویستیان داینێ و کاتێك کە بە چەکوشە دارینە قورسەکانی ئەوان، کێشامان بە ئاسنەکەدا، زۆر بەئاسانی شکا. ئەوەش تەنیا پلنگێکی کاغەزی تر بوو.))[٤٢]

هەوڵەکانی گاردە سوورەکان بۆ ناونانی سەرلەنوێی شەقامەکانی شار، بە تەواوی بێ کێشە نەچووە پێشێ. یەکە رکەبەرەکانی گاردی سوور، ناوی جۆراوجۆریان لەبەشە جیاوازەکانی شەقامەکان، دەنا، یا لە سەر زۆرێك لە شەقامە جیاوازەکان لە شارێکدا، ناوێکی باوی شۆرشگێڕی وەك، (دژە ئیمپیریالیست) یا (رۆژهەڵات سوورە) یان، دادەنا. زۆری پێنەچوو کە ئیتر هیچ کەس نەیدەزانی، کوێ بە کوێیە.

هەر ئەو پێویستییە بە هێمنی و ئارامی، بەزوویی توندوتیژی گاردی سووری، کۆتایی پێ دەهێنا.



## (٥)

## سەردەم هەڵدەگەرێتەوە

لەگەڵ ئەوەی ئەو بێ سەرەوبەرەیی و فەوزا و ئاشووبەی گاردە سوورەکان خولقاندبوویان، لەسەرانسەری چیندا پەرەی سەند، بەرگریش تاڕادەیەك یەکڕاست دەستیپێکرد. جێگای سەرسوورمانیش نەبوو. لە هەنگاوی یەکەمدا، لە پێکهاتەی دەسەڵاتی چیندا، هەموو پشتیوانییان لە تامەزرۆیی ماو بۆ دەسەڵات و توندوتیژی نەدەکرد. بەهۆی نفووزی لیو شاۆچییەوە، زۆرێك لە کاربەدەستە دەوڵەتییەکان، پەیوەست نەبوون بە باڵی ماوەوە. لە حیزبی کۆمۆنیستی چیندا تەنانەت ئەگەر جولانەوەی گاردە سوورەکان، تووشی توندوتیژی کوێر و نالۆجیك نەدەبوو، ئەوا ئەم کاربەدەستانە، سەرنجێکی ئەوتۆیان سەبارەت بەم گەنجە تووڕانە، نەبوو.

ئەم میانڕەوانە و هاوشێوەکانی تریان لە حیزبدا، لە سوپای ئازادیبەخشی گەل و لە تەواوی کۆمەڵگادا، بە بێزارییەوە دەیانڕوانییە توندوتیژی و وێرانکاری شۆڕشی کولتووری. هەندێکیش پەرچەکرداریان پیشاندا.

تەنانەت لە ئابی ١٩٦٦ دا، خەڵکانی مەدەنی چینی، بە کوشتنی ئەندامە خراپکارەکانی گرووپەکانی گاردی سوور، دەستیان دایە تۆڵەکردنەوە. وەها کردەیەك بەرلەوە وێنا نەدەکرا و نیشانی دەدا، کە کۆماری گەلی چین بە چ خێراییەکەوە، بەرەو شەڕی ناوخۆیی ئاژاوە و ئاشووبی تەواو، لە جولاندایە. مانگی دواتر، لە چینگ تاۆدا، چل هەزار کرێکار کۆبوونەوە، تا لەگەڵ دەستەکانی گاردی سووردا، شەڕبکەن. پێکدادانگەلێکی هاوشێوە، تاڕادەیەك لەهەر شارێکی تری گەورەی چیندا ڕوویان دەدا، کە بەزۆری لە نێوان یەکەکانی گاردی سووری پەکین، کە هێرشیان دەکردە سەر ناوچەیەك و کرێکار و وەرزێڕ و کاربەدەستە حیزبی و دەوڵەتییە ناوچەییەکاندا بوون، کە خوازیاری نەمانی بارگە و بنەی بێ یاسایی و ئاشووبی یەکە گاردە سوورەکان، بوون.

هەر بەو شێوەی کە گاردە سوورەکان، لە هێرشەکانیان دا دڕندە تر دەبوون، ئەوا سوپا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو فەزا ئاشووبگەرانەیدا، کە گاردی سوور دەیخولقاند، تووشی گومان دەبوو. هەندێك لە یەکەکانی سوپا، دەستیان دایە سەرکوتی گاردە سوورەچەپگەراکان. بەڵام زۆربەیان

وەهایان نەکرد. ماو هێشتا پشتیوانیی لە گاردە سوورەکان دەکرد، لە بەرامبەر هەرجۆرە دژ کردەیەکی سوپا (ئەرتەش)دا.

ئەم جۆرە کارکردنە، دوای ڕووداوێکی جددی لە وۆهان دا، کە ناوچەیەکی سەرەکی پیشەسازی چین بوو، کە تێیدا دووباڵی ماویستی گاردی سوور پێکهەڵپژان ـ گۆڕانی بەسەر داهات. چێن زایداۆ، فەرماندەی ناوچەیی سوپای ئازادیبەخش، بەلایەنگری لە باڵە تارادەیەك میانڕەوەکە، هاتە ناو کایەکەوە. باڵەکەی تر داوای لە پەکین کرد بۆ یارمەتی. دوو کاربەدەستی باڵا، چوونە وۆهان و فەرمانیان بە چێن زایداۆ دا، کە میانڕەوەکانی بخاتە ژێرزەختەوە. چێن گرتنی ئەم دوو کاربەدەستە پایە بڵندە، هەموانی سەرسووڕماو کردن.

## لە بەرەبەری فەوزا (ئەنارشی)دا

وا دەکەوتە بەرچاو کە چین لەبەردەمی غلۆربوونەوەیە بۆ پێکدادانە ئاشووبگێڕانەکانی نێوان ڕێبەرە عەسکەرییە ناوچەییەکان(شەڕ سالارەکان)، کە ماو و دەوڵەتی ناوەندییان بەهەند وەرنەگرت. وێناکردنی چاخێکی شەڕسالاری نوێ لەمێژووی چیندا، کاربەدەستەکانی لە پەکین دا، ڕاچڵەکاندن.



**گاردێکی لاو لە ڕەوتی کۆبوونەوەیەکدا لە ساڵی ١٩٦٦ هاوار دەکات.گاردی سوور بۆ چەندین ساڵی بچووك جیابووەوە، کە بەزۆری لە شەقامەکانی شارەکانی چین دا، پێکهەڵدەپژان. نەبوونی کۆنترۆڵ لە نێو گاردی سووردا، ماوی ناچار کرد لەم گرووپە دووربکەوێتەوە.**



ڕێبەرەکانی حیزب بە خێرایی فەرمانیان بە هێزە زەمینی و دەریاییەکان دا، کە ناوچەی وۆهان گەمارۆ بدەن. پەڕەشوتوانەکان، فڕۆکەخانە سەرەکییەکەی ناوچەکەیان داگیرکرد. چوین لای، سەرۆك وەزیر، بۆخۆی چوو بۆ ناوچەکە و هانی جەنەڕاڵ (چێن) ی دا، کە خۆی بدا بە دەستەوە. چێن و هاوکارە نزیکەکانیان بەفڕۆکە بەرەو پەکین گەڕاندنەوە، کە لەوێ بەدەستی سەربازەکانی گاردە سوورەکان و بەکرێگیراوەکانی کانگ شێنگ، تێرو پڕیان لێ درا.

لەسەرەتادا، وەها دەکەوتە بەرچاو، کە ڕووداوی وۆهان سەرکەوتنێکە بۆ گاردە سوورە توندڕەوەکان و شکەستێکیشە بۆ ڕێبەرانی سوپا، کە خوازیاری ئەوەبوون، کۆنترۆڵیان بکەن. بەڵام لەڕاستیدا، دژکردەوەیەکی تەواو پێچەوانە خۆی نواند. ڕووداوی وۆهان نیشانیدا، کە سوپا لە پاراستنی نەزم دا، ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەیە و کاتێك بێتەمەیدانەوە، هیچ هێزێکی تر لە چین دا، توانایی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵدا نییە. ئەم ڕووداوە هەروەها نیشانی دا کە زۆر کەس لە ناو سوپا و لە تەواوی کۆمەڵگادا، بەدژی کردەوە توندڕەوانەکانی گاردە سوورەکانن. ئەگەرچی چێن زایداۆ، شەخسی خۆی شکەستی خواردبوو، بەڵام ئامانجەکەی هەروا مایەوە. ڕاس تێرێل لە (ژیاننامەی ماودا) نووسی: ((ئامانجی شەڕسالاری (ناوچەی) وۆهان(چێن زایداۆ) سەرکەوت)).[٤٣]

بەم حاڵەوە، سوپای ئازادیبەخشی گەل، هێشتا ئیزنی نەبوو کەلەسەرانسەری وڵاتدا، کار بکات و لەوەش کە لە خۆڕا کاربکات، ترسی هەبوو. بۆیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گاردە سوورەکاندا، چاوەڕوانی کاتێکی گونجاو بوو. سوپا چاوەڕوان بوو و دان بەخۆداگرانە، کێشرانی چینی بۆ ناو بێ سەرە و بەرەیی چاودێری دەکرد. لین پیاو و هاوپەیمانەکانی، وایان لێکدەدایەوە کە ئەگەر هەلومەرج بەڕادەی پێویست خراپ بێت، ماو چارەیەکی نابێت جگە لەوەی کە بۆ ڕزگارکردنی چین، پەنایان بباتە بەر. هۆنگ یونگ لی لە (سیاسەتەکانی شۆڕشی کولتووریی چین) دا نووسیویەتی:

*بەرپرسانی سوپای ئازادیبەخش، بەئەنقەست لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان دا، کەم تەرخەمییان دەکرد، بەجۆرێك کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی تێکچوو، سیستەمەکانی پەیوەندی و گواستنەوە تووشی وەستان بوون و کاڵا پێویستەکان لە بازاڕدا، کەم بوونەوە. ئەوان تا ئاستێك ئیمتیازیان بە هێزە شۆڕشگێڕە توندڕەوەکان دەدا، بۆ نموونە ئیزنیان دەدا کە چەکە کۆنەکان بکەن بە ئی خۆیان، لە*

*حالێکدا کە بەحەزی خۆیان، چەکگەلێکی پێشکەوتووتریان دەخستنە بەردەستی کۆنە پارێزەکان(پارێزگاران)*[٤٤].

گاردە سوورە هێرشبەرەکان، تەنانەت سیاسەتی دەرەوەی چینیشیان تێکدا. ئەوان لەکانوونی دووەمی **١٩٦٧** دا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەیان داگیرکرد و تەڵەگرافگەلێکی پڕ لە سووکایەتییان بۆ وڵاتە بیانییەکان ناردن، کە بوون بە هۆی رووبەڕوو بوونەوە گەلێکی کێشەخولقێن لەگەڵ کۆمەڵێك وڵاتی وەك بۆرمان و کامبۆدیا. هەزاران گاردی سوور، کە ئەم بێحورمەتییانە تێری نەکردبوون، لە ئابی **١٩٦٧** دا، بۆ ماوەی دوو حەوتوو، باڵیۆزخانەی سۆڤیەتیان گەمارۆ دا و لەڕێگەی بڵنگوکانەوە، دروشمی دژە سۆڤیەتیان دەگوتن و جنێویان بەو کەسانە دەدا، کە لەناو باڵیۆزخانەکەدا بوون. لە هاوینی **١٩٦٧** دا، گاردە سوورەکان، باڵیۆزخانەی بەریتانیایان لە پەکین، ئاگر تێبەردا و لەگەڵ فەرمانبەرەکانی باڵیۆزخانەکەش خراپ جولانەوە و ناچاریان کردن کە لە بەرامبەر وێنەی مەزنی سەرۆك ماودا، سەر دانەوێنن.

***ئامانجی ئێمە ئەوە بوو، کە ئەو کەسانە سووك بکەین***

*هیچ سەرسووڕمانێکی تێدانییە، کە رای گشتی، بەزوویی بوو بە دژی گاردە سوورەکان و هەڵسوکەوتە وێرانکەر و زاڵمانەکەیان. دای هسیائۆ ئای، ئەندامی گاردی سووری یەکێك لە دواناوەندییەکانی کانتۆن، کە دواتر پەناهەندەی هۆنگ کۆنگ بوو، ئەزموونی خۆی لە کتێبی ستانلی کارنۆ (ماو و چین) دا، دەگێڕێتەوە:*

*((ئێمە بە کردەوە شتگەلێکی وەکو گوڵدان و شمەکی ناو ماڵمان، داگیر دەکرد، کە بەجۆرێکی نەریتی ڕازێنرابوونەوە. بەڵام ئەگەر شتگەلێکی شۆڕشگێڕانەی وەك، وێنەی ماو هەبان، وەکو خۆی دەمان هێشتنەوە. بەشێوەیەکی گشتی هەندێك شتمان تەنیا بۆ مەبەستی کاریگەربوون دەشکاندن و ئەوی تریمان دەست بەسەر دادەگرت... هەموو شتێکی دروستکراوی بیانی، وەك، بەتانی ولێفەی هۆنگ کۆنگی، هەروەها زێڕ و زیو، کاغەزی رول و تەنانەت ئەو کتێبانەشمان وەردەگرتن کە بەر لە* ***١٩٤٩*** *، چاپ کرابوون.*

*لەبەر ئەوەی بەگومان بووین لە خەڵك، کە شتەکانیان بشارنەوە، خانووەکانیان بە ووردی دەگەڕاین. هەندێك کات، دیوارەکانمان تێکدەدان و پشت گەچەکەمان چاولێ دەکرد و هەندێ جاریش، بۆ گەڕان بە دوای شتی شاردراوە، پێمەڕە و پاچمان هەڵدەگرتن و ژێرزەوی یا عەمبارەکانمان، وێران دەکردن...*

*کاتێك کە ماڵێك دەگەڕاین، ئەندامەکانیمان ناچار دەکرد کە لەلایەکەوە بوەستن و چەند کەس لە ئەندامەکانی گرووپەکە هاواریان دەکرد، کە ئەوان دەبێ دان بە تاوانە دژە شۆڕشەکانیان دا، بنێن. ئەگەر ژنێك قژی درێژی هەبووایە، ئەوا دەمان بڕین. هەندێ جار نیوەی سەری پیاوێکمان دەتاشی. ئامانجی ئێمە ئەوەبوو، کە تاپێمان بکرێ ئەم کەسانە تا سووك بکەین.*

*پەیکەر و تابڵۆی وێنەکان و شتگەلێکی تری لەم بابەتە لە پارکە گشتییەکان و پەرستگە و گۆڕستانەکان دا، بەخێرایی لەناو دەچوون. ئێمە لەم بارانەوە، بەرنامە و پلانێکمان نەبوو، بەڵکو تەنیا بەدوای شتگەلێکی وادا، لە ناو شەقامەکاندا، هات و چۆمان دەکرد. یەکێك هاواری دەکرد وەرن بڕۆین بۆ فڵانە پەرستگە و ئێمە هەموو، بەدوایدا دەچۆین. زۆربەی جارەکان، دەماندیت کە گرووپێکی تر بەر لە ئێمە لەوێ بوون و شتێکی جگە لە خۆڵەمێش یا پەیکەرێکی رەنگ کراو، نەماوەتەوە. لانیکەم رۆژی یەك جار پەیکەرێکمان بە داشقە دەبردە چوارڕێیەکی گەورەوە و لە وێدا بە تەشریفاتەوە، پارچە پارچەمان دەکرد. ڕێبوارەکان دەوەستان و چاویان لێدەکردین. هەندێك ئافەرینیان پێ دەگوتین، بەڵام زۆربەیان سەریان دادەخست و بەخێراییەوە، تێدەپەڕین)).*

## دەستبەسەرکردنی چێن یی

لاوە توندڕەوەکان، تەنانەت سەرۆك وەزیر (چولای) یان، دەستبەسەر کرد و هەڕەشەشیان لێ کرد کە دادگایی دەکەن. ماو رەزامەندی دا، بەڵام تەنیا بەومەرجەی کە لە تەکیدا، بوەستێ. (چو) دوای چەند رۆژێك ئازاد بوو. گاردە سوورەکان، هەروەها وەزیری دەرەوە، (چێن یی) شیان دەستبەسەر کرد و بە بێبەزەییەوە، خستیانە بەر لێپرسینەوەوە. هەرچەندە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، وەك وەزیری دەرەوەی گەورەترین وڵاتی دنیا مایەوە. (چێن) بەدەگمەن هێمنی خۆی لە دەست دەدا. گاردە سوورەکان، لەماوەی لێپرسینەوەکاندا، کڵاوی درێژیان لەسەردەنا، بەڵام لە حاڵەتی تردا ئیزنیان پێدەدا، کەلای ببات. ئەو داوای کرد، کە ئەگەر دەشێت لە کاتی خواردنیش دا، بیکەنە سەری چونکە ئیدی خوی پێوەگرتووە، بەڵام هەموو هاوکارەکانی، ئەوەندە خۆڕاگر نەبوون. یەکێکیان لەبەر ئەوەی زیاتر نەکەوێتە بەر هەڕەشە، گاڵتەپێکردن و ئەشکەنجەوە، خۆی کوشت.

سەرەنجام ماو شکایەتی کرد کە ((چێن یی) دوازدە کیلۆی کەم کردووە، ناتوانم لەم هەلومەرجەدا پیشانی میوانە بیانییەکانی بدەم))[٤٥]. ئەو فەرمانی دا، کە خراپ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ (چێن یی) رابگیرێ.

## ((من دەستێکی ڕەشم))

لە هاوینی **١٩٦٧** دا، کانگ شێنگ تێگەیشت، کە ماو خەریکە لە توندوتیژیی گاردیی سوور دەترسێ و بڕیاری دا کە بەفێڵ و تەڵەکە، کارێکیان پێ بکا، کە ببێتە هۆی دژایەتی ماو لەگەڵیان دا. کانگ کوای دافۆ، ڕێبەری یەکەیەکی زۆر توندڕەوی گاردی سووری، لە زانکۆی چینگ هوا دا، کە بزووتنەوەکە لەوێوە دەستپێکردبوو، هان دا، تا لەگەڵ سوپای ئازادیبەخشی چیندا، زیاتر ڕووبەڕوو ببێتەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە وای لە ماو کرد، کە لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەکەی گاردی سوور، بە سیاسەتەکانیدا بچێتەوە.

بەڵام ماو تا ساڵێك دواتر هیچ کارێکی نەکرد. لەم کاتەدا کانگ شێنگی فێڵباز، لە گاردە سوورەکان دوورکەوتبووەوە. هەر لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا، کانگ بێگومان لەسەر بنەمای فەرمانەکانی ماو، بەڕاشکاوییەوە هۆشداری دا بە ڕێبەرەکانی گاردی سوور، کە لە بڵاوکردنەوەی ئاشوب و بێسەرەوبەرەیی نالۆجیك لە سەرانسەری چیندا، لەڕادەبەدەر چوونەتە پێشێ.

*دەزانن، خەریکن چ کەسانێك خۆشحاڵ دەکەن؟ ئیمپریالیستە ئەمریکییەکان، ریویزیونیستە سۆڤیەتییەکان، خائینەکان و مەئمورە تایبەتەکان ــ خەریکن ئەمانە خۆشحاڵ دەکەن. ئێوە هاوار دەکەن کە شۆڕش تەواو نەبووە... هەندێکتان، گەیشتوونەتە لێواری کەوتن. هەنگاوێکی تر بنێن، کارتان تەواوە.*

ڕاست دوو ڕۆژ دواتر ماو، پێنج ڕێبەری بەرجەستەی گاردی سووری، لەوانە کوای دافۆ، نییە یوان زی ـ داهێنەری پۆستەرەکان ـ بانگ کردن.

ماو لەبەردەوامی بەکاربردنی توندوتیژی لەلایەن یەکە گاردە سوورەکان و ئەو بێ سەروبەرەییەی کە خولقاندبوویان، توڕە بوو. بەڵام کوای لە سەرەتادا تێنەگەیشت، کە ماو چەندە پەشێوە و لە بارەی دەستێوەردانی ئەندامە بەهێزەکانی حیزب، لە کاری گاردە سوورەکانی، شکایەتی کرد. ماو روونی کردەوە، کە حیزب بەپێی فەرمانەکانی ئەو کاردەکات و بە لەخۆباییبوونەوە گوتی: ((من دەستێکی ڕەشم، کە پێشی گاردە سوورەکانی گرتووە))[٤٧].

ماو توانای عەسکەری گاردە سوورەکانی بەگاڵتە گرت و روونی کردەوە، کە لە کۆماری گەلی چیندا، خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینە کێیە. تەنیا ئەوەندە بەس بوو، کە فەرمان بدات و ئازادی



کردەوەی یەکە گاردە سوورە، تەواو لە نێوبچێت. سەرۆك ماو بە گاڵتەوە گوتی: ((ڕادەی گاردە سوورەکانی کەمە..... چۆن دەتوانرێ لەگەڵ ڕادەی سەربازەکانی ژێر فەرمانی لین پیاو بەراورد بکرێ))[٤٨].

## ئەندامەکانی گاردی سوور دوور دەخرێنەوە

گاردە سوورەکانی بەزوویی تێگەیشتن، کە قسەکانی ماو و کانگ، چەندە بە ڕاست بوون. ئەو دووانە بەرەبەرە نیشانی گاردی سووریان دەدا، کە کۆنترۆڵی وڵات لەڕاستیدا بەدەستی کێیە و شۆڕشی کولتووریش بۆ چ کەسانێك وەڕێکەوتووە ـ ماو، کانگ و دارودەستەکەیان.

ماو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانی گاردی سووری بۆ ناوچە گوندی و دووردەستەکانی چین دوورخستنەوە. ئەگەر بەرگرییان کردبا، ئەوا دەکوژران. لە زستانی ١٩٦٨ـ ١٩٦٩دا، ماو بیست تا سی ملیۆن سەربازی گاردی، لە شارەکانی چینەوە، ناردنە دەرێ. پاسپۆرتە ناوخۆییەکانیان، کە بۆ گەشت لە ناو کۆماری گەلی چین دا پێویست بوون، پێداچوونەوەیان بۆ کرا و لە سەفەر بۆ ناوچە شارییەکان مەحروم کران. پسوولەکانی بەشبەندی (خۆراك و کەلوپەل) ناو شاریان باتڵ بوونەوە. سوپای ئازادیبەخشی گەل، لە شوێنێکدا کۆی کردنەوە و بە لۆری و شەمەندەفەر، ناردنی بۆ ناوچە دووردەستە گوندییەکان ـ تا ئەو شوێنەی کە مومکین بوو دوور بن لە ناوەندی دەسەڵات ـــ.

کاتێك کە گاردە سوورەکان گەیشتنە ناوچە گوندییەکان، دیتیان کە گاردە



**ماو لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا، قسە بۆ سەربازەکانی سوپای سوور دەکات، لەبەر خولقاندنی ئاژاوە لۆمەیان دەکات و داوایان لێ دەکات، کە بڕۆن بۆ گوندەکان و دەست بکەن بە هاوکاریکردنی دروونەوەی بەرهەم. سوپا بە دوورخستنەوەی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەندامەکانی سوپای سوور، بۆ ناوچە گوندییەکان، ئەم قسەیەی ماوی خستە بواری کردەبییەوە.**

سوورەکانی لە قوتابخانە گەلێکی تایبەتدا، ناونووس کراون. دەبوو، لەوێ لە وەرزێرەکانەوە فێربان و فێربوونی خۆیان لە هزر و ئەندێشەکانی ماوەوە، چاك کردبا. لە راستیدا، ئەم قۆتابخانانە شتێك نەبوون جگە لە ئۆردوگاگەلی کاری زۆرەملێ، کە گاردە سوورەکانی پێشوو، لەوێدا لەناو کۆڵێتگەلێکی وەرزێری دا، دەژیان و لە هەلومەرجێکی کۆیلە ئاسادا، کاریان دەکرد.

دوکتۆر لی ژیسویی، لە (ژیانی تایبەتی سەرۆك ماو) دا دەنووسێ: ((هەموو دەیان زانی، کە مەبەستی سەرەکی لە پێکهێنانی ئەم قوتابخانانە، فێرکردن نییە، بەڵکو سزادانە))[٤٩] ڕێبەرەکانی گاردی سوور، وەك نییە یوان زی و کوای دافۆ، کە سەردەمانێك ناوبانگیان هەبوو، ئێستا ئیدی لەوەها قوتابخانە گەلێکدا، ناونووس کرابوون.

تەنانەت ئەو گاردە سوورانەش کە نەنێردرانە ناوچە گوندییەکان، لە بەر توندوتیژییەکەیان دەکەوتنە بەر دژکردەوەی ماوەوە. ((تیپە کرێکارییەکانی پڕوپاگەندەی ئەندێشەی ماوتسە تونگ))، پێکهاتوو لە ئەندامەکانی سوپای ئازادیبەخشی گەل و کرێکارە ئاساییەکان، کۆنترۆڵی زانکۆکانیان بەدەستەوە گرت. کرێکارەکان، کە ئیرەییان بە ئیمتیازە تایبەتییەکانی خوێندکارەکان دەبرد و لە هەڵسوکەوتی خۆبەزلزانانەی ئەندامەکانی گاردە سوورەکانی، ڕەنجابوون، بەتایبەتی هەڵسوکەوتێکی توندڕەوانە و تۆڵەستێنانەیان، هەبوو. گاردێکی سووری پێشوو، بەگێڕانەوە لە (فنگ جیکای) لە (ئاوازەکانی گێژەڵوکە) دا، دەڵێت کە: ((کاتێك کرێکارەکان دەهاتن بۆ گوێگرتن لە قسەکانمان، ئەوا دوگمەی کراسەکانیان دەکردنەوە و پێیەکانیان لەسەر کورسی دادەنان))[٥٠].

گاردە سوورەکانی تر، بەتۆمەتی وەهمی، دەستبەسەردەکران. هەر هەمان ئەو گاردە بالآیە، کە لەسەرەوە باسی لێوەکرا، دەیگوت کە چۆن کاربەدەستە هاوژوورییەکانی، لەبەر نووسینی دروشمی دیواری، بەلایەنگری لە ماو، کە کەسێکی تر گۆڕیبووی بە دروشمێکی دژە ماوی، ناعادلآنە دەستبەسەریان کرد. گاردە سوورە هاوفکرەکانیی ئەو پیاوە، بەرلەوەی کە بەدەساڵ زیندانکردن مەحکوم ببێت، بەجۆرێکی زۆر ناخۆش و بێنرخانە، لە شاردا گەڕاندیان. خوێندکارێکی تر، بەڕێکەوت چەند دڵۆپ مەرەکەبی، وەشاندبووە سەر وێنەیەکی ماو. وێنەکە دۆزرایەوە و ئەویش بە دەساڵ مەحکوم کرا. هەر هەمان ئەو گاردە بالآیە، وەبیردێنێتەوە کە: ((بەڕاستی ترسناك بوو، تەنانەت خراپتر لە تیرۆری سپی (کۆمینتانگ)ی بەر لە ئازادیش))[٥١]



*((چەندە هاوپۆلییەکانم، ئیرەییان پێ دەبردم!))*

*تەنانەت، بە لادرانی یەکە گاردە سوورەکانیش، وەفاداری بۆ ماو، بەشێوەیەکی رەها پێویست بوو و نواندنی گەرم و گوڕی ئەم وەفادارییەش، بەهەمان ئەو رادەیە، گرنگیی هەبوو. رێگایەکی نیشاندانی ئەم وەفادارییە، فیزکردن بوو بە میدالیای ماو. قوتابییەکی پێشووی دواناوەندی، کە فنگ جیکای لە(ئاوازەکانی گێژەڵوکە: مێژووی زارەکی شۆڕشی کولتووریی چین) دا، بەبێ ئاماژە بۆ ناوەکەی، گێڕاویەتەوە، ڕوون دەکاتەوە کە لەسینگدانی وەها میدالیایەك لە ١٩٦٩ دا، چەندە گرنگیی هەبووە.*

*((ئەمە باشترین مەدالیایەك بوو، کە هەمبوو. لەو جۆرە مەدالیایانە، کە ئەو کات لە سینگمان دەدا و بەپێی گوتەی کەسانێك کە مەحرەمی نهێنییەکان بوون، (کەشتی هەڵمی هەشتا دەور)ی، ناوبوو. (هەشتا دەور) ئاماژەی دەکرد بۆ ئەو راستییەی، کە ئەستووری ئەم میدالیایانە هەشتا میلی مەتر بوو، تارادەیەك بە ئەندازەی (شاۆیینگ) ێك (جۆرێك کێکی کونجیداری پان، کە لە باکووری چیندا باوبوو). ئەم میدالیا هەشتا دەورییانە، گەورەترین میدالیایەك بوون، کە هەبوون. ئەندازەی ئەم میدالیایانە لەو بارەوە گرنگییان هەبوو، کە هەرچەندە گەورەتر بووایە لە رواڵەتدا، واتە خاوەنەکەی زۆرتر وەفادارە ـ و بەدڵنیاییشەوە، بەجۆرێکی سەرسووڕهێنەرتر تەماشا دەکرا. (کەشتی هەڵمی) ئاماژەی دەکرد بۆ ئەو کەشتییە هەڵمییەی لە دەریای تۆفانی دا بەملا وبەولادا دەچوو، کە سوکانداره‌کەی، ماو بوو و بەبێ ئەو کەشتییەکە رێگەی ون دەکرد. لەم مەدالیایانەدا، وێنەی ماو و خودی کەشتییەکە، لە کلێشەی مسی بوون، کە وەك ئاڵتون دەدرەوشایەوە. پشتی کەشتییەکە، لەسەرووی دەریاکەوە، خورێکی گەورەی سوور هەبوو. خودی مەدالیاکە بەرەنگێکی دەرەوشاوە، رووپۆش کرابوو، کە لە مەدالیا پێنج ئەستێرەکاندا دەدۆزرایەوە، کە ئەو کات، لە کلآویان دەدا. بەگشتی ئەم مەدالیا(هەشتا دەوری) یانە، ئەو کات لە جۆری خۆیاندا، نوێترین، گەورەترین و باوترین بوون. بچووکترین گومانێك لە ئارادا نەبوو، کە ئەوانە کاری وەستاکارێکی مەزن بوون. هاوپۆلییەکانم بە دزییەوە سەیری مەدالیا (هەشتا دەوری) یەکەیان دەکرد، کە لە جلوبەرگەکەم دابوو و چەند ئیرەییان پێ دەبردم! من کە بەتایبەتی لە خۆم سوپاسگوزاربووم و خۆم بەوەفادارترین کەس بە ئامانجەکان دادەنا، سەرم بەرزدەکردەوە و بەغرور و خۆنواندنەوە دەجوڵامەوە.*

## زاڵبوونی سوپای ئازادیبەخشی گەل

لەوێوە کە باڵی لیۆ شاۆچی ـ دێنگ شیاۆپینگ، هێشتا، لە پەراوێزدا بوو و گاردە سوورەکانیش، بۆ ناوچە گوندییەکان دوور خرابوونەوە، سوپای ئازادیبەخشی گەلی لین پیاو، نەك تەنیا لە دەوڵەتدا، بەڵکو تاڕادەیەك لە تەواوی کۆمەڵگای چین دا، رواڵەت و ئیعتبارێکی بەرفراوانی پەیداکرد.

***چرای ڕێنوێنی، تەواوی سوپا***

*بەو جۆرەی کە ئەم پارچەیە لە وتارێك لە ژێر ناونیشانی ((سوپاو گەل لەسەرانسەری وڵاتدا، پێداگرن کە ئەندێشەی ماو تسە تونگ، چاك فێربن)) نیشان دەدا، لین پیاو، پەرەپێدەری یەکەمی ئایینی پەرستنی ماو بوو. ئەم وتارە کە لە کتێبی (شۆڕشی گەورەی کولتووریی لە چین) دا، لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئاسیادا، سەرلەنوێ چاپ کراوەتەوە، هەروەها نیشان دەدات کە ئایینی پەرستنی کەسایەتی ماو، بە ئاسانی دەیتوانی بگۆڕێت بۆ ئایینی پەرستنی کەسایەتی لین پیاو:*

*((هاوڕێ لین پیاو داوای لە هەموو سوپا کردووە، لە کاتێکدا کە شۆڕشی گەورەی کولتووریی پرۆلیتارییایی گەیشتووەتە ئەوپەڕی و هەلومەرجی نوێ و ڕێکخستنی نوێی کاروبارەکان، لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی سەرۆك ماو، لەلایەن تەواوی حیزب و میللەتەوە دەرکەوتووە، لە خوێندنەوە و بەکاربردنی بەرهەمەکانی ماو، توانایییەکی زیاتر نیشان بدەن. ئەمە حەزی زۆری ئەو بۆ پێشکەوتنی سیاسی هەموو کادیر و سەربازەکان نیشان دەدا. ئەم چرای ڕێنوێنییەی تەواوی سوپایە لە خوێندنەوەی وردی ئەندێشەی ماو و پێشڤەچوونی لە ڕێرەوی بەپرۆلیتارییایی بوون و خەباتکاری، کامڵ دا.*

*فەرماندە و جەنگاوەرەکانی یەکەکانی سوپا، کەڵێوان لیون لە خۆشەویستی بێکۆتا بەرامبەر بە سەرۆك ماو، لە هیچ هەوڵێك بۆ گواستنەوەی ڕێنوێنییەکانی هاوڕێ لین پیاو، بۆ خەڵکی نزیك خۆیان، درێغی ناکەن. یەکەیەکی سوپایی لە ژێر فەرماندەیی (پەکین) دا، ٣٦ گرووپی پرۆپاگەندەیی و سینەمایی ڕێکخستووە، کە لەرێنوێنییەکانی هاوڕێ لین پیاۆ (سلاّیدی فانۆسی) یان پێکهێناوە، تا لە ناوچەی هیسینگ تای لە ویلایەتی هۆپی دا، دەست بکەن بە پڕۆپاگەندە کردن. زۆرێك لە یەکە سوپاییەکان، لە ژێر فەرماندەیی وۆهان دا، ژمارەیەکی زۆر مامۆستایان ناردووە تا خەڵك لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی هاوڕێ لین پیاودا، ئاشنا بکەن. فەرماندە و جەنگاوەرەکانی یەکەکانی سوپا، لەم هەلی ئەنجامدانی پرۆپاگەندەیە لە نێو خەڵکدا، کەڵك وەردەگرن، تا لە چالاکە ناوچەییەکانەوە، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ماو فێربن و لەگەڵ کارە بەرجەستەکان و ئەزموونەکانیان ئاشنابن. بۆ ئەوەی لە ڕێکخستنی خوێندنەوە لەیەکەکانی خۆشیان دا، باشتر بتوانن ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن.*



ئەندامەکانی سوپای ئازادیبەخشی گەل، لە فەرمانگە دەوڵەتییەکاندا، کاریان پێدرا. ئەفسەرەکانی سوپای ئازادیبەخش هەرچی زۆرتر، بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەیی حیزبی کۆمۆنیستی چینیان گرت بەدەستەوە. یەکە عەسکەرییەکانی ناسراو بە ((یەکە سوپاییەکانی پشتیوانی چەپ))، نێردران بۆ هەموو پارێزگاکان کە لەڕواڵەتدا، بۆ پەرەپێدانی شۆڕش بوو، بەڵام لە کردەوەدا، بەدوای سەرکوتی ئاژاوەچییەکانی، گاردی سوورەوە دەبوون. ئەم یەکە سوپاییانە، سەرەنجام بەڕێوەبردنی حکومەتە پارێزگاییەکانیان، بەدەستەوەگرت. تا ئابی ١٩٧١ لە ٢١ پارێزگای چین، سکرتێرە یەکەمەکانی حیزبی کۆمۆنیستی بیست پارێزگا، ئەندامی سوپای ئازادیبەخشی گەل بوون. بانگەشەکارانی سوپای ئازادیبەخش، لە بارەی باشترین میتۆدی فێرکردنی ئەندێشەکانی ماو بەخەڵك، ڕێنوێنییان دەکرد. دەیان ملیۆن ئەندامی حیزب و هاووڵاتییە ئاساییەکانی چین، یونیفۆرمی سەوز و پان و پۆڕی سوپای ئازادیبەخشیان لەبەر دەکرد، تا خۆیان لەگەڵ نەزمی نوێدا، بگونجێنن. دکتۆر (لی ژیسویی) لە (ژیانی تایبەتی سەرۆك ماو) دا، دەنووسێ:

*لەگەڵ نزیکبوونەوەی لین پیاو بۆ لوتکەی دەسەڵاتی خۆی، تەواوی چین خەریك بوو حاڵەتێکی عەسکەریی بەخۆیەوە دەگرت. سوپا بە گەڕاندنەوەی هێمنی بۆ وڵات، کۆنترۆڵی فەرمانگە دەوڵەتییەکان و یەکەکانی کاری لە هەر ئاستێکی کۆمەڵگای چیندا، بە دەستەوە گرتبوو(٥٢).*

تەنانەت بنەماڵەی لین پیاو، دەستیان کرد بە خۆ دەرخستن. (یە چوون)ی هاوسەری لین، بۆ ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا، کە شانازییەکی دەگمەن بوو، بۆ ژنێکی چینی. لین لیگۆئۆ، کوڕە گەنجەکەی لین، بوو بە جێگری فەرماندەی هێزی هەوایی. کۆمەڵە وتاربێژییەکانی لین لیگوئۆ، چاپ کران و گەیشتن بە دەستی خەڵك. ئەندامەکانی هێزی هەوایی، بە شانازییەوە، وەفاداری خۆیان نەك تەنیا بۆ ماو و لین پیاو، بەڵکو لین لیگۆئۆش، دەردەبڕی.

بەڵام کاتێك کە ماو کەڵکی لە لین پیاو و سوپای ئازادیبەخشی گەل بۆ گەڕاندنەوەی هێمنی و کۆنترۆڵی گاردە سوورەکان، وەرگرت، قەد مەبەستی ئەوە نەبوو، کە کۆتنرۆڵی حیزبی کۆمۆنیستی چین، بدات بە دەست سوپاوە. چەندین ساڵ بەرلەوە، ماو هۆشداری دابوو، ((بنەما بۆ ئێمە ئەوەیە، کە حیزب حوکم بکات بە سەر تفەنگدا و تفەنگ قەد نابێت ئیزنی هەبێت کە حوکم بکات بە سەر حیزبدا.))[٥٣] لین پیاو زۆر زوو مانای ئەم هۆشدارەی وەرگرت.

(٦)

## مردنی لین پیاۆ

پڕ ئاژاوەترین قۆناغی شۆڕشی کولتووری کاتێك کۆتایی پێ هات، کە سوپای ئازادیبەخشی گەل کۆنترۆڵی گاردە سوورەکانی گرتە دەست. بە دەسەڵاتگەیشتنەوەی سوپای ئازادیبەخش، بەمانای فراوانبوونی دەسەڵاتی لین پیاوش بوو، کەبەر لەوەش هەر دەسەڵاتی هەبوو. ئێستاش ئیدی لە زۆرێك لە خانووەکانی چین دا، سەرەڕای وێنەی ماو، وێنەیەکیش کە لین پیاوی لە پەنادا نیشان دەدا، بەرچاو دەکەوت. خەڵك ـ کە دەیانزانی چ کەسێك لە چین دا دەسەڵاتی لە دەستدایە ـ بۆ ڕێنوێنی، بە ئاشکرایی چاویان لە لین پیاو و سوپای ئازادیبەخش بوو.

لە کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی کۆمۆنیستی چین دا، کە لە چواردەمی نیسانی ١٩٦٩ بەسترا، لین پیاۆ، گەیشتە ئاستێکی مەزنتر نوێ. بەر لەو کۆنگرەیە، ئەو لە حیزبدا، دوای ماو پلەی دووەمی هەبوو، بەڵام دەستووری چین ئێستا ئیدی بەفەرمی وەك میراتگری سیاسی ماوی ناساند. بەرلەوە هیچ کاتێك جێگری ماو وەها نەناسێندرابوو. ئەمە سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ لین پیاۆ، بەڵام هەر بەو جۆرەی کە پەندێکی کۆن دەڵێ، ئاگاداربە کە ئارەزووی چ دەکەی، چونکە لەوانەیە بەدەستی بێنی.

بوونە جێگری ماو، نیشانەی دەسپێکی کۆتایی هاتنی لین پیاۆ بوو. ماو بەرەبەرە لە لین پیاو و پەرەسەندنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی سووپا بەسەر چیندا، دڵگران دەبوو. تا ئەم ماوەیە، ماو هانی لین پیاۆی دابوو و پشتیوانیی لێ کردبوو، بەڵام ئێستا ئیدی دەیهەویست کە لەسەر جێگای خۆی دابنیشێنێتەوە. بە وتەی راسل تێریل لە (ژیانی چیان چینگ) دا، بە ناونیشانی (عفریتی ئێسك سپی): «لە ١٩٧٠ دا، ئەوە لین بوو کە تێگەیشت، ژمارە دوو بوون بە مانای گوزەراندن لە سلولی مەحکوم کراوانە بە مەرگ، ڕاست هەر بەوجۆرەی کە لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ دا، لەبارەی لیۆ شاۆچییەوە، ڕووی دابوو.»[٥٤]

## هاوڕێکانی ئێمه

هەندێك لە كێشەكانی لین پیاۆ، لە هەڵوێستی ئەو لە پێوەندی لەگەڵ كاروبـاری سیاسـەتی دەرەوەدا، سەرچاوەیان دەگرت. لین كە خـاوەنی گەرموگوڕییـەكی شۆڕشـگێڕانەی راسـتگۆیانە بوو، لە دێرزەمانەوە خوازیاری شەڕی پارتیزانی بوو بە دژی رۆژئاوای ئیمپریالیستی، بەتایبەتی ولاٚتی سەرەكی سەرمایەداری، واتە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.



**ماو و سەرۆك نیكسۆن لە رەوتی سەردانی دیپلۆماسی بێ وێنەی نیكسۆن بۆ چین لە ١٩٧٢ دا، لەگەڵ یەكتردا، دەست لێ دەدەنەوە.**

بەڵام هەلومەرجە جیهانییەكان خەریكی گۆڕان بوون. پێوەندییەكانی كۆماری گـەلی چـین و یەكیەتی سۆڤیەت، هەروا خراپتر دەبـوون. پـەكین بانگەشـەی دەكـرد كـە مۆسـكۆ تـەنیا لـە مانگەكانی حوزەیران و تەمووزی ١٩٦٩ دا، داگیرسێنەری ٤٢٩ پێكداهەڵپژانی چەكدارانە، بە درێژایی سنوورەكانی چـین، بـووە. لـە ئـەیلولی ١٩٦٩ دا، كـە ئەلێكـسی كاسـیگین سـەرۆك وەزیرانی سۆڤیەت سەردانی پەكینی كرد، ماو بێئەدەبانە، لە چاوپێكەوتن لەگەڵی، خۆی لادا.



(چوئین لای) سەرۆك وەزیر، كە لەگەڵ كاسیگین دا وتو وویژی كرد، ئیزنی پێ‌نەدا كە زیـاتر لـە فرۆكەخانە، بچێتە ناو خاكی چینەوە.

ماو لەبەرامبەر سۆڤیەتییەكاندا، پێویستی بەهاوكاری هەبوو و تێگەیشت كـە بـۆ ئـەم مەبەستە دەبێت، لەگەڵ زلهێزە گەورەكەی تری دنیا، واتە ئەمـەریكا، پێوەندییـەكی دۆسـتانە دابمەزرێنێ. ئەو لە یەكەمی تشرینی یەكەمی ١٩٧٠ دا، بە ئاشكرایی رایگەیاند كـە گـەلانی دنیا، لەوانیش ئەمەریكا، هەموویان هاوڕێی ئێمەن٥٥.)) پەیامەكەی مـاو بـە ووردبینییـەوە داڕێژرابوو، تا ئاماژەیەك بدات بەئەمەریكا، كە چـین لەبەرامبـەر سـۆڤیەتییەكاندا، یارمـەتی ئەمەریكای دەوێت. بەزوویی ماو، لەڕێگەی دیبلۆماسیی لێهاتووانـەی (چـوئێن لای) ەوە، لـە پەكین پێشوازیی لە سەرۆك ریچارد نیكسۆن، دژە كۆمۆنیستی توندڕەوی پێـشوو كـرد و بـەرەو هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەمركییە سەرمایەدارە ئیمپریالیستەكان، هەنگاوی هەڵێنا.



**لین پیاو لە كۆبوونەوەیەك لە پەكیندا، قسە دەكا. توانایی كەم و بەزۆری هاوڕێ لەگەڵ خۆونكردن و تێدا مانی لین لە قسە كردن و ئاڵۆزییە سەیرە شەخسییەكانی، بوونە هۆی ئەوەی كە لەبەر چاوی ماو بكەوێت.**

لەلایەکەوە ئەم ئاڵوگۆرە سەرسوورهێنەرە، تارادەیەك لە سەرووی تێگەیشتنەوە بوو، بەڵام ماو لە سەرانسەری کارنامە دوورودرێژەکەیدا و بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشی کەلتووری‌دا، سەرەتا لەگەڵ باڵێك لە حیزبی کۆمۆنیستدا، یەکی گرت بوو و دواتر، لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرج، لەگەڵ باڵێکی تردا. ئێستا ئیدی ئەو خەریك بوو، هەمان ئەو بنەما هەلپەرستییە بێبەزەییەی لە سیاسەتی دەرەوەدا، بەکاردەبرد.

بەڵام لین پیاو، بەڕادەی ماو، نەرم و سازشکار، فێڵباز، یا بیرتیژ نەبوو. ئەو هەروا بەسترابوو بە هەمان بیرە کۆنە دەرمارگژە دژە ئەمریکاییەکانی خۆیەوە، چونکە ئەگەر ئەمەریکییە ئیمپریالیستەکان ئیدی دوژمنی چین نەدەبوون، ئەوا تەواوی ستراتیژی شۆڕشگێڕیی جیهانیی ئەو، هەرەسی دەهێنا.

تەنانەت خراپتر لەوەش، لین پیاو بەنهێنی دەیهەویست کە لەگەڵ سۆڤیەتییەکان دا، ئاشتی بکات، کارێك کە بەتەواوی بەدژی کارە تازە وبوێرانەکەی ماو بوو. لین پیاو بەسەرۆکی ئەرکانی سوپاکەی (هوانگ یونگ شێنگ) ی، ووت: ((پێوەندی نوێی ئێمە لەگەڵ سۆڤیەتییەکان، تێپەڕین لە شەڕەوە بۆ ئاگر بەست، لە دوژمنییەوە بەرەو یەکێتی، لە پێوەندیە نهێنییەکانەوە بەرەو پێوەندی ئاشکرا، بەستراونەتەوە بەوەوە، کە هەوڵگەلێکی زۆر بۆ گۆڕینی روانین و باوەڕەکانی خەڵکەکەمان، بدرێن.))[٥٦] ئەو هیچ کاتێك نەیتوانی، پلانەکەی بە کۆتا بگەیەنێ.

لین پیاو، لەلایەنی قسەکردن لە نێو خەڵکیشدا زۆر کەم دەسەڵات بوو و بە زۆری تێ دەگیرا، بەشێوەیەك کە لە وتارێکیدا، (پاکستانی) لەگەڵ (فەلەستین) دا بەهەڵە، بەکاربرد. لە چاوپێکەوتن لەگەڵ دیپلۆماتە بیانییەکانیش دا، نەزان و لە عەزابدا بوو.

لە گەڵ ئەوەی کە کات تێدەپەڕی، وا دەکەوتە بەرچاو کە لین پیاو بۆ رێبەریی چین شایستەییەکی کەمتری هەیە.

## بلیمەت و سەرۆك كۆمار

راست هەر بەوجۆرەی کە شۆڕشی کولتووریی لەسەر هێنانە سەر شانۆی، شانۆنامەیەکی مێژوویی دەستی پێ کردبوو، بابەتێك کە بۆ دنیا سەرسوورهێنەر بوو، پچڕانی نێوان ماو و لین پیاو لەسەر دوو بابەت بوو، کە لە روانگەی بیانییەکانەوە، گرنگییەکی کردەیی ئەوتۆیان نەبوو.



مشتومڕی یەکەم لەسەر باوەڕی بلیمەت دەستیپێکرد. تا ١٩٧٠ لین لەگەڵ چێن پودا، کە سەردەمانێك نووسەری وتارەکانی ماو بوو، یەکی گرتبوو. لین و چێن لە کۆنفرانسێکی حیزبی لە ئابی ١٩٧٠ دا، کە لە لوشان بەسترا، پێشنیاریان کرد کە حیزبی کۆمۆنیستی چین، چەمکی بلیمەت بە فەرمی بناسێنێ و هەروەها ئەوەش بە فەرمی بناسێنێ، کە بلیمەتییەکی وەك بلیمەتیی سەرۆك ماو، تەنیا هەر هەزار ساڵ جارێك، بەدی دێت.

لەوانەیە، وێنابکرێت کە باسکردنی ئەم باوەڕە، دەبوو ماوی دڵخۆش کردبا. هەرچییەك بێت، دوو دەیەبوو کە بەشێوەیەکی کردەیی دەیانپەرست. بەم حاڵەشەوە، ئەو گومانی لە پاڵنەرەکانی لین و چێن هەبوو و باوەڕی وابوو، کە کاری ئەوان، لەڕاستیدا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی لین داڕێژراوە، نەك خودی ئەو.

ماو تووڕە بوو:

*کەسێك هەیە، کە دەڵێت تەنیا هەرچەند سەد ساڵ جارێك، بلیمەتێك لە جیهاندا سەر هەڵدەدا و لە چین دا بلیمەتێك، لە چەند سەد ساڵ دا سەری هەڵنەداوە. ئەمە لەگەڵ راستی دا ناگونجێت. کەسێك هەیە کە دەڵێت، دەیهەوێت پیشتیوانیم لێ بکات، بەرزم کاتەوە، بەڵام ئەوەی کە بەڕاستی لەمێشکی ئەودایە، پشتیوانی لە خۆی و بەرزکردنەوەی خۆیەتی*[٥٧].

ماو بە ئاشکرایی، بە گومان بووبوو لە لین و هەلپەرستییەکانی و دواجار پلینۆم باوەڕی (هزری) (لین *پیاو* ـ چێن) ی، لە بارەی بلیمەت، رەت کردەوە.

گفتوگۆی دووەم پەیوەست بوو، بە پۆستی سەرۆك کۆماریی چینەوە. لە سەردەمی هەرەسهێنانی لیو شائۆچییەوە، ئەم پۆستە بەبەتاڵی مابووەوە. لین *پیاو* پێشنیاری کرد کە ماو سەرلەنوێ ئەم پۆستە بگرێتەوە دەست، بەڵام لە راستیدا ئومێدەواربوو کە پەسەندی نەکات و بیداتە دەستی ئەو. لین راست بیری دەکردەوە، کە ماو خوازیاری سەرۆك کۆماری نییە، بەڵام سەرنجی ئەوەی نەدابوو، کە ماو دەزانێ چی لەدڵ دایە (واتە لین) و حەزی لێ نییە، کە لین زۆرتر یا خێراتر لەوە بچێتە پێشەوە.

### *ناچار بوو، کە هەڵبێت*

*لین پیاۆ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ماودا، هەوڵی خۆی دا. بەتایبەتی کاتێك کە دەستی دایە پیلانی کوشتنی پشتیوانەکەی پێشووی. دکتۆر لی ژیسوییی، دکتۆری تایبەتی ماو لە (ژیانی تایبەتی سەرۆك ماو) دا باس لەو ڕووبەڕووبوونەوانە دەکات، کە لین پیاۆ تووشیان ببوو.*

*((دەزانم کە کوشتنی ماو، قەت کارێکی ئاسان نەبوو. وانگ دونگ شینگ (فەرماندەی یەکەی ۸۳٤۱) و کاربەدەستە ئەمنییەتییەکانی، ڕێکیان خستبوو. ماویش هەروا. پلانەکانی ئەو هەمیشە نهێنی بوون و وەها بە خێرایی و بەردەوامییەوە دەگۆڕان، کە تەنانەت نزیکترین کاربەدەستە ئەمنییەتییەکانیشی، هەستیان پێ نەدەکرد. پلانەکانی لین پیاۆ، قەت ئیمکانی سەرکەوتنیان نەبوو. کاتێك کە ماو بە سلامەتی گەڕایەوە بۆ پەکین، لین پیاو دەیزانی کە شەڕ لەگەڵ ماوی دۆڕاندووە. ناچار بوو هەڵێت. ئاگاداری چارەنووسی ئەوانیتر بوو، کە، ڕووبەڕووبوونەوەکەیان لەگەڵ ماودا، بەم شێوە راشکاوانەتریش نەبوو. من ئەوکات نەمدەزانی - بەڵام لین بەدڵنیاییەوە دەیزانی - کەلیۆ شاۆچی لەبەندیخانەدا، لە ئەنجامی ئازاردان، نەخۆشی و کەمسەرنجی دکتۆرەوە، مردووە. زۆرێك لە رێبەرە باڵاکانی تریش تووشی ئەم چارەنووسە ببوون. مردنی خودی لین پیاۆ، کاتێك کە پیلانەکەی بە دژی ماو شکستی خوارد، حەتمی بوو. لە کۆتاییدا، لین پیاۆ گەیشتە کۆتایی رێگا....*

*لە کۆتاییەکانی ۱۹۷۱ دا، کە بابەتی لین پیاۆ ئاشکرابوو، تەواوی وڵات هەژا. کەسەکان لە باڵاترین ئاستی حیزبیدا، تێدامابوون. منیش سەرم سووڕمابوو. ئاگام لەشك و گومانەکانی ماو هەبوو لە بارەی پیاوێکەوە کە هەمووکەس، بەنزیکترین هاوڕێی ماویان لە هێزە چەکدارەکاندا، دادەنا و هەروەها ئاگاداری رکەبەریی توندی نێوان ئەو دووەش بووم لە کۆنفراسی ۱۹۷۰ ی لۆشان دا، کە لین هەوڵی دا، بەئامادەکاری گەلێکەوە، خۆی بگەیەنێتە پۆستی سەرۆك کۆماری. شۆڕشی کولتووری پڕ لە رق و کین بوو، و زۆر کەس گیانیان بەخشی. بەڵام هیچ شتێك منی بۆ پەیمان شکێنی لین پیاۆ، یا بەسەرهاتی هەڵاتنەکەی، ئامادە نەکردبوو.))*

سەرەڕای ئەمەش، لین پیاۆ و چێن پودا، هەروا خوازیاری دیاریکردنی سەرۆك کۆماری نوێ بوون. ماو بە توڕەییەوە، هاواری بەسەر چێن پودادا، کرد و گوتی: ((ئیتر باسی بابەتی سەرۆك کۆماری مەکە. ئەگەر دەتەوێ زووتر بمرم، بهێڵە با من ببمە سەرۆك کۆماری وڵات ! هەر کەسێك کە دەیهەوێت پۆستی سەرۆك کۆماری جێگیر بکات دەتوانێ ببێتە سەرۆك کۆمار. بەهەر حاڵ من نابم.))[٥٨]



ئەم گفتوگۆیە بۆ لین پیاۆ کارەسات بوو. هاوسەرەکەی و سێ ژەنەڕالی باڵای ناچاربوون، کە رەخنە لە پۆستەکانی پێشوویان بگرن و قەبووڵ بکەن کە تووشی هەڵەگەلێکی ئایدیۆلۆژی، بوون. چێن پودا، تەواوی پۆستە بەرزەکانی خۆی لەدەستدان و مانگێك دواتر، لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر کرا.

نفووز و دەسەڵاتی لین پیاۆ و سوپای ئازادیبەخشی گەل، ئێستا ئیدی بە توندی لەرزۆك ببوو. سەرۆك ماو، کە هەمیشە ئامادەبوو دژبەرە راستەقینە یا خەیاڵییەکان ببەزێنێ، بە خێرایی دەستیکرد بە کەمکردنەوەی کاریگەری ونفووزی هێزە چەکدارەکان.

## «خەریک بوو عارەقم دەکرد»

چاودێرە وردبینەکانی گۆڕەپانی سیاسی چین دەیانتوانی سەرەنجی نیشانەگەلێکی جوان, بەڵام شوم بدەن، کە دەیانسەلماند، لین پیاۆ، خەریکە بە خێرایی لەبەر چاوان دەکەوێت. بۆ نموونە، بە سلامەتی خواردنەوە ڕەسمییەکان، ئیدی ناوی (لین) یان تێدانەبوو. ئەو ئیدی لە بۆنە فەرمییەکاندا، دەرنەدەکەوت. فەرماندە عەسکەرییە ناوچەییەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا، تا پێگەی دەسەڵاتی لین، بێهێز بێت.

راپۆرتە رادیۆیی و ڕۆژنامەییەکان، لەخۆگری هێرشگەلێکی داپۆشراوبوون بۆ سەری و بەزۆری لە بارەی کەسانێکی وەکو (خرۆشچف) ەوە هۆشدارییان دەدا، کە تا ستالین زیندوو بوو، زمانلوسیی بۆ دەکرد، بەڵام دوای مردنی هێرشی کردە سەر. هێرش بۆ سەر باوەڕی بلیمەتیش هەروا بەردەوام بوو. رۆژنامەی (خەڵك) ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی چین هۆشداریی دەدا، کە: ((هەڵگەڕاوانی جولانەوەی کۆمۆنیستی وا خۆیان دەنوێنن، کە خەریکن بۆ کەسێکی تر وەك بلیمەت هەستی خۆیان دەردەبڕن، بەڵام خۆیان وەك بلیمەت دەردەخەن))[٥٩]. لە ڕوانگەی کەسانێکەوە، کە لەگەڵ شێوەی کردەی تایبەتی رێبەری حیزبی کۆمۆنیستی چیندا ئاشنا بوون، وەها روانگە دەربڕینێك، بەمانای کێشە خولقاندن بوو، بۆ لین پیاۆ.

بەڵام سەرسووڕهێنەرترین بەدشانسی لین، پێشاندانی رەسمێکی ئەو بوو، لە حاڵی خوێندنەوەی بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانی ماو، کە لە لایەن (چیان چینگ) ی هاوسەری ماوەوە، کە وێنەگرێکی ئاماتۆری لێهاتوو بوو، گیرابوو. ئەم وێنەیە بە ناونیشانی (شاگردی ماندوونەناس) لە گۆڤارە خەڵك پەسەندەکانی خەڵك و سوپادا، چاپ کرا.



**ماو و لین پیاوّ لە بەرامبەر جەماوەردا، لە حالێکدا کە لین کتێبی سووری ماوی بە دەستەوە گرتووە. پیلانی نەزانانەی لین پیاوّ بۆ لەناوبردنی ماو، بوو بە کارەساتێك بۆ خۆی.**

بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەم رووداوە دەبوو بابەتێکی زۆر ئەرێنی بێت، بەلاّم لین کەچەلّ بوو و لە پێوەندی لەگەلّ کەچەلّییەکەشی دا، زۆر هەستیار بوو، هەمیشە کلاّوی لەسەر دەنا تا کەچەلّییەکەی داپۆشێت، ئەم وێنەیە بۆ یەکەمین جار، بەبێ کلاّو و کەچەلّ نیشانی دەدا.

لین تەریق بووبێتەوە یا نا، بەلاّم هەروا لە پلەی دووەمی حیزبدا، راست لە دوای ماو، مایەوە. بەلاّم دوژمنەکانی زیاد لە هەرکاتێکی تر دەوریان گرتبوو. کانگ شێنگ، کە زۆری نەمابوو لەبەر شێرپەنجە دەمرد، بوو بە جێگری چێن پودا و پلەی چوارەمی لە حیزبدا گرت بە دەستەوە و لە پۆستی وەزارەتی راگەیاندنی چین دا، رۆڵی دەگێرا. ئەو بە لێهاتووییەوە، بەدژی لین پیاوّ کاری دەکرد.



لە رێورەسمی یەکەمی مانگی مایسی ١٩٧١ دا{ رۆژی جیهانی کرێکار }، کە لە دنیای کۆمۆنیزم دا، بەرۆژێکی پشووی زۆر گرنگ دەژمێردرا، رووداوێك پێشهات، کە نیشانی ماوی‌دا، جێگرە هەلّبژێردراوەکەی، بەراستی چەندە سەیر و سەمەرەیە. ماو سەرنجی دا کە لین بۆ رێورەسمەکە درەنگ گەیشتووەتە جێ. لە پیاوێکی گرنگی وەك لین پیاوّ چاوەروان نەدەکرا کە لە بۆنەیەکدا، کە ماو لەوێیە، درەنگ بگاتە جێ. رێزگرتن لە ماو پەیوەست بوو بەوەوە، کە ئەو هەمیشە درەنگتر لە هەمووان ئامادەبێت، بەلاّم ئێستا لین پیاوّ بەجۆرێکی چاوەروانەنەکراو، دوایین کەسێك بوو کە ئامادە دەبوو و ئەمە بۆ ماو خۆش نەبوو. لین تووشی نەخۆشی هەراس (ترسان) ببوو و لە شتگەلێکی وەك، ئاو، خۆری راستەوخۆ و تەنانەت عارەق کردنی خۆیشی، ترسی هەبوو. لە یەکەمی مانگی مایسی ١٩٧١ دا، عارەق کردنەکەی ترسی لێ نیشان دابوو و ببووە هۆی درەنگ هاتنەکەی. لین ئەوجا ناچار بوو کە هۆی وە دواکەوتنەکەی بۆ ماو باس بکات. بەزمان گێرانەوە گوتی: ((خەریك بوو عارەقم دەکرد)).

ماو نەیتوانی پێش بەخۆی بگرێت: ((ئێ باشە، خۆ هەموو عارەق دەکەن)). ماو ئەم دەربرینەی بە هێواشی گوت. لین لە دژ کردەوە تورەکەی ماو، دلگران بوو و بەرلەوەی کە رێورەسمەکە تەواو بێت، بەجێی هێشت، بەبێ ئەوەی تەنانەت زەحمەت وەبەر خۆی بدات، کە هۆی رۆیشتنەکەی بە ماو بلێت.

ماو ئێستا ئیدی وای بیردەکردەوە، کە میراتگرە هەلّبژێراوەکەی نەك تەنیا زیاد لە ئاستی پێویست، هەلّپەرەستە، بەلّکو تا ئاستێکیش ناهاوسەنگە ـ شتێك کە دەبوو، زۆر لەوەوبەر بیزانیبا ـــ چەند حەفتە دواتر کانگ شێنگ، کە بێشك بەفەرمانی ماو کاری دەکرد، فەرمانی دا کە تەواوی نوسخەکانی (بەرهەمە هەلّبژێردراوەکانی لین پیاو)، کە لە فەرمانگە دەولّەتییەکاندا هەن، لەسەرانسەری چین دا لەنێو ببرێن.

## ناوی نهێنی: ٥ ـ ٧ ـ ١

لین پیاو تێگەیشت کە لەوانەیە لەگەلّ چارەنووسێکی هاوشێوەی لیو شاوچی، دێنگ شیاوپینگ و چێن پودا دا، رووبەروو بێتەوە، مەگەر ئەوەی کە دەست بداتە، کارێکی لێبراوانە. لین، کە سەردەمانێك لە پێداهەلّگوتنی ماودا، هیچ سنوورێکی نەدەناسی، ئێستا ئیدی بەشێوەیەکی تایبەت بە هاورێکانی دەگوت، کە سەرۆك ماو ((نەخۆشێکی تووش بوو بە پارانۆیید { تووش بوو بە بەدگومانی } و سادیزمە... ئەو گەورەترین دیکتاتۆر و دەسەلاّتداری

ستەمکارە لە مێژووی چیندا...کەسانێك کە ئەورۆ گەورەترین هاورێی ئەون، سبەینێ دەبنە زیندانییەکانی ئەو.[٦٠]» بەڵام لین، بە پێچەوانەی لیۆ، دێنگ یا چێن دەوە، خاوەنی پشتیوانی هێزە چەکدارەکان، بەتایبەتی هێزی هەوایی بوو. لین پیاۆ، ئیدی لەگەڵ کورە ٢٦ ساڵەکەی، لین لیگۆئۆدا، دەستیکرد بەپیلانرێژی بۆ کوشتنی ماو و بەدەستهێنانی دەسەڵات. ناوی نهێنی پیلانەکەیان ٥ ـ ٧ ـ ١ ـ بوو. چونکە نیشانەی چینییەکان بۆ (راپەرینە چەکدارییەکان) زۆر، لەم ژمارانە دەچوون. ژمارەیەك لە ئەفسەرە باڵاکانی هێزی هەوایی، لەگەڵ لین پیاۆ و لین لیگۆئۆدا، هاوکارییان هەبوو.

پیلانەکەیان زۆر پرۆفیشنال(پیشەیی) نەبوو. ئەوان هەوڵیان دا، کە ماو لە پێکدادانێکی سەیارەدا، بکوژن. ژەهریان کردە ناو خواردنەکەیەوە. وا بڕیار بوو کە ئەو فڕۆکەی ماوی تێدایە، بەسارۆخێکی دروستکراوی سۆڤیەت، لێیبدرێ و مەسئولییەتی ئەم کردەیەش بخرێتە ئەستۆی جیان چینگ. وا بڕیار بوو کە ماڵەکەی ماو لە شانگهایدا، بۆمباران بکرێت. لین پیاۆ و لین لیگۆئۆ بێجگە لە لێدانی فڕۆکەکەی ماو، هەمووی ئەم پیلانانەیان ئەنجام دان، بەڵام هیچ کامیان سەرکەوتوو نەبوون.

## ماو گومان لە هەبوونی پیلانێك بە دژی خۆی دەکات

ڕەنگە ماو لە هەمووی ئەم پیلانانە ئاگادار نەبووبێ، یا ڕەنگە نەیدەتوانی بسەلمێنێ کە لین لە پشتیانەوەیە. بەڵام باوەڕی بەوە هێنا بوو، کە لین خەریکە پیلانی بە دژ دەگێڕێ. تەنانەت باوەڕی وابوو، کە لین بووەتە هۆی ئەوەی کە توشی نەخۆشیی سییەکان (ذات الرئة) بووبێت. ترسی ماو، بە تایبەتی لە ژەهراویکردن، زیاد کرد. لە دژکردەوەدا، دەستی دایە میتۆدگەلێکی ئەمنییەتی هەرچی توندتر.

وشە و نیشانەکان لە دنیای نهێنیکارو پیلانگێڕی سیاسەتی چیندا، زۆر پڕمانا بوون. تا سەرەتاکانی ئەیلولی ١٩٧١ تابلۆیەکی زۆر گەورەی ڕووناك، لەسەربانی لقێکی بانکی چینەوە، تاکە بانکی کۆماری گەل، هەڵواسرابوو. تا ئەو کاتە لەسەری نووسرابوو: «بژی ئەندێشەی تۆکمەی ماو تسەتۆنگ». لین پیاۆ بە وردییەوە، پێداگریی لەسەر ئەندێشەی ماو کردبوو، نەوەك خودی ماو. لەم ڕێگایەوە لین دەیتوانی ڕۆڵی ڕاڤەکەری ئەم ئەندێشانە وەئەستۆ بگرێت. کاتێك کە نووسراوی سەر ئەم تابلۆیە لەناکاودا گۆڕا بۆ (بژی سەرۆك ماو) لین تێگەیشت کە ماو جارێکی تر خەریکە پێداگریی لەسەر دەسەڵاتەکەی دەکاتەوە. گرنگتر لەوەش، ماو



مەبەستی بوو، تا ئەو شوێنەی کە دەشێت، درێژە بە ژیان بدات و پێش بە لین پیاۆ لەگەیشتن بە دەسەڵات، لە ئایندەیەکی نزیکدا، بگرێت.


خەریکە پیلانگێڕیی بەدژ دەکات، ترسەکەی زۆرتر بوو.

لە یازدەمی ئەیلولی ١٩٧١ دا، لین پیاۆ لەگەڵ لین لیگۆئۆ و هاوکارە پلەیەکەکانیدا، چاوپێکەوتنی کرد تا هەڵپەرستانەترین و ئاڵۆزترین ستراتیژی خۆیان دابڕێژن. لین پیاۆ ئەم پیلانەی ناو نا بە «پیلانی کێوی سەر لەفەلەکدراوی یەشمی»، کە وا بڕیار بوو لەگەڵ دەستپێکردنی پێکدادان بەدرێژایی سنووری چین و سۆڤیەت لە ٢٥ ی ئەیلول دا، وەڕێ کەوێ. پێکدادانەکە دواتر بەربڵاوەبوو و قەیرانێکی میللیی بەدیدەهێنا و دەبووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێورەسمی یەکەمی تشرینی یەکەم، وەك نیشانەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری گەلی چین.

***بەکرێگیراوی بۆرژوازی***

*دوای ئەوەی کە لین پیاۆ مرد و راگەیاندنەکانی کۆماری گەلی چین، خیانەتەکەیان ئاشکرا کرد، ئەوجا رۆژنامە و رادیۆکان دەستیان دایە هەموو شتێك، لە هێرشکردن بۆ سەر رێبەرێك کە سەردەمێك وەك کەسی دووەم، لە دوای ماو، رێزیان لێدەگرت. ئەم پارچەیە لە رۆژنامەی (ون هویی) لە تشرینی دووەمی ١٩٧٣، لە کتێبەکەی مایکڵ ی. ئێم. کائۆ بەناوی (بەسەرهاتی لین پیاۆ) دا، چاپکراوە.*

*((لین پیاو بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکیگەلی پیلانگێڕانە و لە پێشگرتنی روانگەی رویزیۆنیستانە، پەرەی بە ئارەزووە ناپەسەند و نفووز خراپ و شەڕانییەکان دەدا و بێسوود هەوڵی دەدا، کە بەکەڵکوەرگرتن لە میتۆدگەلێکی چەپەڵی وەك، هاندان و بەڵێن پێدان و دانی بەرتیل و دیاریو میوانی، ئەندامەکانی حیزبی کۆمۆنیست، بخاتە وەسوەسەوە تا ببنە کەسانی بێ کولتوور و سیاسەتباز. رەفتاری خراپکارانەی ئەم گرووپە چکۆڵە پاشقەڕووە، بە تەواوی دەری خستووە، کە ئەوان خەریکی ئامادەکردنی حیزب بوون، بۆ پەسەندکردنی سەرمایەداری و بەرژەوەندی تایبەتی.*

*لین پیاۆ، بەکرێگیراوی بۆرژوازی بوو لە ناو حیزبدا، کە ئایدیولۆژیی گەندەڵی چینی چەوسێنەری بڵاودەکردەوە. ئەو و هاوشێوەکانی، هەموویان بەئاڕاستەی نواندنی ئارەزووگەلی گەندەڵ و خراپ و نفووزی ناپەسەندانەی چینی چەوسێنەر لە حیزبدا، بەمەبەستی پەرەپێدانی هێڵی دژە شۆڕشی و رویزێونیستی خۆیان و لەناوبردنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، دەجولانەوە. ئەوان بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی چالاکییە پیلانگێڕییە دژە شۆڕشەکانیان، تا ئەو شوێنە چوونە پێشێ، کە تیۆری ((کاروبارە چکۆڵەکان بێ زەرەرن)) یان، کێشایە پێشەوە. لەڕاستیدا، ئەمانە بۆ مەبەستی حاڵەتی رویزیۆنیستی، جیاییخوازی، و پیلان گێڕی بوون. هەڵە (بێ زەرەر) ەکان، تەنیا بۆ بەرگریکردن لە هەڵسوکەوتە خراپکارانەکانیان هێنرانە پێشەوە.))*

لین بە بیانووی پێکدادانەوە پێشنیاری دەکرد، کە سێ کەس لەوەفادارترین لەشکرەکانی سوپا (کە وەفاداربوون بەو) لە تەپۆڵکەکانی رۆژئاوای نزیك پەکین دا، جێگیر بکرێن. هەروەها پێشنیاری دەکرد ماو و راوێژکارە باڵاکانی، لە ناوەندی فەرماندەیی کۆمیتەی ناوەندی لە (کێوی سەر لە ئاسمان چەقیوی یەشمی) دا، جێگیربن.

کاتێك کە وەها رەوتێك خەریك بوو رووی دەدا، لین لە پێگەیەکی ژمارە سفر، پۆستێکی فەرماندەیی ژێرزەمینی دەبوو، کە لەڕێگەی تونێلێکی درێژەوە، دەبەستراوە بە (کێوی سەرلەئاسمانچەقیوی یەشمی) یەوە.

لەکاتی دیاریکراودا، سێ لەشکرەکەی سوپای لین، بەسەر یەکەکانی پێگەی ناوەندی (یەکەی گارد بەناوی نهێنی ٨٣٤١) دا زاڵ دەبوون، کە پارێزگارییان لە تەپۆڵکەکانی رۆژئاوا دەکرد. دواتر گرووپێك لە کۆماندۆ وەفادارەکانی لین، لە پێگەی ژمارە سفرەوە، لەڕێگەی تونێڵەوە، هێرشیان دەکردە سەر (کێوی سەر لە ئاسمان چەقیوی یەشمی). ئەوان لەگەڵ ئەوەی کە دەچوونە ناو، ماو و هەموو پشتیوانەکانییان دەکوشتن.



لین لیگۆئۆ، بەمەبەستی هاوکاری، چاکسازییەکی لەسەر پلانەکەی باوکی، پێشنیار کرد- وەشاندنی سوتەمەنی شلە و گازی ژەهراوی بۆ ناو کۆمەڵەکەی (کێوی سەرلەئاسمانچەقیوی یەشمی) بەرلەوەی کە گرووپی کۆماندۆکان هێرش بکەن. بە وتەی لین لیگۆئۆ، ((لەم رێگەیەوە دەتوانین لە پێکدادانێکی خراپ، دوورکەوینەوە. لەناوبردنەکە پاکتر و لێبڕاوانەتر دەبێ.))[٦١]

لین پیاو پەسەندی کرد. ئەو بە سەرۆکی ئەرکانەکەی، (هوانگ یونگ شێنگ) ی، وت: ((بەرلەوەی کە ماو مەجالی هەبێت تێبگات کە هەلومەرج چۆنە، پیاوەکانی من دەرگای چوونەدەری پێگە ژێرزەمینییەکەی (کێوی سەرلەئاسمانچەقیوی یەشمی) دەبەستن و بۆمبە غازییەکان دەیخنکێنن و بەزوویی شتێکی جگە لە خۆڵەمێش، لەلاشەکەیەوە نامێنێتەوە.))[٦٢]

بەشێك لە پلانەکەی لین پیاۆ ئەوە بوو، کە دەست تێدابوونی بەنهێنی بهێڵرێتەوە- تەنانەت پاش ئەوەیش کە سەرکەوتن بەدی دەهات. ماو هێشتا ئەوەندە خۆشەویستی هەبوو کە لین پیاۆ ـ تەنانەت ئەگەر لە کوشتنی رێبەرە پێشووەکەی دا سەردەکەوت ـ دەترسا بەخەڵکی چین بڵێت، کە ئەو وەها کارێکی کردووە. لەباتی ئەوە، ئەو وێستگە ناوەندییە رادیۆییەکانی چینی رادەسپاردن، کە بە دنیا بڵێن، گرووپێکی ئاشووبگێڕ هێرشیان کردووەتە سەر ماو و لین، هەردووکیان. ماو مردووە، بەڵام لین بەشێوەیەکی پەرجو ئاسا، بە زیندوویی ماوەتەوە. تەنیا ماوەیەك دواتر لین ئاشکرای دەکرد، کە ماو غولێکی ستەمکاربووە و لین ناچاربووە کە لەناوی ببات.

((پیلانی کێوی سەرلەئاسمانچەقیوی یەشمی)) تێکچوو. چونکە زۆر ئاڵۆز بوو. رێکخستنی شەڕێکی سنووری لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتدا، یەکێك لە زلهێزەکانی دنیا، کارێکی ئاسان نەبوو. لین بەزوویی ئەم پیلانە دەبەنگانەیەی خستە لاوە، بەڵام ئەو راستییەی کە ئەو بەجددی وەریگرتبوو، نیشانی دەدا، کە ئەو تا چ رادەیەك داماو بووە.

## مردن لەشەمەندەفەردا

لە شەشەمی ئەیلولی ١٩٧١ دا، لین پیاۆ فەرمانی جێبەجێکردنی پلانێکی نوێی دەرکرد. لین پیاو چاودێری بۆمبارانی شەمەندەفەری تایبەتی ماوی دەکرد، لەکاتی نزیکبوونەوە لە شانگهای. سەرەتا بە رۆکێت لێیان دەدا و دواتریش بە گوللەی ئاوردارو دواتر ئەگەر ماو هێشتا زیندوو دەبوو، کەسێك کە جێی باوەڕی ماو بوو، واتە وانگ ویگۆئۆ، کومیسێری سیاسی هێزی چوارەمی هەوایی، دەچووە سەر شەمەفەندەرەکە و بۆ خۆی بە گوللە لە ماوی دەدا. دواتر لین

پیاۆ ئەم کوشتنەی دەخستە ئەستۆی ڕێبەرێکی عەسکەری رکەبەر و خۆی وەك سەرۆکی نوێی دەوڵەت، رادەگەیاند.

بەڵام ئەم هێرشە قەت نەکرا. ماو لە دەیەمی ئەیلول دا ـ بەرلەوەی کە پیلانگێڕەکان ئامادەی هێرش بن ـ چووە شانگهای. لە شانگهای دا، وانگ ویگۆئۆ، بەتەمابوو کە سواری شەمەندەفەرەکە بێت، بەڵام نەیتوانی.

ماو ئێستا ئیدی لە ژێر پاراستنی یەکەی ٨٣٤١ دا، بەسەلامەتییەوە، گەڕابووەوە بۆ پەکین. کات بۆ لین پیاۆ بەڕوونی خەریك بوو لە دەستدەچوو، بەڵام ئەو پلانێکی پاشەکشەی هەبوو. دەچوو بۆ کانتۆن و شۆڕشێکی وەڕێدەخست و دەوڵەتێکی جیای دادەمەزراند، کە دەیتوانی لەلایەن دەسەڵاتە بیانییەکانەوە، بەفەرمی بناسرێ و ڕەنگە لەگەڵ دەوڵەتی فەرمی (چین) یشدا، دەگەیشتە جۆرێك ڕێککەوتن. ئەگەرەکەی زۆر لاوازبوو، بەڵام تەنیا ڕێگایەك بوو کە بۆ لین مابووەوە.

وا بڕیار بوو کە لین لە بەیانی سێزدەی ئەیلول دا بە فڕۆکە بەرەو کانتۆن بچێت و فڕۆکەیەك لە فڕۆکەخانەی بچووکی شان های گوان دا چاوەڕوانی بێت.

بەڵام پیلانەکەی بەر لە دەستپێکردنی، ئاشکرابوو. هەندێك لە لێکۆڵەرەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەفسەرێك ئاشکرای کردووە هەندێکی تر دەڵێن کە کچەکەی خودی لین، بابەتەکەی بە نزیکەکانی ماو گوتووە. هەندێکی تریش باوەڕیان وایە کە چو ێن لای، لە نزیکەوە (لین) ی لە ژێر چاودێریدا بووە و سەرنجیداوە کە هەلومەرج نائاساییە. چوێن لای، گومانی سەبارەت بەبابەتی فڕۆکەکە لە شان های گوان دا، لا دروست بوو و فەرمانی بە گرووپێکی عەسکەری دا، کە پێی ڕابگەن.

## هەڵاتنی لین پیاۆ

لەم کاتەدا، لین تێگەیشتبوو کە وەفاشکێنییەکەی ئیدی شاراوە نییە. بڕیاریدا، لە کۆماری گەلی چین هەڵبێت و پەنا بباتە بەر یەکێتی سۆڤیەت. ئەو شەوە لین، هاوسەر و کوڕەکەی و ژەنەڕاڵێکی وەفاداری هێزی هەوایی و دوو هاوکار، سواری چەند سەیارەیەك بوون و بەمەبەستی فڕۆکەخانەی شان های گوان، بەڕێکەوتن. سەربازەکانی ماو ڕاست لەپشت سەریانەوە بوون. ئەوان بەرەو (لیمۆزین) ی دژە گوللەی مۆدێلی (ئالای سوور) ی لین، تەقەیان کرد، بەڵام نەیانتوانی هیچی لێ بکەن. سکرتێرەکەی لین پیاۆ (هەندێك دەڵێن پاسەوانە تایبەتییەکەی)، لی وێن پۆ، دەیهەویست کە پێش بە هەوڵی لین پیاۆ، بۆ هەڵاتن، بگرێت. لین پیاوی لەسەیارەکە فڕێدایە خوارێ و لە حاڵێکدا کە لەسەر زەوی کەوتبوو فیشەکێکی لە باسکی ڕاستی دا.





**کاتێك کە بۆ لین ڕوون بووەوە، ماو پیلانەکانی ئەوی بۆ کوشتنی خۆی ئاشکرا کردووە، هەوڵیدا، بەفڕۆکە لە چین هەڵبێت. بەڵام فڕۆکەکە لە مەغۆلستان کەوت و لین و بنەماڵەکەی کوژران.**

سەیارەکەی لین پیاۆ، جێبە سوپاییەکەی ئەوانەی بەجێهێشت کە بە دوایەوەبوون، بەڵام دەردەسەرێکی زۆرتر لە فڕۆکەخانەدا، لە چاوەڕوانیدابوو. لەوێوە کە سەربازەکان بە توندی بەدوایەوەبوون، مەجاڵ بۆ وەرگرتنی سووتەمەنی تەواوی فڕۆکەکە، نەبوو. فڕۆکەی (ترێدێنت) ی سێ ماتۆڕەی سەد کەسی، دروستکراوی بەریتانیا، لەکاتی فڕیندا، لەگەڵ تەنکەرێکی هەڵگری سووتەمەنی دا، بەریەك کەوتن و دەزگای هاتنەخواری لای ڕاستی، خراپ بوو.

هەواڵی ئەم زنجیرە ڕووداوانە بە خێرایی گەیشتە پەکین. چوێن لای، داوای لە ماو کرد، کە فەرمان بدات، فڕۆکە ترێدێنتەکە، بە ساروخ تێك بشکێنن. ماو قبوولی نەکرد و لە وەڵامدا وتی: ((باران لە ئاسمانەوە دەبارێت. بێوەژنەکان سەرلەنوێ شو دەکەنەوە. دەتوانین چ بکەین؟ لین پیاۆ دەیهەوێ هەڵبێت. بهێڵە با هەڵبێت. تەقەی لێ نەکەن.)) [٦٣]

### *بەسەرهاتێکی دژە شۆڕشی جددی*

*کاتێك کە ڕێبەرێکی کۆماری گەلی چین لەبەر چاوان دەکەوت، دەبوو بۆ لەنێوبردنی ئابڕوو و ئیعتبارەکەی، هەموو کارێك کرابا. ئەمە لەخۆگری بردنە ژێر پرسیاری هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەوبوو. لەبارەی لین پیاۆوە، ئەمە بەمانای مەحکومکردنی هەڵسوکەوتی چەند دەیەی پێشی ئەو بوو، لە ڕەوتی شەڕی ناوخۆ لەگەڵ نەتەوەخوازەکانی چیان کایشکدا، کە لەم ڕاگەیاندراوەی حیزبی کۆمۆنیستی چیندا لەساڵی ١٩٧١ نووسراوە و مایکڵ ی. ئێم.کائۆ، لە کتێبی (بەسەرهاتی لین پیاۆ) دا، نووسیویەتییەوە.*

*((لەبەر گۆڕینی لە ناکاوی باوەڕەوە نەبوو کەلین پیاۆ... لە ڕێکخستنی دارودەستەیەکی دژە شۆڕش، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حیزب و سەرۆك ماودا، پێشقەدەم بوو. ئەو تەنانەت لەسەردەمی چاکسازی زەوی و زاریشدا، لەگەڵ سەرۆك ماو دژایەتیی کردبوو. بەدرێژایی ماوەی شەڕی بەرگری بەدژی ژاپۆنیش، ئەو لە زۆرێك لە وتارەکانیدا، سەبارەت بە حیزب ناڕەزایەتیی دەربڕیبوو. لەماوەی شەڕی ئازادیبەخشیش دا، لە نەبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیدا، خەریکی بەدیهێنانی قەڵەمڕەوێکی سەربەخۆ لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات دا، بوو. دوای ئەم سەردەمەش و لەو کاتەوە کە بوو بە بەرپرسی کۆمیسیۆنی کاروباری عەسکەری، کۆمەکگەلێکی بەبەهای کردن بەحیزب و دەوڵەت. بەم پێیە حیزب بە سیاسەتی دوورودرێژی هاوکاریکردن، فێرکردن و پەروەردە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەودا، وەفادار مایەوە.*

*بەڵام لین پیاو... ئەم سیاسەتی هاوکاریکردن، پەروەردە و فێرکردنەی حیزبی، بە بێ نرخ چاولێکردن. دوای کۆنگرەی نۆیەمی حیزب،... بە ڕێکخستنی دارودەستەیەکی دژە شۆڕش لە ڕاستای هەوڵێکی هەوسارپچڕاودا، بۆ دژایەتی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی، خولْقاندنی بۆشایی لە نێو حیزب و بەدیهێنانی لووتکەیەکی تر، پێشقەدەم بوو...*

*کۆمیتەی ناوەندی، زنجیرە پیلانەکانی دارودەستەی دژەحیزبی لین ـ چێن پۆدا، بە بەسەرهاتێکی دژە شۆڕشی جددی، دادەنێت.*

پێویست نەبوو کە کەڵك لە سارۆخ وەربگیرێ. لەوێوە کە فڕۆکەکەی لین لەگەڵ کەمبوونی سووتەمەنیدا بەرەوڕووبوو، فڕۆکەوانەکەی هەوڵیدا لە ٢٥٠ مایلی ناو خاکی کۆماری گەلی مەغۆلستان دا، کە لە قەڵەمڕەوی یەکیەتی سۆڤیەت دابوو، بنیشێتەوە. لەکاتی نیشتنەوە، باڵی ڕاستی فڕۆکەکە بەر زەوی کەوت. هەیکەلی فڕۆکەکە لێکهەڵوەشا و سووتا. توندی بەریەککەوتنەکە یا ئاورەکەی، هەموو سەرنشینەکانی ناو فڕۆکەکەی کوشتن.

هەندێك لە چاودێران وای لێکدەدەنەوە، کە مردنی لین، بەڕێکەوت نەبووە. گێڕانەوەیەکی خەیاڵی بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ڕۆکێتێکی شەست میلی مەتری، بەر (لیموزینە) پەرچەم سوورەکەی لین کەوتووە و ئەو و هاوسەرەکەی کوشتووە. هەندێکی تر دەیانگوت تەرمە دۆزراوەکانی ناو ترێدێنت، هی لین و هاوسەرەکەی نەبوون. ئەوانی تر باوەڕیان وابوو کە تەرمە دۆزراوەکان ئی لین و هاوسەرەکەی بوون، بەڵام بەفیشەك کون کون کرابوون. زۆرێك لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کە لە (ترییدێنت) ی لین دا،



خراپکاری کراوە. ئەوان دەیانپرسی کە بۆچی ماو، بەبیستنی هەواڵی ڕاکردنی لین، وەها هێمن گوتبووی: (( بهێڵە با بڕوات، ڕێگایەکی دوور نابڕێت.)) [٦٤]

حەقیقەت تا ئێستا لە نهێنیکاری و فێڵبازی چینی ماویستی دا، بە داپۆشراوی ماوەتەوە و ڕەنگە قەت ئاشکراش نەبێت.

### هەڵسوکەوکەت باشە

گاردێکی سووری پێشوو، بەناوی لۆ، تۆمەتبار بوو کە لە ڕەوتی شۆڕشی کولتووریدا، بەفەرمانی لین *پیاۆ*، کاری کردووە. لە ئۆردوگای ناحیەیەکی دوورکەوتووی پارێزگای جیانکێسی لە ناوەندی چین دا، زیندانییان کرد. سەرەنجام لەوێ پێیان گوت، کە ئەگەر شتێك لە پێوەندی لەگەڵ پشتراستکردنەوەی ئەم تۆمەتەدا بڵێت، کە بۆ لین کاری کردووە، ئەوا ئازاد دەبێت. ئەو بەسەرهاتەکەی لە کتێبەکەی فاکس باترفیلدا بە ناوی (چین: زیندوو لە دەریای ژەهراوییدا) گێڕاوەتەوە:

((ناچاربووین کە خۆمانی لەسەر ڕاهێنین. سەرەتا دەبوو هەموویم لەبەردەکرد، تا کاتێك کە لەبەرامبەر کۆڕی لێپرسینەوەدا قسەم دەکردن، هەڵەیەك ڕوونەدات. پێیاندەگوتم: ئەم ڕستەیە دەبێ بەخەمەوە دەربڕی. ئەم پەڕەگرافە دەبێ بەهەستی ڕاستەقینەوە بڵێی. لە هەندێك شوێن دەیاننووسی، (ڕاوەستە) تا زیندانییەکانیتر قسە بکەن. لە هەندێ شوێنی تردا دەیاننووسی: (دروشم) تا کەسەکان بتوانن بەسەرمدا بنەڕێنن. جارێکیان نەمتوانی بابەتی دواتر وەبیربێنمەوە. پاسەوانەکان گوتیان، کە خەریکم پەردەپۆشی دەکەم، بەڵام من بەڕاستی لەبیرم چووبوو. سەرەنجام کاغەزێکیان پێدام کە بتوانم لە ڕوویەوە بخوێنمەوە.

جاری یەکەم کە بردمیانە ناو کۆڕی لێپرسینەوەوە، ئەوەندە ترسابووم، کە دوای پازدە دەقە، هەستمکرد ئیفلیج بووم. بەڵام سەرەنجام خووم پێوەگرت. کاتێك کە زۆر توند لێیاننەدەدام، ڕاست وەکو بەرازێك بوو کە دەچووە بازار. لەوێوە کەسەرم نەوی کردبوو و نەمتوانی کەس ببینم، هەرچییەك کە هەبوو، هەمووی هات و هاواربوو. هیچ کاتێك تێنەگەیشتم کە بۆچی ﴿ سەرەنجام ئازادبووم ﴾. پێیان گوتم. تۆ دوژمنێکی گەلی، بەڵام هەڵسوکەوتەکەت، باشە.))

## *مردنی نهێنی*

*دەوڵەتی چین لەوە نیگەران بوو، کە ڕێبەرەکانی تری سوپای ئازادیبەخشی گەلیش، لەوانەیە بەڵێنشکێن بن. بۆیە دوای مردنی لین پیاۆ، دەستیدایە کارگەلێکی توند. دەوڵەت تەواوی ترافیکی هەوایی چینی ڕاوەستاند و تەنانەت لەوەش گرنگتر ـ لەڕوانگەی چاودێرانی ڕووداوە نهێنییەکانی کۆماری گەلی*

*چینەوە - ڕێورەسمی ڕۆژی میللیشی لە یەکەمی تشرینی یەکەم دا، هەڵوەشاندەوە. (ساڵۆژی بەدەسەڵاتگەیشتنی ماو لە ١٩٤٩).*

*بەم حاڵەشەوە، بابەتی خیانەت و مەرگی لین پیاۆ ئەوەندە کێشە خوڵقێن و جوڵێنەربوو، کە ڕێبەرێ حیزب نەیدەزانی چۆن بۆ خەڵکی ئاشکرا بکات. هەموو شتێك بەجێی خۆی، بەڵام بۆ خەڵکی چین ئەو پرسیارانە دەهاتنە پێش کە بۆچی سەرۆکی هەڵە نەکەریان توانیویەتی هەڵەیەکی گەورەی، وەك هەڵبژاردنی لین پیاۆی خراپکار وەك جێنشینی خۆی، بکات. ئەگەر ماو لە بارەی (لین) ەوە، پیاوێك کە بۆ چەند دەیە لە پێوەندییەکی قووڵدا بوو لەگەڵی، هەڵەی کردبوو، چ هەڵەیەکی تریشی دەشێت، ئەنجام دابێت؟ ((بازدانی مەزن بەرەو پێشەوە))؟ شۆڕشی کولتووری؟ ڕەنگە تەنانەت خودی سۆسیالیزم؟*

*بۆ ماوەی دوو مانگ، هیچ کەس- تەنانەت ئەندامەکانی حیزبیش - هەواڵی مردنی (لین) یان نەزانی. تاڕادەیەك هەر لەو کاتەدا، ڕاپۆرت گەلێك لە بڵاوکراوە ڕۆژئاواییەکاندا، دەرکەوتن، کەباسی ئەوەیان دەکرد، لین پیاۆ مردووە. لەبارەی ئەوەوە، کە لین لەکوێیە، بەردەوام، دەنگۆ بڵاودەبوونەوە. سەرەڕای ئەمەش، دەوڵەتی چین تا **١٩٧٣** بەخەڵکەکەی نەگوت کە لین پیاۆ، کەسێك کە زۆربەی چینییەکان وایان بیردەکردەوە ڕێبەری داهاتوویانە، دووساڵ لەوەو پێش مردووە.*

***((ماو پێویستی بەکەسێك بوو، کە خراپکارییەکانی ڕێکبخاتەوە))***

*چو ئێن لای، لە نێوان باڵی توندڕەوی جیان چینگ، لین پیاو، کانگ شێنگ و گرووپی دوورخراوەی لیۆ شاۆچی و دێنگ شیاۆپینگدا، بەسەرکەوتووییەوە ڕێگای ناوەندی گرتە پێش. (یاۆمینگ لی) لە (پیلان و کوشتنی میراتگری ماو) دا، باس لەوە دەکات کە چۆن، چوئێن لای، لە ئاڵوگۆڕە توندەکان لە سیاسەتی چیندا، ڕزگاری بوو:*

*((توانایی چوێن لای لە هاوکاری نزیك لەگەڵ ماودا، بەدرێژایی ساڵگەلێکی زۆر، بەبێ ئەوەی بکەوێتە بەر هێرشی پاڵاوتنە دەورەییەکانییەوە، لەدەرکی قوڵ و تاڕادەیەك ناسینی تەواوی ماووە، سەرچاوەی گرتبوو. چۆ ئاگاداری گرنگی دوورکەتنیەوە لە پلەی دووەمی حیزب بوو و بەوە ڕازی بوو کەڕۆڵی پیاوی ژمارە سێ یا تەنانەت ژمارە چواریش بگێڕێ. ئەو دەیزانی کە چۆن ئاماژەکانی ماو وەربگرێت، زەینی بخوێنێتەوە و خۆشحاڵی بکات.*

*ماویش بە نۆرەی خۆی، ئاگاداری حەزی چوێن لای بوو، بۆ ئەنجامدانی رادەیەکی زۆر کاری هەستپێکراوو و پەست. ماو پێویستی بەکەسێك هەبوو، کە خراپکارییەکانی ڕێکبخات. چو باوەڕپێکراو بوو و بە هەرەشەش دانەدەنرا. ئەو لەگەڵ هیچ باڵێکی دیاریکراودا، یەکی نەگرت، لە ئەنجام دا، ماو دەیتوانی لەبارەی هەر شتێکەوە، قسەی لەگەڵدا بکات. بەم حاڵەوە، جێگای سەرنجە کە توانییان تا کاتی مردنی چوێن لای، وەك هاوڕێ بمێننەوە.))*



# (٧)

## چین، دوای شۆڕشی کولتووری

ئەندامەکۆنەکان خەریك بوو دەگۆڕدران. لەدەیەی ١٩٧٠ دا، لین پیاو تەنیا یەکەمین ڕێبەری بەساڵاچووی چین بوو، کەکۆچی دوایی کرد.

کانگ شێنگ کەسی دواتر بوو. کانگ کە تەنانەت بەرلە بەسەرهاتی لین پیاو بەسەختی نەخۆش کەوتبوو، خەریکی پیلانگێڕی بوو، بەدژی جیان چینگ. بەڵام ئەو زیاتر لەوە نەخۆش بوو کە بتوانێ پلانەکەی ئەنجام بدات و بۆیە لە شانزەمی کانوونی یەکەمی **١٩٧٥** دا، کۆچی دوایی کرد.

بە زوویی نۆرە گەیشتە لای ڕێبەری میانڕەوەکان، واتە چوئێن لای، کە لە هەشتەمی کانوونی دووەمی **١٩٧٦** دا، بەهۆی شێرپەنجەوە مرد. ماو هوا گۆفنگی وەك سەرۆك وەزیر دیاریکرد، کە لە کاربەدەستە کەمتر ناسراوەکانی پارێزگای هۆنان (شوێنی لەدایك بوونی ماو) بوو. دەڵێن گوایە ماو نووسراوێکی بەم ناوەڕۆکەوە داوە بە هواگوفنگ: ((بە پەسەندکردنی بەرپرسایەتی لەلایەن ئێوەوە، خەیاڵم ئاسودە دەبێت.))(٦٥) هوا گۆفنگ، بێگومان پالێوراوێکی جێی پەسەند بوو، بۆ جێگریی ماو. کریگ دیتریچ لە (چینی گەلی)دا، وەهای نووسیوە: ((هوا گوفنگ تێکەڵەیەك بوو لە ماویست، کردەوە گەرا(پراگماتیست)و هەلپەرست، لەگەڵ نۆڕینێکی دیاریکراو، بۆ ئاشتیخوازی. ئەو بە ڕواڵەتێکی بەژن بەرز، چەناگەی گەورە و قژی ئاڵۆزەوە، فەرمانبەرێکی نەناسراوی شارستانی بوو، کە خەریك بوو لە ئاستی نەتەوەییدا، دەردەکەوت.))(٦٦)

### گەڕانەوەی دێنگ شیائۆپینگ

لەحاڵێکدا کە زۆرێك لە هاوڕێ کۆنەکانی دێنگ شیائۆپینگ، خەریك بوو دەمردن، ئەو تازە خەریك بوو کە لە گۆڕە سیاسییەکەیدا، سەری دەردەهێنا. لەنیسانی **١٩٧٣** دا، دیپلۆماتە سەرسووڕماوە بیانییەکان، شاهیدی ئامادەبوونی دێنگ بوون، لە میوانییەکدا، کەبەشانازی شازادەی کامبۆجی نۆردوم سیهانوکەوە، ڕێکخرابوو. لە نیسانی **١٩٧٤** دا، ئەولەسەرەوەی وەفدی نوێنەرایەتی چینەوە، بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دانرا. سەرەڕای ئەمەش، باڵی توندڕەو

هێشتا خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوون. لەساڵی ١٩٧٦ دا، کە چوئێن لای کۆچی دوایی کرد، هەندێك وایان بیردەکردەوە کە دێنگ، بۆ جێنشینییەکەی کەسێکی مەنتقییە، بەڵام کاتێك کە هوا گوفنگ بووە سەرۆك وەزیر، دێنگ جارێکی تریش بە شێوەیەکی پڕ لە نهێنی، لەبەر چاوان ون بوو. هێرشە داپۆشراوەکان بۆ سەری، جارێکی تریش لە بڵاوکراوەکاندا، چاپکرانەوە.

لە نیسانی ١٩٧٦ دا، سەد هەزار کەس لە گۆڕەپانی تیان ئان مێنی پەکین دا کۆبوونەوە، تا ڕێز لە چوئێن لای، کۆچکردوو بگرن، بەڵام جەماوەری ماندوو لە ئاشووب و توندڕەوی بەزوویی دەستیان دایە هێرش بۆ سەر جیان چینگ و ستایشی دێنگ شیائۆپینگ. کاتێك کە پۆلیس تاجی گوڵەکانی ئەوانی بۆ چوئێن لای کۆکردنەوە، نارازییەکان ئاشووبیان دەستپێکرد. پۆلیس زیاد لەسەد کەسی لێ کوشتن و هەزاران کەسیشی دەست بەسەر کردن، ئەوجا توانی هێمنی و ئاسایش جێگیر بکاتەوە.



**دێنگ شیائۆ پینگ لەسەرەتاکانی دەیەی حەفتا دا، هەوڵی دا کە دووبارە بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی بەهێزی چین بۆ قبوڵ کردنی ڕێبەرێکی میانەڕەو ئامادە نەبوو. ئەو تاکۆتاییەکانی دەیەی حەفتا، نەگەیشت بەم دەسەڵات.**

دێنگ شیائۆپینگ تەواوی پۆستە فەرمییەکانی لەدەستدان و لە پەکین هەڵات. ئەو چەند مانگەکەی دواتری بە نهێنی بردە سەر، بەڵام داوای لە میانەڕەوە هاوفکرەکانی کرد، لەبەرامبەر نەیارە توندڕەوەکاندا، دەستبکەن بە کارکردن. بەتایبەت پرسی:

*ئایا ئێمە ئیزنمان هەیە کە لێرەدا بەبێ توانایی و دەستەوەستان، چاوەڕوان بین تا ئەوان قەتڵوعامان بکەن؟ ئایا ئێمە ئیزنی ئەوەمان هەیە کە ئیزن بەم چوار کەسە بدەین، کە وڵاتەکەمان سەدەیەك ببەنە دواوە؟ (جیان چینگ و هاوپەیمانەکانی، جێگیری سەرۆکی حیزب وانگ هونگ وێن و دووهێرشبەری سەرەکی بۆ سەر شانۆنامەکەی وۆهان (لابردنی های جوی)، واتە زانگ چون چیائۆ و یائۆ وێن یوئان). یا دەبێ تا دواهەناسەمان، بەدژیان بجەنگین؟*[٦٧]



## داروودەستەی چوار کەسی

ئێستا ئیدی مردن داوای خودی سەرۆك ماوی دەکرد. ئەو لە دوای مردنی لین پیاو، ئیدی وەك رابردوو نەبوو. دکتۆر لی ژیسویی لە ژیانی تایبەتی سەرۆك ماودا دەنووسێت: ((ئەم بەسەرهاتە بوو بە هۆی ئەوەی کە ماو پەشێو و داهێزراو بێت و نەتوانێ بخەوێت و دواجاریش نەخۆش کەوت.))[٦٨] بەڵام پەشێو بوون وخەمۆکی تەنیا نەخۆشی ئەو نەبوو. بێهێزی پەرەسەندووی سەرچاوە گرتوو لە (نەخۆشی لوگهریك)، نەخۆشی دڵ و سییەکان (ئەو جگەرە کێشێکی لێهاتوو بوو) و گورچیلە ناساغەکانی، بوون بەهۆی ئەوەی کە راست دوای نیوە شەوی نۆیەمی ئەیلولی ١٩٧٦، کۆچی دوایی بکات.

***((حەفتا لە سەد راست))***

*کۆماری گەلی چین هێشتا لەگەڵ ئەو کێشەیەدا دەست و پەنجەی نەرم دەکات، کە لەگەڵ میراتی ماوتسە تونگدا، چۆن هەڵسوکەوت بکات. دەبێ هەڵەکانی داپۆشێ، یا دەبێ نرخەکەی،(ئیعتبارەکەی) تەنانەت پەرستنەکەشی، بگەڕێنێتەوە؟ (ئا. دین بوون) لە (فارین سرویس ژۆرناڵ) دا، راپۆرت دەدات کە، چۆن دێنگ شیائۆ پینگ و ڕێبەریی چین، هەڵوێستێکی میانەڕەوانە و پارێزگارانەیان هەڵبژاردووە.*

*((لە ساڵی ١٩٧٨ دا کە دێنگ شیائۆپینگ گەڕایەوە سەر تەختی دەسەڵات، دەستیدایە پێداچوونەوەی رەخنەگرانەی ماو، ماویزم و تەواوی شۆڕشی کلتووریی چین. ڕێچکەی فەرمی ئەوە بوو، کە کارەکانی ماو، (حەفتا لەسەد دروست) بوون. هەرچەندە کە ڕێبەریی نوێ لە باسە ئاشکراکانی خۆیدا، باسی لە کەم وکورتییەکان دەکرد، کەوا دەکەوتە بەرچاو، زیاد لە (سی لە سەد) بێت. حیزبی کۆمۆنیستی چین (ئەندێشەی ماوتسە تۆنگ)ی وەك بنەمای ڕێنوێنی خۆی پاراست، لە حاڵێکدا کە لە کردەوەدا، بەشی سەرەکی ماویزمی خستە لاوە.*

*چین هەروەها ئامادەی هاوڕێیەتی لەگەڵ بەرنامەی دژە ستالینی یەکێتی سۆڤیەت، نەبوو؛ کاربەدەستەکانی چین هیچ کاتێك نەچوونە ژێر باری پێداچوونەوە، لە بارەی ستالینەوە. تا نائارامی ساڵی ١٩٨٩، هەر ساڵێك لە یەکەمین رۆژی مانگی مایس دا، دەوڵەتی چین وێنەگەلێکی مەزنی لائۆزوتۆنگی (پێشینەکان، یا دەستپێکەرانی کۆمۆنیزم)ی، لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا، دا دەکوتان. ئەم چوار کەسە بریتی بوون لە مارکس، ئەنگڵس، لینین و ستالین. هێلی سەرەکی(ڕێچکەی) چین لە بارەی ستالینەوە، وەك هێڵی سەرەکی لە بارەی ماوی لێهات. واتە ئەویش نزیکەی حەفتا لە سەدی کارەکانی دروست بوون. دواتر باسی پەنجا لە سەدیش هاتە پێشەوە...*

*ماو، مەشروعیەتبەخشی رژێم و تەواوی سیاسەتە سەرچاوە گرتووەکان بوو. چ عەوامگەرایی، دژە رۆشنبیری، پشت بەخۆبەستن، بەشداری خەڵکی و چ شۆڕشی بەردەوامیش. کێشەی چین لە دوورکردنەوەی ماو لەخۆی لەوەدابوو، کە ماو هەم لینین و هەم ستالینی ئەم رژێمەیە. دژە لینینی، پێویستی بەکاتێکی زۆر زۆرتر هەیە، بەڵام نۆرەی چینیش دەگات. راست هەر بەوجۆرەی کە ئێستا، لەیەکیەتی سۆڤیەت دا، دەستییپێکردووە.*

ئێستا ئیدی دوو گرووپ دەستیاندایە هەر کارێك، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. یەکێکیان بەرێبەریی جیان چینگ بوو، کە چاودێری دەزگای کلتووریی دەکرد، بەڵام خاوەنی هێزگەلێکی تر نەبوو، کە بتوانن هاوکاریی بکەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. بە وتەی جۆن بایرۆن و رۆبەرت پەك لە ((پەنجەکانی ئەژدیها) دا: ((هەر چەندە ئەوان، دەزگای پڕۆپاگەندەیی ـ بڵاوکراوەکان، رادیۆ، تەلەفزیۆن، شانۆ و سینەما ـ یان لە ژێر کۆنترۆڵدا بوون، بەڵام هیچ نفووزێکیان لەناو سوپا یا پۆلیسدا، نەبوو.))[٦٩]



جیان چینگ دوای مردنی ماو، هەوڵی دا، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. بەڵام بە ئاسانی شکستی خوارد و دەستبەسەر کرا. وەك ئەندامی گرووپی چوار کەسی، محاکەمەیان کردو بە ئیعدام مەحکومیان کرد.

هوا گوفنگ، لەسەرەوەی باڵەکەی تردا بوو. هەردوو گرووپەکە، بەرنامەڕێژییان بۆ کودەتا کرد، بەڵام هوا گوفنگ سەرەتا دەستی خۆی وەشاند. لە پێنجەمی تشرینی یەکەم دا، مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی چین کۆبوونەوەی پێکهێنا، تا ڕێبەرێکی تازە هەڵبژێرێت. جیان چینگ خوازیاری هەڵبژاردنی خۆی بوو، وەك سەرۆکی حیزب، بەڵام بۆچوونەکەی بە هیچ شوێنێك نەگەیی. لە بەرامبەردا، شەوی دواتر، سەربازەکانی یەکەی ٨٣٤١ ی هاوفکرەکانی، وانگ هونگ وێن، زانگ چون چیائۆ و یائۆ وێن یوئان، کاتێك کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەکدا، لە تەلاری کۆنگرەی گەلدا، دەهاتنە ناو گۆڕەپانی (تیان ئان مێن) ەوە، دەستبەسەرکردن راست لەو شەوەش دا، پۆلیس چووە ناو ماڵەکەی جیان چینگ و پێی راگەیاند، کە ئەویش دەستبەسەرە.

لە ناکاو دا، هێزی جیان چینگ تێکشکا. ماو حەقی بوو کە چەندین ساڵ بەر لەوە گوتبووی: ((جیان چینگ پڵنگێکی کاغەزییە، کە بات تێکرد لێك هەڵدەوەشێ.))[٧٠]

هوا گوفنگ ئێستا ئیدی سێ پلەی، لە باڵاترین پلەکانی وڵات هەبوون: سەرۆکی حیزب، سەرۆك وەزیری چین و سەرۆکی کۆمیسیۆنی کاروباری عەسکەریی حیزب. دەوڵەتە نوێیەکەی، هەر یەك لە جیان چینگ، وانگ هۆنگ وێن، زانگ چون چیاۆ و یائو وێن یوان ی، کێشانە دادگا.



شکایەتنامەی دژی ئەم گرووپە چوارکەسییە، لەخۆگری بیست هەزار وشە دەبوو و بە وەدواکەوتن و ئازاردانی ناعادڵانەی ٧٥٠ هەزار کەس، تۆمەتباری دەکردن، کە ٣٤٣٨٠ کەسیان، لە ئەنجامی ئەو ئەشکەنجەوە، گیانیان لەدەستدابوو. زۆرێك لە قوربانییەکانی، رۆشنبیرەکان بوون. گرووپی چوار کەسی بەتۆمەتی ئازاردانی ١٤٢ هەزار کەس لە وەزارەتی فێرکردن، ٥٣ هەزار کەس لە فەرهەنگستانی (ئەکادیمیایی) زانستەکان و زیاد لە ٥٠٠ کەس لە ٦٧٤ مامۆستایەکەی زانکۆ پزیشکییەکانی کۆماری گەلی چین، تاوانباربوون.

هەر چوار کەسەکە بە تاوانبار ناسران. دادگا جیان چینگ و زانگ چون چیاۆی بە ئیعدامی (هەڵپەسێردراو)، مەحکوم کردن. پێنگ چن، سەرۆکی شارەوانی پەکین، کە سەردەمانێك کەوتبووە بەر تووڕەییەوە، ئەو شانازییەی هەبوو کە هەواڵی مەحکومییەتی جیان، پێی بگەیەنێ. دوو کەسەکەی تر بە زیندانی درێژخایەن مەحکوم کران.

## دێنگ شیاۆ پینگ دەگەڕێتەوە

هەرەسهێنانی جیان چینگ بەمانای گەڕانەوەی سەرلەنوێی شیائۆپینگ بوو. هواگوفنگ دژی گەڕانەوەی دێنگ بوو و پێگوت: ((ئێوە تووشی هەڵە گەلێك بوون و بۆیە دەبێ سەرلەنوێ بکەونەوە بەر رەخنە.))[٧١] بەڵام لە کانوونی دووەمی ١٩٧٧ دا، زیاتر لەیەك ملیۆن کەس لە گۆڕەپانی سەد هەزار مەتری چوارگۆشەی تیان ئان مێن دان، گەورەترین گۆڕەپانی گشتی جیهان، کۆبوونەوە و خوازیاری گەڕانەوەی ئابڕووی دێنگ شیائۆ پینگ بوون. دێنگ هەروەها هاوڕێی زۆرێك لە کاربەدەستە بەهێزەکانیش بوو و هواگوفنگ ناچاربوو کە لە حوزەیرانی ١٩٧٧دا، دێنگ بگەڕێنێتەوە سەر هەموو ئەو پۆستانەی، کە بەر لە پاکسازیی دووەم، لە نیسانی ١٩٧٦ دا، لێی ستاندبووەوە.

دێنگ دوای گەڕانەوەی بۆ سەرکار، سەرنجێکی تایبەتی دا بە بەرەوپێشبردنی زانست، فێرکردن و تەکنەلۆژی و بەدگومانی نەخۆش ئاسای شۆڕشی کولتووری، سەبارەت بە خوێندەوار و خاوەن شەهادەکان، لە ناوبرد. دێنگ نارەزایەتی دەربڕی:

دار و دەستەی چوار کەسی، ئەو بانگەشە گاڵتەجاڕەیان بڵاو دەکردەوە، کە هەرکەسێك زۆرتر بزانێ، کۆنەپەرستتر دەبێت. دەیانگوت، کە کار و زەحمەتی بێ کلتووریان دەوێت. ئەوان وەك نموونەی (پسپۆری سوور)، بە گاڵتەجاڕێکی نەزانیان دا هەڵدەگوت، کە کاغەزی ئیمتحانی بە سپییەتی دەدا[٧٢]. هواگوفنگ و شیاۆپینگ، دووبارە لە یەکتر زیاتر دوورکەوتنەوە و دێنگ بوو بە

رەمزی دەسەڵاتداری چاکسازی. هەر بەوجۆرەی کە لە نیسانی ١٩٧٦ دا جەماوەر لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا، پشتیوانییان لە دێنگ کردبوو، سەرلەنوێ دەستیان دایەوەو بە پشتیوانی کردنی. بەشێکی زۆر بەرچاوی ئەم نارەزایەتییە (دیواری دیمۆکراسی) بوو لە، بولواری (شەقامی گەورە)(چان گان) ی، پەکین دا، کە لە نیوەی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨دا، پێکهات. پۆستەری مەزن کە نیشانەگەلی گەورەیان لەسەر بوو، لە ستایشی دێنگ و چوئێن لای و رەخنە لە، نەك تەنیا گرووپی چوار کەسی، بەڵکو هەروەها بەجۆرێکی سەرسوورهێنەر، تەنانەت لە خودی ویش، دیواری داپۆشی بوو.

هەلومەرج لە کۆماری گەلی چین دا، بەئاشکرایی لە حاڵی گۆڕاندا بوو.

دێنگ کە ماوەیەك بەرلەوە گوتبووی، کە خۆشحاڵ دەبێت (هاوکاری سەرۆك هەوا بێت) . [٧٣]

ئێستا ئیدی رێبەریی سەرۆك هوای، دابووە بەر هێرش و خوازیاری لابردنی بوو. لەساڵی ١٩٨١ دا، هواگوفنگ لەسەر پۆستەکەی لابرا. لە نێوان سێ تا پێنج ملیۆن ماویستی توندڕەو، لە حیزب دەرکران. دێنگ و گرووپە چاکسازیخوازەکەی (لە هەموویان بەناوبانگتر هو یاو بانگی سەرۆکی حیزب) گۆڕانی بنەڕەتی کۆمەڵگای چینیان دەستپێکرد. دێنگ ئیزنی بە وەرزێڕەکان دا، کە زۆرتری ماددەی خۆراکی بەرهەمەکانیان، بۆ خۆیان بهێڵنەوە. ئەو لە قەبوولکردنی خوێندکار لە زانکۆکان دا، زۆرترین پێداگریی لەسەر توانا فێرکارییەکان دانا، تا باوەڕ هەبوون بە ئایدیۆلۆژی ماویستی. لە پیشەسازی قورسەوە هەنگاوی بەرەو بەرهەمهێنانی کاڵا بەکاربراوەکان، نا. لە هەموویان گرنگتر، باوەڕی سەرمایەداری لەبارەی سوود و زەرەرەوە، هێنایە ناو چین. ئاستی ژیان بە شێوەیەکی بەرچاو باشتربوو. ئابووری چین سەرەنجام بەرەو گەشانەوە رۆیشت. کۆمەڵگای چین شێوەیەکی زۆر جیاوازی لە کۆمۆنیزم گرتەخۆ و وا دەکەوتە بەرچاو، کە سەردەمی ماویزم، بە کۆتا گەیشتووە.

بەڵام چاکسازی ئابووری بە مانای چاکسازی سیاسی نەبوو. حیزب هەروا بەجددی، پێشی بە ئازادی  دەربڕین دەگرت. لە کانوونی دووەمی ١٩٨٧دا، پەنجا هەزار کەس، لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا، کۆبوونەوەو داوای ئازادی زیاتریان کرد.  دەوڵەت رازی نەبوو و بەلابردنی هۆ یاوبانگ، رێبەری حیزبی کۆمۆنیست کە لایەنگری چاکسازی زۆرتر بوو، دژکردەوەی نیشان دا.

لە ئەیلولی ١٩٨٨ دا، لی پێنگی سەرۆك وەزیر، توندڕەوێکی پەروەردەکراوی مۆسکۆ، شەڕێکی لە ڕاستای کۆنترۆڵ کردنی چاکسازی لە چین دا، وەرێخست، کە بەهیچ جۆرێك جێی خۆشحاڵی زاو زیانگی جێگری هۆ، نەبوو.



## گۆڕەپانی تیان ئان مێن



**لە دەیەی ١٩٨٠ دا، خوێندکارە چینییەکان لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا کۆبوونەوەگەلێکیان بۆ لایەنگری لە دیموکراسی ئەنجام دان، بەو ئومێدەی کە فەزای چین زیاتر بکرێتەوە. بەڵام هێرشی دڕندانەی سوپا، ئومێدەکانی لەنێوبردن.**

لە ساڵی ١٩٨٩ دا، ناخۆشحاڵی لە دەستەوەستانی دێنگ شیاوپینگ، لە کردنەوەی سیستەمی سیاسی چین دا، بەوپەڕی خۆی گەیشت. ئۆرویل شێل لە پێشەکی (منداڵەکانی ئەژدیها) دا، نووسی: (( نزیکەی هەموو کەس لە گەندەڵی بەربلاو، واستەکاری و هەڵاواردن، ماندوو و بێزاربوون، کە لە تەواوی بەشە دەوڵەتییەکاندا، ریشەیان داکوتابوو[٧٤])). کاتێك کە هو یاوبانگ، رێبەری پێشووی حیزبی کۆمۆنیست و رەمزێکی چاکسازی، لە پازدەمی نیسان دا کۆچی دوایی کرد، پۆستەرەکان لە زانکۆکانی پەکین دا، کە خوازیاری خۆپیشاندان بوون بەنیشانەی ریزگرتن لە ئەو دەرکەوتن. بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارەکان، لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا کۆبوونەوە. هەشتا هەزار سەرباز بۆ پاراستنی رێوڕەسمی بیرەوەری هۆ یائۆبانگ، ئامادەکرابوون لە حاڵێکدا کە لە گۆڕەپانەکەدا، خوێندکارەکان بەلایەنگری لە دیموکراسی دروشمیان دەدا و خوازیاری ئەوەبوون، کە چاویان بە (لی پێنگ) ی سەرۆك وەزیر بکەوێت. بەڵام زائۆ زیانگ رێبەری حیزب و لی پێنگ لە دیدارێکی گەرموگوڕدا، لەگەڵیاندا، گفتوگۆیان کرد. زائۆ ئاشتیخواز بوو، لە حاڵێکدا کە (لی) نەگونجاو بوو و گرنگی بە نارازییەکان نەدەدا.

زۆری پێنەچوو، کە زیاتر لە ١٥٠ هەزار خوێندکار، بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆریی چین دا، بەپێ یا بە پاسکیل هاتنە ناو گۆڕەپانەکەوە. یەکێك لە نارازییەکان گوتی: ((دەوڵەتی چین بانگەشەی ئەوە دەکات کە لێرەدا، دیموکراسی هەیە، بەڵام چین هێشتا دیکتاتۆرییە)) [٧٥]

خەباتی خوێندکاری بەخێرایی، گواسترایەوە بۆ شارەکانی تریش: وەك شانگهای، ئانجینگ و تیان جین. زۆربەی کۆبوونەوەکان ئاشتیخوازانە بوون، بەڵام لە (شیان) دا، لە باکووری رۆژئاوای جین، کۆبوونەوەیەك کێشرایە ناو ئاشووبەوە. بیست ماڵ لە ئاگردا سووتان و ١٣٠ پۆلیسیش برینداربوون.



(خواوەندی دیموکراسی)، کە خوێندکارە چینییەکان بەدییان هێنا تارەمزی حەزی ئەوان بێت، لە جولانی چین بەرەو دیموکراسی. ئەم خواوەندە بە زوویی، هاوڕێ لەگەڵ ئومێدەکانی خوێندکارەکان، لە نێو چوو.

تا نیوەی مانگی مایس سەدان هەزار خوێندکار، لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا، کۆببوونەوە و ئەوێیان بەجێ نەدەهێشت. لەبەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنییەوە، ملیۆنەها بینەر لەسەرانسەری جیهان، بەدڵپەسەندییەکی لێوان لێو لەسەرسووڕمان، شاهیدی ئەم خۆپیشاندانە بوون. ئایا دیموکراسی راستەقینە، سەرەنجام لە چین دا پیادە دەکرا؟ یا سوپای ئازادیبەخشی گەل هێرشی دەکردە سەر جەماوەرە زۆرەکە و دەستی دەدایە قەتلوعام؟

لە بیستەمی مایس دا، لی پێنگ و یانگ شانگ کونی سەرۆك کۆمار، حاڵەتی نائاساییان راگەیاند. زاۆ زیانگ کە بەزۆری وەك چاکسازیخوازێکی بەرجەستە لە رێبەری چیندا، ناویان دەبرد، بەدژی کەڵکوەرگرتن لە هێز بوو لە بەرامبەر خۆپیشاندەرەکان و بۆیە لە پۆستەکەی لابرا. جیان زێمین، سەرۆکی شارەوانی شانگهای جێگەکەی ئەوی گرتەوە.



*((توانا بەرهەمدارەکانی تاك))*

*لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ دا، چاکسازییەکانی دێنگ شیاۆپینگ، خەریك بوون کە ئابووری چین ـ و کۆمەڵگای چینیان ـ دەگۆڕی. گۆڤاری (تایم) وەك (پیاوی ساڵی) ی ١٩٨٥ ی خۆی، ناساند. تایم لە ژمارەی شەشەمی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ ی خۆیدا، ئەم وەسفەی چاپکرد: ((دێنگ شیاۆپینگ رێبەرایەتی شۆڕشێکی دووەمی بەربڵاو و زیرەکانەوبوێرانە، بەڵام پڕمەترسی دەکات.)) ئەم وتارە نیشاندەدا، کە ئاڵوگۆڕەکانی دێنگ، چۆن لە کشتوکاڵی چیندا، شۆڕشیان خوڵقاند.*

*((گیانی جوڵێنەری چاکسازی دێنگ، دەبێ توانا بەرهەمدارەکانی تاکی ئازاد کردبن. چەمکێکی ئازایانە، نەك تەنیا بۆ مارکسیستێك بەڵکو بۆ چینییەك (چەمکی تاکگەرایی لە کۆمەڵگای چین دا، مانایەکی نەرێنی هەیە). ئەو بە شێوەیەکی شایستە، بە کشتوکاڵ دەستیپێ کرد، کە ماو تا ئەو رادەیە ئیشتراکی کردبوو، کە تەنانەت بۆ جیهانی کۆمۆنیستیش، زێدەڕۆییانە بوو. کۆمۆن گەلێك لەسەر زەوی کاریان دەکرد، ئەوەیان دەچاند کە دەوڵەت فەرمانی پێ دەکردن و تەواوی ماددەی خۆراکی بەرهەمهاتوویان بۆ دابەشین دەدایەوە بە دەوڵەت. دانی هەقدەست لەسەر بنەمای سیستەمێکی (ئیمتیازاتی کار) بوو، کە پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەرهەمهێناندا نەبوو: بۆ نموونە وەرزێرێك بۆ چاندنی برنج ژمارەیەکی دیاریکراو ئیمتیازی کاری وەردەگرت، بەڵام ئەگەر بەرهەمی کۆتایی زۆرتر دەبوو یا کەمتر، ئەوا لەژیانی ئەودا، هیچ کاریگەرییەکی نەبوو.*

*چاکسازی دێنگ، کۆمۆنەکانی هەڵوەشاندنەوە و سیستەمێکی گرێبەستی لە جێگایان دانا. ئەگەر چی دەوڵەت هەروا خاوەنی زەوییەکانە، بەڵام بەشێوەیەکی جیا، پارچە زەوییەکانی بەزۆری بەکرێ دەدا بەبنەماڵەکان. کرێیەکە بە دانی رادەیەکی دیاریکراوی برنج وگەنم و یا هەرشتێکی تر بە دەوڵەت، بە نرخێکی جێگیر، دەدرێت. بەڵام بنەماڵەکان دوای دانەوەی قەرزەکەیان، ئەوا دەتوانن هەر شتێکیتر بچێنن کە خۆیان دەیانهەوێ و بەهەر نرخێك لە بازاڕی ئازاددا، بیفرۆشن.*

*هەرچەندە، دەوڵەت ئەو مافە بۆ خۆی دەهێڵێتەوە، کە بەکرێدانی بنەماڵەیەکی وەرزێڕی هەڵوەشێنێتەوە و بیداتە کەسێکیتر، بەڵام ئەم مافە بەدەگمەن بەکاردەبرێت. بنەماڵە جووتیارەکان، بەجۆرێکی بەربڵاو زەوی بە هی خۆیان دادەنێن و بەجۆرێك سوودی لێ وەردەگرن، کە دەڵێی بە تەواوی هی خۆیانە. جووتیارەکان سەرپشکن، لەڕاستیدا هاندەدەرێن کە لە زەوی دەوڵەتدا، ماڵە تایبەتییەکانیان ساز بکەن.*

*لە تەواوی ناوچە گوندییەکانی چین دا، وردەی خشتەکان بە درێژایی لێواری جادەکان، هەڵڕێژراون، بۆ ئەوەی وەرزێرەکان بتوانن، بۆ دروست کردنی ماڵ، هەڵیانگرن، یا تەنانەت پارە بە خەڵکانی تر بدەن، کە ئەم کارەیان بۆ جێبەجێ بکەن. بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی ماودا، کە زۆرێك لە وەرزێرەکان دەبوو لە کۆڵێتەکاندا ژاپۆن و لە خواردنگە هاوبەشەکاندا، نانیان خواردبا، تەنها هەر ئەم گۆڕانە لە شێوازی ژیاندا، بۆ خۆی شۆڕشێکە)).*

## ڕەمزێکی بەهێز

لە سی مایسدا، خۆپیشاندەران، نۆرینێکی تازەیان هێنایە کایەوە. ناڕەزاییەکان لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا، پەیکەری بە گەچ دروستکراوی دوازدە میتری، (خواوەندی دیموکراسی) یان، دانابوو، کە زۆر لە پەیکەری ئازادی ئەمریکا دەچوو و بە قوماشی سوور و سپی و شین داپۆشرابوو. ئەم پەیکەرە دەوڵەتی تووڕەکرد، بەڵام ڕەمزێکی بەهێز بوو، کە نیشانی دەدا، ئامانجە دیمۆکراتیکەکان جیهانین و خەڵکی چین و ئەمریکا ـ و لەڕاستیدا هەمموو جیهان ـ پێکەوە گرێدەدەن.


بنبەست بۆ ماوەی حەوت هەفتە، درێژەی کێشا. لە هەینی دووەمی تەمووزی ١٩٨٩ دا، سوپای ئازادیبەخشی گەل، هەوڵێکی کەمی دا، تا ناوچەکە بە جۆرێکی ئاشتییانە چۆڵ بکات. خۆپیشاندەرەکان هیچ سەرنجێکیان نەدا. زرێپۆش و سەربازەکان دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر گەڕانەوە. سەربازەکان غازی فرمێسکرێژیان فڕێدایە ناو خەڵك و بە قامچی و چۆماغ کەوتنە گیانی نارازییەکانەوە. بەڵام خۆپیشاندەرەکان بە توندی بەرگرییان کرد. تەنانەت کەسانێکی تر لەدەرەوەی گۆڕەپانەکەوە هاتن بۆ یارمەتییان. دوای زیاتر لە پێنج سەعات پێکدادان، سەربازەکان کشانە دواوە. کەمێك دوای ئەوە، هەزار و دووسەد سەرباز گەڕانەوە. خۆپیشاندەرەکان گەمارۆیان دان و هێرشبەرەکان بە زوویی گۆڕەپانەکەیان بەجێهێشت.



سەربازەکانی لایەنگری دەوڵەت لە ١٩٨٩ دا، خوێندکارە ناڕازییەکانیان بە زۆر لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا، وەدەردەنێن. وەها کارگەلێکی عەسکەری نیشانیاندا، کە چین هێشتا ئامادە نییە بۆ دیموکراسی.



لە کاتژمێر دووی بەیانی، ڕۆژی دواتر، سەربازەکان گەڕانەوە و بەچەکە هێرشبەرە (ئاك ٤٧) ەکانی خۆیان، یەکڕاست بەرەو جەماوەرەکە، دەستیان کرد بە تەقەکردن و ئاگریان لەو پاس و سەیارانە بەردا، کە پێشتر خۆپیشان دەرەکان بۆ بەستنی ڕێگاکان بەکاریان هێنابوون. هەندێك لە خۆپیشاندەرەکان، دەستیاندایە بەرگریکردن، بەڵام بێسوود بوو. سوپا درێژەی بەتەقەکردن، دا. بەپێی نووسینی (هریسۆن سالیسبری) لە(یادەوەرییەکانی تیان ئان مێن) دا، «سەد خوێندکار دەستیان خستە ناو دەستی یەك و لە بەرامبەر زرێپۆشەکانەوە، وەستان. دواتر سەد کەسی تر دەستیان دا بە دەستی یەکەوە و تەقەیان لێ کرا. نووسینی بێ ئەندازە، خەمناکە.» [٧٦]. لە ماوەی چەند سەعاتدا، هەزار خۆپێشاندەر کوژران. دواتر سەربازەکان ڕژانە ناو شەقامەکانی پەکین و هەزاران کەسیتریان کوشتن. لە گۆشەی نەخۆشخانەیەکی پەکین دا، لاشەکان وەك دار، لەسەریەك هەڵچنرابوون.




لە ساڵی ١٩٨٩دا، خوێندکار و هاوڵاتیەکانی دیکەی چین زنجیرە ڕێپێوانێکیان بە مەبەستی دیموکراسیخوازی و کۆتاییهێنان بە گەندەڵی حکومەتی وەڕێ خستن. سوپا سەرکوتی کردن و سەدان نارازیشی لێ کوشتن.

سالیسبری لە (یادەوەرییەکانی تیان ئان مێن) دا، دەنووسێ:

*ژمارەی خوێندکارە کوژراوەکان لە تیان ئان مێن دا هەرچی بوو، ئەمە تەنیا بەشێك بوو لە قەتڵوعامە گشتییەکە... ئەم زیانە لە ناوەندی شاردا نەکەوتبوو، بەڵکو لە دەرووبەری شاردا، کەوتبوو، جێگایەك کە هەڵسوکەوتی سوپا ببووە هۆی شەڕێکی رەسەنی خەڵکی. دەیان و سەدان هەزار هاووڵاتی ئاسایی لە خانوو و شوقەکانیان دا، هاتنە دەرێ، تا بە دەستی بەتاڵ، برۆنە بەربەرەکانێ هێزی زرێپۆشی دەوڵەت*(۷۷).

((خواوەندی دیموکراسی)) لە ریزی لەناوچووەکاندا، بوو. لە بەرامبەر دیدەی ملیۆنەها بینەری تەلەفزیۆنی، زرێپۆشێك لە پەیکەرەکەی دا و یەکسەر تێك و پێکیدا. بەڵام نەدەکرا فکری دیموکراسی هەروا بە ئاسانی لەنێوببرێ. کاۆچین یوان، کە دروستکردنی پەیکەرە سەرەکییەکەی لە ژێر چاودێری دا بوو، لە (منداڵەکانی ئەژدیها) دا، نووسی:

*رۆژێك لەبەر چاوم وێنا دەکەم، کە کۆپییەك، بە گەورەیی پەیکەرە رەسەنەکە و بەردەوامتر، لە گۆڕەپانی تیان ئان مێن دا، دروست بکرێت و ناوی ئەو کەسانە لە لەوحێکی زێڕین دا، لە ژێرەوە دا، نووسراین، کە بوونە قوربانی. رەنگە دوای ئەوەی کە گۆڕەکەی ماو، بە نۆرەی خۆی، لەبەر چاوکەوت، ئەم پەیکەرە لە وێدا ساز بکرێت.* (۷۸)

دواتر هەر لە هەمان رۆژدا، رۆژنامەی ئازادیبەخش، ئۆرگانی سوپا، سەرکەوتنی گەورەی سوپای ئازادیبەخشی گەلی بەسەر (شۆڕشێکی دژە شۆڕش) دا، ستایش کرد.

## مرۆڤ لە بەرامبەر زرێپۆشدا

یەکێك لە سیحراویترین دیمەنەکانی دلێریی خۆپیشاندەرەکانی لایەنگری دیموکراسی، کاتێك رووی دا، کە زنجیرەیەك زرێپۆش بە دوای یەکدا، هاتنە ناو شەقامی (شان گان) ەوە. شتی جێی سەرسووڕمان ئەوەبوو، کە کرێکارێك لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەستا، تا رێیان لێ بگرێت.





**وێنەی ناڕازییەکی وون ناو، کە بۆ ماوەیەك پێش بە پێشڕەوی ستونێکی زرێپۆش دەگرێت و لەڕوانگەی زۆرکەسەوە، رەمزی زیرەکییەکی قارەمانانەیە، کە کەسانێك نواندیان کە لە خۆپێشاندانەکانی لایەنگری لە دیمۆکراسی، بەشداربوون.**

بەسەر لێخوڕی زرێپۆشەکەدا هاواری کرد: ((لێرە چ دەکەن؟ بێجگە لە مسیبەت دروستکردن، چ کارێکتان کردووە؟ ئێوە شارەکەمانتان، ئاڵۆز کردووە.۸۰)). بۆماوەیەك ئەم کرێکارە، خۆی راگرت. دنیا بەسەرسووڕمان و ترسەوە، شاهێدی ئەم دیمە نەبوو. ئەم پیاوە ئازا و ئارمانجگەرایە، یا لە ژێر زرێپۆشەکاندا، پان دەبووەوە، یا دەیتوانی پێش بەم کوشتارە بگرێت. ئەو چووە سەر زرێپۆشی یەکەم و لەگەڵ سەربازەکاندا دەستیدایە گفتوگۆ، بەڵام دواتر سەربازەکان یەخەیان گرت و بەزۆری خستیانە خوارەوە. زرێپۆشەکان درێژەیان بەڕێی خۆیان دا و سەرکوت درێژی کێشا. بەڵام ئەم ناڕازییە ون ناوە، رەمزێکی بەهێزی لە وەستانی ئازایانەی تاکەکەسی، لە بەرامبەر هێزی دڕندەخۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆردا، بەجیهان نیشاندا.

## چین دوای تیان ئان مێن

دوای کوشتاری گۆڕەپانی تیان ئان مێن، جیهـان کۆمـاری گـەلی چـین و دێـنگ شـیاۆ پێنگی، لە گۆشەیەکی ترەوە، دیتن. دێنگ ئیتر بە کەسێکی چاکسازیخواز دانەدەنرا، بەڵکو بـە پیرەمێردێکی ماندوو دادەنرا، کە ئامادەبوو دەسـت بداتـە هـەر کارێـك تـا دیکتاتۆرییەکـەی بپارێزێ. جیهان لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا ڕووبەڕوو ببووەوە، کە هەرچەندە چین ڕێگایـەکی درێـژی بڕیوە و ڕۆژە تاریکەکانی (بازدانی مەزن بەرەو پێشەوە) و (شۆڕشی کولتووری ) تێپەڕانـدوون، بەڵام هێشتا، بابەتگەلێکی زۆری بۆ نیگەرانی هەن.

سەرەڕای لابردنی زاۆزیانگ لە ۱۹۸۹ دا و سەرکەوتنی باڵی توندڕەوی لایـەنگری دێـنگ شیاۆپینگ، هیچ کەس بە دڵنیاییەوە نەیدەزانی کە حیزب لە ئایندەدا، چ ئاڕاستەیەك وەپـێش دەگرێت. زۆر کەس وایان وێنا دەکرد، کە سەرۆك وەزیری ناخۆشەویست، لی پینگ ـ ڕێبـەرێك کە بە زۆری بە بەرپرسیاری کارەساتی گۆڕەپانی (تیان ئان مێن) یان دادەنا ـ بـۆ دەورەی دووەم هەڵنابژێرێتەوە، بەڵام سەرەڕای دەنگی یازدە لە سەدی کۆنگرەی میللی گـەل بـەدژی ئـەو، لـە ئازاری ۱۹۹۳ دا، سەرلەنوێ هەڵبژێرایەوە.

لـەم نێـوەدا، ڕکەبەرەکـەی، جیـان زێمـین، بەهێمنییـەوە بەرەبـەرە دەسـەڵاتێکی زیـاتری بەدەستهێنا. زانیارییەکی ئەوتۆ لە بارەی (جیان زێمین) ەوە، لەبەردەستدا نییە، بێجگە لـەوەی کە دەتوانێ بەڕووسی، ئینگلیزی و ڕۆمانیایی قسە بکات. جیـان لـە ئـازاری ۱۹۹۳ دا، بـۆ سەرۆك کۆماری گەل هەڵبژێرا و بێجگە لە ماو، یەکەمین کەسێك بوو، کە هاوکـات هـەم ئـەم پلەیە و هەم پۆستی ڕێبەریی حیزبیشی هەبوون.

ڕێبەرگەلێکی وەك، چون لی پێنگ و جیان زێمـین، تاکـەی دەتـوانن دەسـەڵاتی خۆیـان بەسەر، پڕحەشیمەتترین وڵاتی دنیادا بپارێزن؟ خەڵکی چین بەشێوەیەکی بەربڵاو تینوی ئاڵوگۆڕ و ئازادین. ئەزموونی یەکیەتی سۆڤیەت و وڵاتەکانی ئەورووپای ڕۆژهـەڵاتی، نیـشان دەدەن کـە کۆمۆنیزم سیستەمێکە، دەتوانێ ڕێگە بۆ دیموکراسی بکاتەوە. ئەوەی کـە ئایـا چـین دەتوانـێ بەشێوەیەکی ئاشتیانە و لەماوەیەکی تاڕادەیەك کورتدا، بەرەو ئازادی سیاسـی تـەواو بـچێت، ئاشکرا نییە. لە مێژووی کورتی کۆمـاری گـەلی چـین دا، ئاڵوگۆڕگـەلێکی سەرسـووڕهێنەری ئەوتۆ روویان داوە، کە بەهیچ جۆرێك قسەی بێ‌مانا نییە ئەگـەر بڵـێین، هـەر شـتێك دەشـێت ڕووبدات.

# پەراوێزەکان

## بەشی یەکەم: ڕۆژهەڵات سوورە

1. Ross Terrill, *Mao: A Biography.* New York: Harper & Row, 1980, p. 55.
2. Quoted in Li Zhisui, with Anne F. Thurston, *The Private Life of Chairman Mao.* New York: Random House, 1994, p. 116.
3. Quoted in Dick Wilson, ed., *Mao TseTung in the Scales of History.* London: Cambridge University Press, 1977, p. 40.
4. John Byron and Robert Pack, *The Claws of the Dragon: Kang Sheng: The Evil Genius Behind Mao_and His Legacy of Terror in People's China.* New York: Simon & Schuster, 1992, p. 63.
5. Quoted in Byron and Pack, *The Claws of the Dragon,* p. 65.
6. Quoted in *Merriam Webster's Dictionary of Quotations.* Infopedia CD-ROM, Futurevision Multimedia, 1994.
7. Terrill, *Mao,* p. 99.
8. Quoted in Byron and Pack, *The Claws of the Dragon,* p. 225.
9. Quoted in Uli Franz, *Deng Xiaoping.* Boston: Harcourt Brace Jovanovich, 1988, p. 152.
10. Quoted in Zhisui, *The Private Life of Chairman Mao,* p. 304.

## بەشی دووەم: کەلێن لەنێو ڕێبەریی چین دا

11. Zhisui, *The Private Life of Chairman Mao,* p. 297.
12. Quoted in Zhisui, *The Private Life of Chairman Mao,* p. 379.
13. Byron and Pack, *The Claws of the Dragon,* p. 189.
14. Byron and Pack, *The Claws of the Dragon,* p. 20.
15. Quoted in Ross Terrill, *The White-Boned Demon: A Biography of Madame Mao Zedong.* New York: Touchstone, 1992, p. 136.
16. Terrill, *The White-Boned Demon,* p. 153.
17. Quoted in Martin Ebon, *Lin Piao: The Life and Writings of China's New Ruler.* New York: Stein & Day, 1970, p. 27.
18. Ebon, *Lin Piao,* p. 40.



19. Quoted in Ching Hua Lee, *Deng Xiaoping: The Marxist Road to the Forbidden City.* Princeton: Kingston Press, 1985, p. 115.
20. Quoted in Terrill, *Mao*, p. 269.

## بەشی سێیەم: دەستپێکی شۆڕشی کولتووری

21. Quoted in Han Suyin, *Wind in the Tower: Mao Tsetung and the Chinese Revolution 1949-1975.* Boston: Little, Brown, 1976, p. 266.
22. Quoted in Anne F. Thurston, *Enemies of the People.* New York: Knopf, 1987, p. 89.
23. *Merriam Webster's Dictionary of Quotations.* Infopedia CD-ROM, Futurevision Multimedia, 1994.
24. Byron and Pack, and *The Claws of the Dragon,* p. 286.
25. Byron and Pack, *The Claws of the Dragon,* p. 299.
26. Quoted in Stanley Karnow, *Mao and China: From Revolution to Revolution.* New York: Viking, 1972, p. 230.
27. Quoted in Byron and Pack, *The Claws of the Dragon,* p. 344.
28. Quoted in Karnow, *Mao and China,* p. 230.
29. Franz, *Deng Xiaoping,* p. 184.
30. Thurston, *Enemies of the People,* p. 152.
31. Paul Johnson, *Modern Times: The World from the Twenties to the Eighties.* New York: Harper Colophon Books, 1983, p. 553.
32. Quoted in Terrill, *The White-Boned Demon,* p. 249.
33. Quoted in Terrill, *The White-Boned Demon,* p. 250.
34. Quoted in Terrill, *The White-Boned Demon,* p. 256.

## بەشی چوارەم: گاردە سوورەکان، تیرۆری سوور

35. Quoted in Committee of Concerned Asian Scholars, *China! Inside the People's Republic.* New York: Bantam Books, 1972, p. 78.
36. Asia Research Centre, *The Great Cultural Revolution in China.* Rutland, VT: Charles E. Tuttle, 1968, p. 447.
37. Quoted in Hong Yung Lee, *The Politics of the Chinese Cultural Revolution: A Case Study.* Berkeley: University of California Press, 1978, p. 86.
38. Adrian Hsia, *The Chinese Cultural Revolution.* New York: McGraw-Hill, 1972, p. 160.
39. Quoted in Nien Cheng, *Life and Death in Shanghai.* New York: Grove Press, 1986, p. 67.
40. Quoted in Feng Jicai, *Voices from the Whirlwind: An Oral History of the Chinese Cultural Revolution,* New York: Pantheon, 1991, p. 52.
41. Lee, *The Politics of the Chinese Cultural Revolution,* p. 91.

42. Quoted in Asia Research Centre, *The Great Cultural Revolution in China,* p. 448.


### بەشی پێنجەم: سەردەم هەڵدەگەڕێتەوە


43. Terrill, *Mao,* p. 326.
44. Lee, *The Politics of the Chinese Cultural Revolution,* p. 249.
45. Quoted in Terrill, *Mao,* p. 327.
46. Quoted in Karnow, *Mao and China,* p. 441.
47. Quoted in Terrill, *Mao,* p. 329.
48. Quoted in Terrill, *Mao,* p. 329.
49. Zhisui, *The Privated Life of Chairman Mao,* p. 514.
50. Quoted in Jicai, *Voices from the Whirlwind,* p. 95.
51. Quoted in Jicai, *Voices from the Whirlwind,* p. 94.
52. Zhisui, *The Private Life of Chairman Mao,* p. 513.
53. Quoted in Craig Dietrich, *People's China: A Brief History.* New York: Oxford University Press, 1986, p. 212.


### بەشی شەشەم: مردنی لین پیاو


54. Terrill, *The White-Boned Demon,* p. 304.
55. Quoted in Dietrich, *People's China,* p. 210.
56. Quoted in Yao Ming-Le, *The Conspiracy and Murder of Mao's Heir.* London: Collins, 1983, p. 68.
57. Quoted in Zhisui, *The Private Life of Chairman Mao,* p. 534.
58. Quoted in Byron and Pack, *The Claws of the Dragon,* p. 388.
59. Karnow, *Mao and China,* p. 467.
60. Quoted in Karnow, *Mao and China,* p. 346.
61. Quoted in Ming-Le, *The Conspiracy and Murder of Mao's Heir,* p. 127.
62. Quoted in Ming-Le, *The Conspiracy and Murder of Mao's Heir,* p. 66.
63. Quoted in Zhisui, *The Private Life of Chairman Mao,* p. 537.
64. Quoted in Karnow, *Mao and China,* p. 349.


### بەشی حەفتەم: چین، دوای شۆڕشی کولتووری


65. Quoted in Terrill, *The White-Boned Demon,* p. 367.
66. Dietrich, *People's China,* p. 213.
67. Quoted in Franz, *Deng Xiaoping,* p. 252.
68. Zhisui, *The Private Life of Chairman Mao,* p. 8.
69. Byron and Pack, *The Claws of the Dragon,* p. 414.





70. Quoted in Terrill, *The White-Boned Demon,* p. 372.
71. Quoted in Franz, *Deng Xiaoping,* p. 256.
72. Richard Evans, *Deng Xiaoping and the Making of Modern China.* New York: Viking, 1993, p. 226.
73. Quoted in Franz, *Deng Xiaoping,* p. 261.
74. Quoted in Human Rights in China, *Children of the Dragon: The Story of Tiananmen Square*. New York: Collier Books, 1990, p. 12.
75. Quoted in William R. Doerner, "Come Out! Come Out!: Mourning for a Fallen Leader Erupts into Defiant Demands for Political Change," *Time,* May 1, 1989, p. 44.
76. Harrison E. Salisbury, *Tiananmen Diary: Thirteen Days in June.* Boston: Little, Brown, 1989, p. 69.
77. Salisbury, *Tiananmen Diary,* p. 171.
78. Human Rights in China, *Children of the Dragon,* p. 179.
79. Quoted in Jesse Birnbaum and Howard G. Chua-Eoan, "Despair and Death in a Beijing Square," *Time,* June 12, 1989, p. 24.
80. Quoted in Strobe Talbott, "Defiance," *Time,* June 19, 1989, p. 10.

## بۆ زانیاری زیاتر


Wendy Lubetkin, *Deng Xiaoping.* New York: Chelsea House, 1988.

ژیاننامەی وێنەدار و سەرنجڕاکێشی دێنگ شیاوپینگ.

Albert Marrin, *Mao Tse-tung and His China.* New York: Viking Kestral, 1989.

ژیاننامەی زۆر بەسوودی (ماو)ە کە جەخت لەسەر کارنامەی سەرەتایی ئەو دەکات بەڵام بەشێکی پرشنگداری سەبارەت بە ئاژاوە و دڕەندەیی شۆڕشی کولتووری هەیە.

Valjean McLenighan, *People's Republic of China.* Chicago: Childrens Press, 1984.

تەنیا کورتە بەشێك لەبارەی شۆڕشی کولتووری لە خۆ دەگرێ، بەڵام خاوەن زانیاریگەلێکی پڕ بەهایە لەمەڕ ڕووداوەکانی پێش و دوای شۆڕش و هەروەها ژیانی لە چیندا. کتێبەکە هاوڕێیە لەگەڵ زۆر وێنەی ڕەنگاوڕەنگ.


یاداشتی دانەر: فیلمی خوارەوە بۆ وەدەستهێنانی دیدێکی قووڵتر سەبارەت بە کۆماری گەلی چینی و شۆڕشی کولتووری بەیاخە:

ژیان (١٩٩٤)ی ، بە بەشداریی جێ یوئو، گونگ لی، نیو بێن، گوئو تائو، جیان و ێئو، لە دەرهێنانی زانگ زیموئو. سەربردەیماڵباتێکی چینییە کە لە شەڕی ناوخۆ بازدانی گەورە بەرەوپێشەوە، و شۆڕشی کولتووری ڕزگاری دەبێت. فیلمێکی زۆر جوان خۆشە، بەڵام ڕەنگە سەیرترین بابەت لەمەڕ ئەم فلیمە کاردانەوەی دەوڵەتی ژیان( لەسەر زەنشتکردنی تانەئامێز و ئازاردەری ماویزم یا ڕژێمی کۆمۆنیستییەوە)چین بێت لەبارەیەوە. ئەگەرچی دوورە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانگ زیموئوی دەرهێنەر گونگ لیی خانمە ئەکتەری فلیمەکە دوای پەخشکردنی فلیمەکە بۆ ماوەی دوو ساڵ نەك تەنیا لە فیلمسازی، بەڵکو لە لێدوان لە بارەی ئەم فلیمە شەوە قەدەغە کران.



## بەرهەمە ژێدەرەکان


Asia Research Centre, *The Great Cultural Revolution in China.* Rutland, VT: Charles E. Tuttle, 1968.

کتێبێکی ژێدەرە لە بەڵگەنامە ڕەسەنەکانی شۆڕش کولتووری، ڕۆژژمێرێکی زۆر تێروسەلی ڕووداوەکان لە نۆڤەمبەری ١٩٦٥ تاکو ١٩٦٦ لە خۆدەگرێ.

Jesse Birnbaum and Howard G. Chua-Eoan, "Despair and Death in a Beijing Square," *Time,* June 12, 1989.
ڕاپۆرتێکی کورت و زیندووە لە قەتڵوعامی گۆڕەپانی تیان ئان مێن.

A. Dane Bowen, "China's Problems Exorcising Mao," *Foreign Service Journal,* June 1991.

تاوتێکردنێکی کورت و زۆر واقیعییە لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوەی دێنگ شیاوپینگ بەبابەتی ناوبانگ ئابڕۆ و ئیعتوباری ماو.

Fox Butterfield, *China: Alive in the Bitter Sea.* New York: Times Books, 1982.

ڕوونکردنەوەی کورتی وڵاتی چینە لە نووسینی یەکەمین بەڕێوەبەری نووسینگەی نیۆیۆرك تایمز لە پەککین.

John Byron and Robert Pack, *The Claws of the Dragon: Kang Sheng: The Evil Genius Behind Mao-and His Legacy of Terror in People's China.* New York: Simon & Schuster, 1992.

ژیاننامەیەکی بەڕاستی نایابە لە یەکێك لە بەرزترین موریدەکانی و چاوخشاندێکی ڕاچڵەکێنەرە بەو لادا کە کۆماری گەلی چین لەڕاستیدا ئیدارە دەکرا.

Ching Hua Lee, *Deng Xiaoping: The Marxist Road to the Forbidden City.* Princeton: Kingston Press, 1985.

ژیاننامەیەکی تارادەیەك ئەکادیمیی دێنگ شیاوپینگە.

Committee of Concerned Asian Scholars, *China! Inside the People's Republic.* New York: Bantam Books, 1972.

لە خۆگری بەشێکە لەبارەی شۆڕشی کولتووری، کە بەسەرنجدان لەوەی ئەمڕۆ دەزانین ئێستا بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر کرچ و کاڵ دێتە پێش چاو.

Craig Dietrich, *People's China: A Brief History.* New York: Oxford University Press, 1986.

مێژوویەکی گشتی کۆماری گەلی چینییە نووسینێکی زۆر باشە.

William R. Doerner, "Come Out! Come Out!: Mourning for a Fallen Leader Erupts into Defiant Demands for Political Change," *Time,* May 1, 1989.
چاوپێداخشاندنەوەی هێزکان  و ئەو ڕووداوانە یە کە خۆپیشاندانی  ١٩٨٩ی گۆڕەپانی تیان ئان مێنی لێکەوتەوە.

Martin Ebon, *Lin Piao: The Life and Writings of China's New Ruler.* New York: Stein & Day, 1970.
ئەم کتێبە زیاتر دەپرژێتە سەر نووسین و و وتاردان و لێدانەکانی لین پیاو  تا وەك زانیاریگەلێك لەمەڕ ژیانییەوە.

Richard Evans, *Deng Xiaoping and the Making of Modern China.* New York: Viking, 1993.
ژیاننامەیەکی باشە دەربارەی دێنگ شیاوپینگ.

Feng Jicai, *Voices from the Whirlwind: An Oral History of the Chinese Cultural Revolution.* New York: Pantheon, 1991.
بەسەرهاتگەلێکی تراژێدی یەکەم کەس لەو کەسە زۆرانەی کە لە سەردەمی شۆڕشی کولتووریدا دەژیان.

Uli Franz, *Deng Xiaoping.* Boston: Harcourt Brace Jovanovich, 1988.
ژیاننامەیەکی تری باش لەبارەی دێنگ شیاوپینگ  کە بەر لە ڕووداوی گۆڕەپانی تیان ئان مێن نووسراوە.

Marilyn Greene, "Challenging China; Ex-Prisoner: Million in Labor Camps," *USA Today,* July 27, 1992.
ڕاپۆرتە هەواڵێك لەبارەی زیندانییەکی سیاسی پێشوو لە کۆماری گەلی چین.

Han Suyin, *The Wind in the Tower: Mao Tsetung and the Chinese Revolution 1949-1975.* Boston: Little, Brown, 1976.
چاودێرێکی کۆنی چینی ماوی ناسین خۆی لە حکوومەتی ئەو دەخاتەڕوو.

Hong Yung Lee, *The Politics of the Chinese Cultural Revolution: A Case Study*. Berkeley: University of Califorinia Press, 1978.
خوێندنەوەی زۆر پروفشیناڵ و ئەکادیمیی ئەرکە ناوخۆییەکانی تەشکیلاتی گاردی سوور.

Adrian Hsia, *The Chinese Cultural Revolution.* New York: McGraw-Hill, 1972.
خوێندنەوەی شۆڕشی کولتووری دیدێکی نارۆژئاواییەوە.

Human Rights in China, *Children of the Dragon: The Story of Tiananmen Square.* New York: Collier Books, 1990.
سەرنجدانێکی وێنەدارە لە خۆپیشاندانەکان و قەتڵوعامی گۆڕەپانی تیان ئان مێن، کە پیشتبەستووە بە زۆرێك لە ڕاپۆرتە نوێیەکانی ڕووداوەکانەوە.

Human Rights Watch World Report 1992, "Asia Watch: China and Tibet." *CNN Newsroom Global View CD-ROM*, Softkey, 1994.
پوختەی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەڵ و بایەخدارە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە چینی لەکاتی کارەساتی گۆڕەپانی تیان مێن بەدواوە.

Paul Johnson, *Modern Times: The World from the Twenties to the Eighties*. New York: Harper Colophon Books, 1983.
مێژوویەکی گشتی زۆر ڕێکنووسی سەدەی بیستەمە بە بەشگەلێکی کورتەوە لە بارەی کۆماری گەلی چین و شۆڕشی کولتووری.



Stanley Karnow, *Mao and China: From Revolution to Revolution.* New York: Viking, 1972.
ئەم کتێبە زێتر ل ژیاننامەی ناو هەڵدەگرێ و سەربردەی جێی سەرنجی کەسانێکی زۆر لەرەوتی شۆڕشی کولتووریدا لە خۆدەگرێت.

Michael Y. M. Kau, *The Lin Piao Affair: Power Politics and Military Coup.* White Plains, NY: International Arts and Sciences Press, 1975.
تاتوتێکردنی ڕووخانی لین پیاو .

Li Zhisui, with Anne F. Thurston, *The Private Life of Chairman Mao.* New York: Random House, 1994.
پێدەچێ ناوەوەیی و دەروونترین چاوخشاندنی هەنوکەیی بێت لەبارەی کارکرد و ئەرکی ئەڵقەی ناوەوەی ماو. زۆر سەرنجڕاکێش و خۆشە.

Liang Heng and Judith Shapiro, *After the Nightmare: Inside China Today.* New York: Collier Books, 1987.
چیرۆکی گەڕانەوەی گاردێکی سووری پێشووە بۆ کۆماری گەلی چین.

_____, *Son of the Revolution.* New York: Knopf, 1983.
یادەوەرییەکانی یەکێك لە بەجێماوانی شۆڕشی کلتوورییە، کە لە دوازە ساڵیدا گەیشتەوە کاردە سوورەکان و بەشداریی خۆی لە شۆڕشی کولتووریدا دەست پێکرد.

Nien Cheng, *Life and Death in Shanghai.* New York: Grove Press, 1986.
یادەوەرییەکانی بەجێماوێکی چینی ناوەند لە شۆڕشی‌کولتووری. لە گۆشەنیگای ئافرەتێکی چینییەوە بەیان کراوە کە بەر لە  ١٩٤٩  ساڵانێکی زۆر لە ڕۆژئاوادا ژیابوو.

"Nixon's Final Words," *Time,* May 2, 1994.
دواین هزرەکانی نیکسۆن لەبارەی ئەم قەتلوعامەوە کە لە ناوخۆی چیندا نووسراوە.

Harrison E. Salisbury, *Tiananmen Diary: Thirteen Days in June.* Boston: Little, Brown, 1989.
یاداشتەکانی ڕێپۆرتەرێکی کۆن دەربارەی ئەم قەتلوعامەوە کە لە ناوخۆی چیندا نووسراوە.

Strobe Talbott, "Defiance," *Time,* June 19, 1989.
چاوخشاندنێکە بە سەرکوتکردنی گۆڕەپانی تیان ئان و مێن لە ژوئەنی  ١٩٨٩  دا.

Ross Terrill, *Mao: A Biography.* New York: Harper & Row, 1980.
یەکێك لە باوترین ژیاننامەکانی ماو. وێڕای ئەوەی بەر لە بەدەستگەیشتن زۆر لە زانیارییە نوێیەکانەوە نووسراوە، بەڵام هێشتا بەباشی شوێنگەی پاراستووە.

______, *The White-Boned Demon: A Biography of Madame Mao zedong*. New York: Touchstone, 1992.
ژیاننامەیەکی زۆر خۆشی جیان چینگە کە تۆڕێکی پیلانگێڕی کە ماو و ڕێبەرایەتی چینی دەورە دابوو ئاشکرا دەکات.

Anne F. Thurston, *Enemies of the People*. New York: Knopf, 1987.
بەسەرهاتی شەخسیی ئەو کەسانەی کە لە چاودێریی و بەدوادا گەڕان و ئازاردان لە ڕەوتی شۆڕشی‌کولتووری چیندا ڕزگاریان بوو.

*Time,* "Deng Xiaoping Leads a Far - Reaching, Audacious but Risky Second Revolution," January 6, 1986.

ژیاننامەی پوخت و جێی سەرنجی دێنگە، کە (تایم) بە پیاوی ساڵ ناوزەدی کرد. بەر لە دامرکاندنەوەی بزاڤی دیموکراسیخوازی نووسراوە.

Maslyn Williams, *The East Is Red: The View Inside China.* New York: William Morrow, 1967.

تێڕوانینێکی زۆر لایەنگرانەیە بۆ ماویزم، کە لە گۆشەنیگای دەیەی ١٩٦٠ دوە نووسراوە.

Dick Wilson, ed., *Mao Tse-Tung in the Scales of History.* London: Cambridge University Press, 1977.

هەڵسەنگاندن و تاتوێکردنێکی تاڕادەیەك جاڕزکەری )ماو(ە، کە لە لایەنەکانی ڕێبەرایەتییەکەی دەکۆڵێتەوە، نە ژیاننامەیەکی کاتبەندکراوە.

Yao Ming-Le, *The Conspiracy and Murder of Mao's Heir.* London: Collins, 1983.

ڕوونکردنەوەی سەربردەی لین پیاووە کە لە دیدگەی ئەوەوە بەیان کراوە.

Zi-Ping Luo, *A Generation Lost: China Under the Cultural Revolution.* New York: Henry Holt, 1990.

یادەوەرییە شەخسییەکانی بەجێماوێکی شۆڕشی کولتوورییە.